# کۆمەڵناسی راگەیاندن

# کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

## ڕوانینێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئاینده

**د. حەمید جاعد الدلیمی**

**وەرگێڕانی**

**محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری**

MUKIRYANI
ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

**هەولێر - ٢٠١١**



**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن (ڕوانینێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئاینده)**
- **نووسینی:** د. حەمید جاعد الدلیمی
- **وەرگێڕانی:** محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری
- **نەخشەسازی ناوەوە: ڕێدار جەعفەر**
- **بەرگ:** حەمیدە یوسفی
- **ژمارەی سپاردن:** (٤٥١) لەساڵی ٢٠١١
- **نرخ:** (٢٥٠٠) دینار
- **چاپی یەکەم:** ٢٠١١
- **تیراژ:** ٥٠٠ دانە
- **چاپخانە:** چاپخانەی ڕۆژهەڵات (هەولێر)

**زنجیرەی کتێب (٥٦١)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

**ماڵپەڕ:** www.mukiryani.com
**ئیمەیل:** info@mukiryani.com

# ناوەڕۆك


پێشەکی ........................................ ٧

بەشی یەکەم: دیاردەی کۆمەڵایەتی ........................................ ١١

بەشی دووەم: دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی میدیایی ........................................ ٢٩

بەشی سێیەم: کۆمەڵناسیی راگەیاندن ........................................ ٤٧

بەشی چوارەم: روانینە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گەیاندنی جەماوەری ........................................ ٦١

بەشی پێنجەم: کۆمەڵناسیی راگەیاندن و زانیاریی ........................................ ٧٥

بەشی شەشەم: کۆمەڵناسیی راگەیاندن و تەکنیکەکانی زانیاری ........................................ ٩٣

بەشی حەوتەم: راگەیاندن: روانینێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئایندە ........................................ ١٢٥

# راگەیاندن و کۆمەڵ

## پێشەکی:

مامەڵەکردن لەگەڵ راگەیاندن – گەیاندن، بەوپێیەی ئەڵقەی گەیاندنە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و گرووپ و دامەزراوەکانی، چیتر پێویست بە پاساو ناکات، بەڵکو بۆتە شتێکی ئاسایی و پێویستیی ژیانی رۆژانە، وای لێهاتووە پرۆسەکانی راگەیاندن تاڕادەیەك بوونەتە پرۆسەیەکی ئاسایی و لەخۆوە، بێ ئەوەی مانا و گرنگییە کۆمەڵایەتییەکەی رەچاو بکرێت. لەخۆوەی دیاریکراو پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز بەرجەستە دەکات و لەوە کورت نابێتەوە کە کێ بە کێ دەڵێ، بەڵکو دەربڕینێکە لەسەر ئاستی گەیاندنیی - میدیایی، هەروەها بەشێوەیەکی گشتی بریتییە لە ئامانجە مەبەستدارەکان لەو پرۆسەیەدا.

بەواتایەکیتر، کۆمەڵگەیەك یان چالاکییەکی کۆمەڵایەتی بەبێ بوونی پەیوەندییە گەیاندنییەکان زەحمەتە وێنا بکرێت، هەروەها گەشەکردنی بەها و پێوەر و ناوەرۆکە کلتوورییەکان بەبێ پەیوەندی نێوان تاك، گرووپ و دامەزراوە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان، ئەستەمە.

ئەو پەیوەندییانەی بەرێگەی ئەو زاراوە گەیاندنانە دەردەبڕدرێت، کە ناوەرۆکی گرنگ و جۆراوجۆری لەخۆگرتووە، دەکرێ لەرێگەیەوە ئەم چەشنانە بچەسپێنرێن:

١- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

٢- میکانیزمی رەفتاری کۆمەڵایەتی لەسەر هەردوو ئاستی تاك و کۆمەڵگە.



٣- کۆنترۆڵکردنی وێنابینییە کۆمەڵایەتییەکان.

٤- دیاریکردنی رۆڵی تاکەکان، دامەزراوەکان، ئینجا کۆنترۆڵکردنی سەرجەم چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، لەپێشەوەیان شێوەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

لەوانەیە زیادەڕۆیی نەکەین ئەگەر وای دابنێین، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەبێ کردەی میدیایی – گەیاندنیی تووشی شڵەژان و پەشێوی دەبێ. بایەخی ئەرکەکانی راگەیاندن و کاریگەرییەکانی بە پەسەندکردن یان رەتکردنەوەی چیتر جێی مشتومڕ نییە، بەڵکو بەڵگەنەویستە کە چوارچێوە کۆمەڵایەتی و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دەیسەپێنن. راگەیاندن لە خولقاندنی پێکهاتەیەکی نوێی کۆمەڵایەتی و، شێوازە رەفتارییە شارستانییەکان و، پەرەپێدانی خواستی تاك و کۆمەڵەکان و، فێربوونی شارەزایی تازە بەشدارە، هەروەها بۆتە بەهێزترین هۆکار کە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکات، بەوپێیەی بۆ ئاڵوگۆڕکردنی را و زانیاری و بیرە تازەکان، تاڕادەیەك ئامرازێکی سەرەکییە.

ئەگەر شۆڕشی یەکەمی میدیایی کە ئەوکات جیهانی سەرسام کرد، مێژووی مرۆڤایەتی هەزاران ساڵ کورت کردبێتەوە، ئەوا دەرەنجامە سەرەتاییەکانی شۆڕشی ئێستای گەیاندن، وەرچەرخانێکی ریشەیی لە ژینگە و نیوەندی میدیایی هێناوە ئاراوە. ئەوەی ئەمڕۆ روودەدات پەرەپێدانی ئەو ئامرازانەی راگەیاندن نییە کە پێشتر ناسیومانە وەك رۆژنامە و ئێزگەی بیستراو و بینراو، بەڵکو پەیدابوونی شێوازگەلی نوێیە لەو گەیاندنانەی کە مرۆڤ یان سیستەمی کۆمەڵایەتی پێشتر نەیناسیوە. ئامرازەکانی گەیاندنی شۆڕشی پیشەسازی بە بەراورد لەگەڵ وەرچەرخانەکان لە تەکنیکی نوێی میدیایی، بە ئامرازگەلی سەرەتایی و لەوانەیە جیاواز لە لۆژیکی گەیاندن بەگشتی و راگەیاندن بەتایبەتی دێنە بەرچاو.

دەرەنجامە سەرەتاییەکانی شۆڕشی میدیایی، کە لە مانگە دەستکردەکان و تۆڕەکانی زانیاری ئینتەرنێت و، وێب web و، سیستەمی ئامرازە گشتگرەکانی

راگەیاندن Multimedia و، ئامێرە بینینە کارلێکییەکان خۆی دەبینێتەوە، لە خولقاندن و بەرهەمهێنانی نێوەند و ژینگەیەکی گەیاندنی وا یارمەتیدەر دەبێ ، کە رەهەندی نوێ و بێ وێنەی کۆمەڵایەتی و کلتووری هەبێ. لەبەرئەوە نموونە و تیۆرەکانی پێشووی گەیاندن، توانای شیکردنەوە و تێگەیشتنی دیاردەی میدیایی - گەیاندنیی و لۆژیك و رەفتارەکەی نییە، بە پێوەر و کەرەستەی وەها کە بۆ پێوانی ئامانجە پێشبینیکراوەکان لەسەر ئاستە تەکنیکی و مەعریفییەکان و، بونیاتی کۆمەڵایەتی و کلتووری گونجاو نییە.

لەبەرئەمە کۆمەڵناسیی راگەیاندن دەرکەوت و، بووە جێی بایەخی دامەزراوە ئەکادیمی و راگەیاندنییەکان و، خاوەن بڕیار و کارمەندانی بواری کلتووری و، چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیتر.

کۆمەڵناسیی راگەیاندن دەرفەتێکی فراوان دەڕەخسێنێ بۆ لێکۆڵینەوەی ژمارەیەك لەو کێشانەی کە پەیوەستە بە شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی بۆ بینین و، بینەران و، پرۆسەکانی راگەیاندن و گەیاندن و، سیستەمەکانی گەیاندن و، ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکان و، مەودای کاریگەری راگەیاندن بەتایبەتی و گەیاندن بەگشتی و، پێشبینییەکانی دیاردەی گەیاندن لەسەر ئاستی تاك و، ئاستی رێکخستنیی بۆ گەیاندنی کۆمەڵایەتی، بۆئەوەی ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە و ئاڵۆز دەستەبەر دەکات.

ئەم کتێبە (کۆمەڵناسیی راگەیاندن) حەوت بەش لەخۆدەگرێت. بەشی یەکەم باس لە دیاردەی کۆمەڵایەتی، چەمك و تایبەتمەندی و گەشەسەندنەکەی دەکات. لە بەشی دووەمدا باسمان لە پەیوەندی نێوان دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی میدیایی کردووە، لەپاشان دیاردەی کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنەکەیمان خستۆتەڕوو. لەبەشی سێیەمدا هەوڵمانداوە پێشکەوتنی کۆمەڵناسی راگەیاندن بخەینەڕوو. بەڵام بەشی چوارەم، تایبەت کراوە بۆ خستنەڕووی دیارترین ئەو روانینە کۆمەڵایەتییانەی کە باس لە گەیاندنی جەماوەری و چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیدا کراوە. پاشان چووینەتە سەر



باسی پەیوەندی نێوان کۆمەڵناسیی راگەیاندن و زانیاری. بەڵام لە بەشی شەشەمدا لێکۆڵینەوەی گەشەسەندنی تەکنیکە زانیارییەکان و، پەیوەندی بە کۆمەڵناسی راگەیاندنەوە تاوتوێ کراوە. بەشی حەوتەمیش، باس لە راگەیاندن لە چوارچێوەی روانینێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئایندە کراوە.

**نووسەر**

# بەشی یەکەم

## دیاردەی کۆمەڵایەتی

### ١/١: دەروازەی دیاردەی کۆمەڵایەتی:

بێگومان ئیبن خەلدون لە گەڵاڵەکردنی بنەماکانی کۆمەڵناسی و ڕێبازەکەیدا بەشدارێکی گرنگ بووە. بەتایبەتی ئەو بەشدارییەی کە پرەنسیپی ناچاریی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی چەسپاند، واتە ڕووداوکان بەئارەزووی کەسەکان یان بە ڕێکەوت نییە، بەڵکو لە ئەنجامی هۆکار و یاساگەلی چەسپاوە، کە پێویستە توێژەری کۆمەڵایەتی ئاشکرای بکات. هەروەها ئاماژەی بە پرەنسیپی پەیوەندی نێوان دیاردە کۆمەڵایەتییەکان کرد. بەمانایەکیتر، ئیبن خەلدون یەکێتی کۆمەڵگە و تەواوکارییەکەی و، کاریگەری دیاردە جیاوازەکان لەسەر یەکتر دووپات دەکاتەوە.

ئۆگست کۆنت لەسەر هەمان ئاراستەی ئیبن خەلدون لە پەیوەندی نێوان لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و تاوتوێکردنی دەرەنجامەکاندا ڕۆیشت و، بەدوای مانابەخشین بۆ ڕووداوەکان و توانای ملکەچبوونی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یاسا گشتییەکان کەوت، بەوپێیەی خودی دیاردەکان بۆ ئەو یاسایانە بابەتن، بەپێی لۆژیکی میتۆدی دانانی (الوچعی). هەروەها سەرچاوەکانی ئەو زانیارییە دانانییەی لە (تێبینیکردن، تاقیکردنەوە، بەراوردکردن و میتۆدی مێژوویی بۆ توێژینەوە)دا دیاری کرد.



لەدوای کۆنت، کە چەندین ئاراستە لەبواری کۆمەڵناسیدا، لەسەر دەستی ماکس ڤیبەر، هربرت سبنسر، کارل مارکس و دۆرکایم ... هتد گەڵاڵەبوو. بەڵام دەکرێ بڵێین نیمچە ڕێککەوتنێك لەنێوان زاناياندا هەیە بۆ بابەتی کۆمەڵناسیی و چوارچێوە گشتییەکەی، کە لە لێکۆڵینەوەکانی دیاردە کۆمەڵایەتی و، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و، شێوازەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتار و، سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکرێ. هەروەها سەرجەم ئەو چەمکانەی کە لە نووسینی زانایان لەبارەی کۆمەڵناسیی دیاری کراون، گرنگییەکی تایبەتی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکە سۆسیۆلۆژییەکانیان داوە. لە پێناسەیەکی ئیبن خەلدوندا هاتووە کە "ئەو زانستەیە کە لەسەر بنەمای شرۆڤەکردن، لەگەڵ هۆ هێنانەوە بۆ ڕووداوەکان (دیاردەکان) پێشکەش دەکرێ" و، ناوی (زانستی تەلارسازی) لێنا. بەڵام دۆرکایم وای ناساند کە "زانستی لێکۆڵینەوەکانی کۆمەڵگەیە"، بەوپێیەی یەکەگەلی گرنگن بۆ شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی و، لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر و، لە پەیوەندییەکەی لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی کە تیایدا گەشەی سەند، کە دیاردەکە بە دەربڕی ئەو دادەنرێ.

بەڵام دیاردە چییە و، دیاردەی کۆمەڵایەتی چی دەگەیەنێت؟ دیاردەکان بۆ دیاردەی نا مرۆڤایەتی و دیاردەی مرۆڤایەتی دابەش دەکرێن. یەکەمیان، بریتییە لە دیاردە فیزیکییەکان وەك قەبارە، چڕی، قورسایی، واتە ئەو دیاردانەی کە پەیوەستە بە جیهانی ماددی. هەروەها دیاردەی کیمیایی، ئەوانەی بە شێوازی کارلێککردنەکان پەیوەستن کە لەنێوان توخمەکاندا هەیە، ئەگەر لە بارودۆخی تایبەتدا لەگەڵ یەکتر تێکەڵ کران.

هەروەها دیاردەی گەردوونی، ئەوەی بە جموجوڵی ئەستێرەکان و زەوی و خۆر و مانگ و، ئەوانەی کە لە پێکهاتەی بۆشایی دەرەوەدان، پەیوەستە. دیارترین ئەو شتانەی کە ئەم دیاردانە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە بە جیهانی ماددی تایبەتمەندە و بە

مرۆڤەوە پەیوەست نییە، هەروەها گشتییە نەك تایبەتی، سەرەڕای ئەمەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر ناگۆڕێ.

بەڵام دیاردە مرۆییەکان، ئەمانە لەخۆدەگرێ: دیاردە فسیۆلۆجییەکان وەك کۆمەڵگە، ڕەنگ، خواردن، خواردنەوە، هەرسکردن، وەچەخستنەوە، گەشە، ... هتد. دیاردە دەروونییەکانیش تایبەتن بە مرۆڤ بەوپێیەی بوونەوەرێکی بیرکەرەوە و زیندووە. لە پرۆسەکانی بیرکردنەوە و دەرککردن، وەك پێکەنین، گریان، برسێتی، ئازار. هەروەها مۆرکی تاکێتی هەیە چونکە تاکەکان بەجیا ڕای دەپەڕێنن. ئەم جۆرە کارە تاکێتیانەش لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ یەکێکیتر جیاوازن و، سەرچاوەکەی تاك دەبێ نەك کۆمەڵگە. بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ئەو دیاردانەن کە ئەو شێوازەمان بۆ وێنا و شرۆڤە دەکەن کە هەموویەکی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر هەڵوێستێکی بابەتی لە جیهاندا بیری لێ دەکاتەوە و، بەهۆیەوە تاك هەست دەکات کە کیانەکەی لەسەر بنەمای هاوژیانی لەگەڵ تاکەکانیتری کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو، لە شوێن و کات ڕادەوەستێ.

ناکۆکییەکی گەورە لەنێو زانایان پەیدابوو، سەبارەت بە لێکدانەوەی دیاردەکان و دیاریکردنی سەرچاوەکەی، پێش ئەوەی دۆرکایم یەکلای بکاتەوە، لە زۆرترین ئەو بیرە باوانەی لەبارەی دیاردەکەوە هەن، ئەو بیرانەن کە (تارد) بانگەشەی بۆ کرد و، لەسەر گەڕانەوەی دیاردەکە بۆ هۆکاری دەروونی - سایکۆلۆژی سوور بوو. تیۆری (تارد) پشت بە وتەی (تاك، تاکە ڕاستییە و، ئەگەر تاکمان پشتگوێ خست ئەوا ناتوانین هەموو شتێکی کۆمەڵایەتی لێك بدەینەوە. ئێمە ناتوانین هیچ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی شرۆڤە بکەین، ئەگەر ڕوانینی سایکۆلۆژی (دەروونی) واتە شیکردنەوەی پرۆسەی عەقڵییە تاکێتییەکان پشتگوێ بخەین). بەدەربڕینێکیتر، بە ڕوانینی ئەو، کۆمەڵگە و نێوەندی کۆمەڵایەتی و چالاکی کۆمەڵییی بۆ شتگەلی وەهمی و ڕووت دەگۆڕێن و، سەبارەت بە مێشکیش وەکو تراویلکە (سراب) دەبن، ئەگەر کەسێك لە ئێمە ویستی ڕاستییەکی بەرجەستەی بۆ دەربکەوێ، دەبینێ کە بە هیچ کۆتایی پێدێ.



بەپێی ئەم لۆژیکە، کۆمەڵناسیی سەبارەت بە تارد دەبێتە "تەنیا سایکۆلۆژییەك لەنێوان مێشکەکاندا، واتە لێکۆڵینەوەی پەیوەندی لەنێوان مێشکی تاکە جیاوازەکان". تارد بنەمای دروستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ کارلێککردنی دوو هۆکار دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان داهێنان و دووەمیان لێکچوونە. هۆکاری یەکەم نوێکردنەوە و پێشکەوتن بە کۆمەڵگە دەبەخشێ، بەڵام دووەمیان بەردەوامیی و تەرکیزکردن بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی دابین دەکات.

لە چوارچێوەی ئەم پەرتبوونە لە ڕایەکاندا، دۆرکایم بابەتی دیاردەی کۆمەڵایەتی یەکلا کردەوە کاتێك ڕایگەیاند "دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوونێکی واقیعی تایبەت بە خۆی هەیە". ئەستەمە، تەنانەت ناکرێ دیاردە کۆمەڵایەتی و دیاردە دەروونییەکان تێکەڵ بکرێن، چونکە ئەمەی دواینیان، واتە لە هەمان ڕەگەزەکە خۆیەتی. لەبەرئەمە هۆشیاری کۆمەڵیی لە هۆشیاری تاکێتی لە ئاراستەی هەڵوێستی بابەتی لە جیهاندا جیا دەبێتەوە. سەرەڕای جێبەجێکردنی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لەسەر دیاردە دەروونییەکان، ئەوا بە دیاردەگەلی بێ بوون دەمێننەوە تەنها لە عەقڵی مرۆڤدا نەبێ. بەڵام دیاردە کۆمەڵایەتییەکان سیماکانی دەرەوەی بە ئاسانی دەرکی پێدەکرێ. یاساکان لە لیست و یاسادانانەکان بەرجەستە دەبن، هەروەها شوێنەوارە مێژووییەکان لایەنی شارستانی دەردەخەن و، کارە هونەری و ئەدەبییەکان چێژی هونەری ڕەنگ دەدەنەوە، هەروەها ئامارە جیاوازەکان دیاردەکانی ژیانی ئابووری نیشان دەدەن.

تاك پێکدێ و بەرەو ژیانێکی مرۆییانە لەڕێگەی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەنگاو دەنێ، واتە ژیانی فیکری ڕۆحی، هەروەها تاك لەڕێگەی بوونی لە کۆمەڵگەوە زیرەکی پەیدا دەکات و ویژدانە ئاکارییەکەی پێك دەهێنێ. هێزی کۆمەڵگە لە کۆبوونەوەی تاکەکانی بە ڕوونی دەردەکەوێ، لە ئەنجامی ئەمەش ئەوەی ناودەبرێ بە ویژدانی کۆمەڵیی پەیدا دەبێ، کە لە یەکێتی ویژدانە تاکێتییەکانەوە دروست دەبێ. بەڵام ئەوەی لەو یەکێتییەوە دێتە کایەوە

جۆرێکیترە لە راستی، کە کۆمەڵە خەسڵەتێکی تێدایە لە توخمە پێکهێنراوەکانیتردا نییە. هەروەک دۆرکایم دەڵێ "ئەگەر هەندێ توخم لەنێوان خۆیاندا کارلێکیان کرد، ئەوا لە یەکێتییەکانیانەوە هەندێ دیاردەی نوێ دروست دەبن، بۆیە دەبێ بڵێین ئەم دیاردانەی دوایی، لە هەریەک لەو توخمانە بە تەنیا نین، بەڵکو لە هەموو ئەوانەدا هەیە کە بەهۆی یەکێتییەکەوە دروست دەبێ. وەک چۆن خانە جگە لە گەردیلەی کانزایی هیچیتری تێدا نییە، کۆمەڵگەش جگە لە تاکەکان شتیتری تێدا نییە. بەواتایەکیتر، دەرەنجامی دیاردەی کۆمەڵایەتی، دەرەنجامێکی نوێیە و پەیوەندی بە هەست یان سۆزی تاک وەک تاک نییە، بەڵکو دەرەنجامی هەست و سۆزی یەکێتیی کۆمەڵە تاکێکە. هەر کاتێک ئەو یەکێتییە لێکترازا، ئەوا ئەو هەست و سۆزانەی کە بەرهەمی هێناوە نامێنن و لەناودەچن. دۆرکایم لەمبارەیەوە دەڵێ "ناکرێ ژیان بەم شێوەیە دابەش بکرێ، ژیان یەکەیەکە دابەش ناکرێت. لەسەر ئەم بنەمایە دەبێ ژیان بەگشتی وەک ماددەیەکی زیندوو لەشوێنی خۆیدا لەبەرچاو بگیرێ، کە دیاردە ناوبراوەکانی بەرهەم هێنا و ناومان لێناوە (کۆمەڵگە).

بەواتایەکیتر، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە دیاردە دەروونییەکانی لای تاک، لەرووی چۆنێتی و جۆرێتی ئەو بابەتەی کە دیاردەکەی لێ دروست دەبێ جیاوازە. هەروەها ناچێتە ژێر باری هەمان ئەو ژینگە و مەرجانەی کە کۆنترۆڵی دیاردە دەروونییەکە دەکەن. بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان هیچ خەسڵەتێکی دیاردەی دەروونی لەخۆناگرێ، چونکە ئەویش لە جۆرەکانی بیرکردنەوە و رەفتاردا کورت دەبێتەوە. بەڵام پێویستە دان بەوەدا بنرێ کە ئەو حاڵەتە دەروونی و هەستییانەی کۆمەڵە پیایدا تێپەڕ دەبێ، سروشتەکەی بەتەواوی جیاوازە لەو حاڵەتە هەستییانەی کە تاک پیایدا تێپەڕ دەبێ، تەنانەت لەسەرەوەی ئەوەش دەربڕی روانینی رەگەزێکیترە، کە پەیوەندی بە روانینی کۆمەڵەکە یان هەستەکەیان نییە.



لەو ئاماژەیەی دۆرکایم ئەمە زیاتر روون دەبێتەوە کە دەڵێ " لەراستیدا وێنابینییە کۆمەڵایەتییەکان هیچیتر نییە، جگە لە بیرکردنەوەی کۆمەڵەکە لەو پەیوەندییانەی کە بەو شتانەی کاریگەرییان پێ دەبێ دەبەستێتەوە. پێکهاتەی کۆمەڵە پێچەوانەی پێکهاتەی تاکە، هەروەها سروشتی ئەو شتانەی کە پێی کاریگەر دەبێ، جیاوازە لە سروشتی ئەو هۆکارانەی کە پێی کاریگەر دەبێ. ئەو وێنابینییانەی دەربڕی هەمان ئەو شت و کەسانە نین، رێی تێناچێ بچنە ژێر باری هەمان ئەو هۆکارانەوە. بۆیە ئەگەر ویستمان لەو بیرۆکەیە تێبگەین کە کۆمەڵگە لەبارەی خۆیەوە، هەروەها لەبارەی ئەو جیهانەی دەوروبەرییەوە پێکی دەهێنێ، دەبێ لە سروشتی کۆمەڵگەکە نەک لە سروشتی تاکەکانی بکۆڵینەوە.

## ٢/١: چەمکی دیاردەی کۆمەڵایەتی:

ئەگەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بوونێکی واقیعی تایبەت بە خۆی هەبێ، کەواتە چەمکەکەی چییە؟ سنووری ئەو چەمکە چییە؟ لە پێناسەیەکدا کە دەدرێتە پاڵ دۆرکایم هاتووە کە "دیاردەی کۆمەڵایەتی بریتییە لە چەند نموونەیەک لەو کار و بیرکردنەوە و هەستانەی، باڵ بەسەر کۆمەڵگەیەکدا دەکێشێ و، تاکەکان خۆیان وا دەبیننەوە کە ناچار بن لە کار و بیرکردنەوەیاندا شوێنی بکەون، تەنانەت هەستەکانیشیان داگیر دەکات". لە پێناسەیەکی تردا کە دیسانەوە دەدرێتە پاڵ دۆرکایم هاتووە "دیاردەی کۆمەڵایەتی شێوازگەلێکن بۆ رەفتار و بیرکردنەوە و هەستی بەدەر لە تاک و، هێندە کاریگەری هەیە کە دەتوانێ خۆی بەسەر تاکدا بسەپێنێ". بەڵام پێناسەی دۆرکایم بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی لە کتێبەکەیدا لەبارەی (بنەماکانی میتۆد)دا هاتووە کە "هەر جۆرێک لە رەفتار، چەسپاو بێت یان نەچەسپاو، لەوانەیە جۆرە چەوسانەوەیەکی دەرەکی لەسەر تاکەکان بەشداری بکات، یان رەفتارێکە کە کۆمەڵگە بەگشتی دەگرێتەوە و، بوونێکی تایبەتی سەربەخۆی لەو وێنانە هەیە کە لە بارە تاکییەکاندا پێکدێ". ناوەڕۆکی ئەم پێناسەیە بەشێوەیەکی

راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئاماژەیە بۆ سەرجەم تایبەتمەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، جگە لەو تێبینییەی کە لەسەر دۆرکایم چەسپاوە، بەوەی لەو پێناسەیەدا دیاردە ماددییەکانی پشتگوێ خستووە، وەك بونیاتنانی شارەکان، دروستبوونی، پێگەکەی، دابەشکردنی دانیشتوان ... هتد.

لە پێناسەیەکیتری دیاردەی کۆمەڵایەتیدا گوتراوە کە "بریتییە لە سیمایەکی یەکگرتوو لە بیرکردنەوەکان و لەو شێوازەی ژیان، لەبارەی خەڵکە کۆبووەکان دروست دەبێ، یان ئەو سەرکەوتنەیە کە لە رەفتارو هەڵسوکەوتی نێوان کۆمەڵە جیاجیاکانی خەڵکدا دەردەکەوێ، یاخود ئەو زاراوە هاوبەشانەیە کە دووبارە و دووهێندە دەبن، کە دەربڕی دەسەڵاتێکی سەپاو یان پەسەندکراوە لەبەر خاتری ئەو دەسەڵاتە. کۆمەڵگەش نێوەندی هەڵبژێربەخشراوە کە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی لێ دروست دەبێ".

لۆژیکی پێناسەکردنەکە هەر کامێك بێ کە پشتی پێ ببەستریّ، ئەوا لە ناوەڕۆك و پێناسەکانیتر زۆر جیاواز نییە. شوێنی رەتکردنەوەی جیاوازی لەنێوان چەمکەکان، وەك لەو بڕوایەداین، بۆ جیاوازی وەرگێڕان لە زمانی دایك بۆ زمانیتر، هەروەها بۆ توانای وەرگێڕ و چەندێتی توانای داڕشتنی زاراوەکانی پێناسەکردنەکە دەگەڕێتەوە، بەجۆرێك رەهەندی بابەتی و زانستی مەبەست لە پێناسەکردنەکە بپێکێ.

ئەو چەمکەی کە دۆرکایم لەبارەی دیاردەی کۆمەڵایەتی هەیبوو، زۆرترین بابەتی ورووژاو بۆ گفتوگۆ و مشتومڕ و پرسیاری لەخۆگرت، بەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی شتێکە و، شت لای دۆرکایم بەرامبەر بە بیرۆکەیە، واتە زانینی شتەکە لە دەرەوە دەبێ، کەچی زانینی بیرۆکەکە لە ناوەوە دەبێ. دۆرکایم شت وا پێناسە دەکات کە "هەموو ئەوانەیە کە دەشێ ماددەیەك بێ بۆ زانین، بەڵام ئەم چەمکە مەرجدارە بەوەی:

١- سروشتەکەی ڕێگەی پێ نەدات تێکەڵ بەو عەقڵە بێت کە دەرکی پێدەکات.

٢- ناتوانین بیرۆکەیەکی لەبارەوە دروست بکەین کە بە تەواوی بەسەریدا جێبەجێ بێت، تەنیا لەبەرئەوەی ئەنجامدانی پرۆسەیەکی عەقڵی شرۆڤەیی ئەنجام دەدات.



٣- مێشك ناتوانێ دەرکی پێ بکات، مەگەر لەدوای دەرچوونی لە گۆشەگیرییەکەی نەبێ.

٤- وردە وردە لەڕێگەی تێبینیکردن و تاقیکردنەوە، لە تایبەتمەندێتییەکانی دەرکەوتووترین و نزیکترین تاوتوێکردن بۆ تایبەتمەندییەکانی شاراوەترین و دوورترین قووڵایی بگوازرێتەوە.

دۆرکایم بابەتی شتی بە بابەتێکی ناوەندی دانا بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەك کە لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و ناوەڕۆکەکانی بکرێت. تەنانەت بیرۆکەی شت بە تەنیا بیرۆکە مایەوە، کە تیۆری تایبەت بە (دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەوپێیەی شتگەلن و دەبێ وا لێی بکۆڵرێتەوە کە شتگەلن) لەدەوری دەسووڕێنەوە. بەمانایەکیتر، دۆرکایم نەیویست سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی تەنیا بیرۆکە بێت، واتە توێژەر لەسەر مێژووەکەی دابنیشێ و روانینی تایبەتی بخاتەڕوو، پاشان وێنای شێوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی بکات و، وەك پوختەیەك بۆ توێژینەوەکانی پێشکەشی بکات. دۆرکایم ئەم شێوازەی رەتکردەوە کە لێکۆڵینەوە فەلسەفی و ئایینییە رامانییەکان پەیڕەوی دەکەن و، داوای کرد دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوازی لێکۆڵینەوەی زانستە سروشتییەکان لێی بکۆڵدرێتەوە، واتە وا لە دیاردەی کۆمەڵایەتی بڕوانرێ کە شتێکی دەرەکییە و، دەبێ لێی بکۆڵرێتەوە وەك چۆن لە دیاردە سروشتی یان کیمیایی یاخود بایۆلۆژییەکان دەکۆڵرێتەوە.

## ٣/١: تایبەتمەندییەکانی دیارەی کۆمەڵایەتی:

کۆمەڵناسان تایبەتمەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیان هەڵاوێر کرد، بەمەبەستی جیاکردنەوەی لە دیاردەکانیتر، پاشان مەیدانەکانی کۆمەڵناسی و مەودای سەربەخۆییەکەی لە زانستەکانیتردا دیاری کرد. ئەم تایبەتمەندییانەش لەو پێناسەیەی دۆرکایمەوە وەرگیرا کە بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی کردبووی. تایبەتمەندییەکانیش بریتین لە:

### ١- دیاردەی کۆمەڵایەتی مرۆڤایەتییە:

کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێی جیا دەکرێتەوە و، بە پەیدابوونی دروست بوو، بۆیە لەو دیاردانەیتر جیاوازە کە زانستەکانیتر لێی دەکۆڵنەوە، وەك: سروشتی، کیمیایی، بایۆلۆژی، جوگرافی، جیۆلۆجی، بیرکاری و گەردوونی. مرۆڤایەتیی دیاردە، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی ئاژەڵیی جیا دەکاتەوە، بەمەرجێك توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەبارەی دیاردەکە لە چوارچێوەی توێژینەوەی بایۆلۆژی وەك خواردن و خواردنەوە و گواستنەوە دوور بکەوێتەوە. هەروەها لایەنە دەروونییەکان وەك هەستکردن بە ئازار و بیرکردنەوە و خەیاڵکردنیش دوور بکەوێتەوە. هەندێ لەم کارانە سەرەڕای مرۆڤایەتییەکەی، بەڵام بە سروشتی خۆی لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەدەر دەبن. سەرەڕای ئەمەش دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆماوەیی نین، بەڵکو تاك لەمیانەی هاوژیانی کۆمەڵایەتیدا وەدەستی دەهێنێ، کەچی ئەو دیاردانەی کە ئاژەڵەکان پیشانی دەدەن بۆماوەیین نەك لەو نێوەندەی ئاژەڵەکان تیایدا دەژین وەرگیرابێت، بەڵام بۆئەوەی دیاردەکە کۆمەڵایەتی بێت، دەبێ بەرهەمهاتووی نێوەندی کۆمەڵایەتی بێت و، بە بێ ئەم نێوەندە دیاردەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێت.

### ٢- دیاردەی کۆمەڵایەتی لەخۆوەیە:

مەبەست لەخۆوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی واتە دەستکردنی تاك نییە، بەڵکو پێش بوونی خودی تاك هەبووە. هەریەکەمان لەدایك دەبین کۆمەڵگەیەك دەبینین کە پێشتر ئامادە و تەواو نەکراوە و، ئێمەش ناچارین ملکەچی سیستەمە گشتی و تایبەتییەکانی بین. دیاردەی کۆمەڵایەتی بۆ سەرچاوەی تاکیی یان بەشەکییەکان ناگەڕێتەوەو، پشت بە کاروباری تایبەت و دیاریکراو نابەستێ، هەروەها لەناکاو یان کۆسپ نییە و، بەڕێگەیەکی هەڕەمەکی یان گەمە نییە، بەڵکو هەمووی کۆمەڵیی (ویژدانی کۆمەڵی) دەگەیەنێ، چونکە سەرچاوەکەی کۆمەڵگە و ئەوەی دروستی کردووە، لەبەرئەوەی دەرەنجامی ژیانی کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی لەخۆوە لەدایك دەبێ، هەر کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا خەڵك کۆبوونەوە و هاوبەش و هاریکار بن و راکانیان



بگۆڕنەوە، لەپاشان لە روانینەکانیان رێك بکەون و بەرژەوەندییەکانیان ناکۆك بێت. کاتێك تاکەکان لەیەکتر دوور بن و هەریەکە بە تەنیا بڕوات ئەوا دیاردەی کۆمەڵایەتی بوونی نابێ. بەمشێوەیە دەکرێ بڵێین، سیستەمە ئایینی و نموونە ئاکارییەکان و، پێوەرەکانی خێر و شەڕ و، داوێنپیسی و پاکیزەیی و، سیستەمە خێزانییەکان یان سیاسی و دادوەری و ئابوورییەکان و هیتر، لە بەها و شێوازەکانی رەفتار ... هتد. تاك رۆڵی نییە لە دروستکردنی بەڵکو پێشتر هەبووە، کە لەدایك دەبێ، دەبینێ هەیە و کۆمەڵگە کاری پێ دەکات و مامەڵەی لەگەڵ دەکات.

### ٣- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، ناچاریی و پابەندبوویییە:

ناچاریی و پابەندبوویییە، چونکە تاك و کۆمەڵەکان ناچار دەکات رەچاوی لۆژیکەکەی بکەن و، بەو شێوازە رەفتارانەیەوە پابەند دەبێ کە دەیسەپێنێ. بەواتایەکیتر، زاڵبوونی ئاکاریی پەیڕەو دەکات و خۆی بەسەر تاکدا دەسەپێنێ، بەوپێیەی نوێنەرایەتی هەمووی کۆمەڵیی دەکات. تاك هیچ رێگەچارەیەکیتری نییە، ئەو ناچارە رەچاوی بکات و، ناچارە بەدەنگ لۆژیکەکەیەوە بچێت. بەپێچەوانەی ئەمە تاك خۆی لەبەردەم رووبەڕووبوونەوەی هەمووی کۆمەڵیدا دەبینێتەوە. لەوانەیە ئەم رووبەڕووبوونەوەیە چەندین شێوە لەخۆبگرێ، هەر لە سزای ماددی و رقلێبوونەوەی کۆمەڵایەتییەوە تا دەگاتە رەتکردنەوە و کوشتن. تاك هەست بە گەورەیی ئەم زاڵبوونە ئاکارییە ناکات، مادام لەگەڵ کۆمەڵدا تێکەڵاوە و، هەست بە دەنگدانەوەی سۆزی کۆمەڵایەتی لە ویژدانی تاکەکاندا دەکات، لای ئاسایی دەبێتەوە پاشان سەبارەت بە خۆی بۆ شتێك دەگۆڕێ.

بەواتایەکیتر، زۆرجار تاك بەشێوەیەکی راستەوخۆ هەست بەم زاڵبوونە ناکات، چونکە لە گوێڕایەڵیکردنی بەپێی نەریت راهاتووە، بەڵام هەر کاتێك هەوڵیدا لە ناچارکاریی دیاردەی کۆمەڵایەتی دەربچێت، درك بە گەورەیی و هێزی زاڵبوونەکە دەکات، وەك چۆن ئافرەتی عەرەبی - ئیسلامی لەنێو کۆمەڵگەدا تووشی هەمان حاڵەت بووە، کاتێك هەوڵبدات لە کۆتوبەندی

کۆمەڵایەتی دەربچێت. کەسێك نییە نکۆڵی لەوە بکات کە بیرکردنەوە و ئارەزوومان لە دروستکراوی خۆمان نین، بەڵکو دەربڕینێکە لەوەی لە کۆمەڵگەدا باوە. واتە بیرکردنەوەکانمان و ئاراستە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوە بەسەرماندا دەسەپێنرێت، لەو کۆمەڵگەیەی کە لە نێویدا دەژین. لەمبارەیەوە دۆرکایم دەڵێ "جۆرەکانی ڕەفتار و بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی شتگەلی راستەقینەیین، لە دەرەوەی ویژدانی ئەو تاکانەن، کە ناچار دەکرێن لەهەر ساتێك لە ساتەکانی ژیانیان ملکەچی ببن. ئەم جۆرانە شتگەلێکی هەبوون و، تاك لەکاتی لەدایکبوونیەوە بە بوونێکی تەواوەوە دەیبینێ و، ناتوانێ لەنێوی بەرێ یان سروشتەکەی بگۆڕێت، بۆیە ناچارە ڕەچاوی بکات.

**٤- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، گشتین:**

مەبەست لە تایبەتمەندێتی (گشتی) واتە لە هەموو شوێنێکدا هەیە، واتە دەکرێ پێوەری گشتێتی لە دۆزینەوەی ئەو راستییە کۆمەڵایەتییانە بەکاربهێنن، کە دەکرێ بگاتە ئاستی دیاردەکان. مەبەست لەم تایبەتمەندییە ئەوەیە کە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانی و چینەکانی، سیستەمی دیاردەی کۆمەڵایەتی پەیڕەو دەکەن. تاکەکانی کۆمەڵگە بە یەك زمان قسە دەکەن و لەسەر پۆشینی جلوبەرگێك و شێوازێکی کار ، هەروەها ئەوەی حەزیان لێیە و، ئەوەی حەزیان لێ نییە رێك دەکەون. لەوانەیە مەبەست لە گشتێتی، هەروەها بڵاوبوونەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە نموونە دیاریکراوە کۆمەڵایەتییەکان بێ، وەك بڵاوبوونەوەی دیاردەی خۆکوشتن لە خێزانە هەڵوەشاوەکاندا، بەڵام لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا. خەسڵەتی گشتێتی سێ شێوە لەخۆدەگرێ کە بریتین لە:

أ- لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی گشتگیر بڵاو ببێتەوە.

ب- بڵاوبوونەوە لە دەستەیەك لە کۆمەڵگەکان کە لە جۆر یان لە بارودۆخی سروشتی و مۆرفۆلۆجی و کۆمەڵایەتی لە یەك بچن.

ج- بڵاوبوونەوەکەی لە نموونەگەلی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتی بێت.



هەرچەندە دووبارەبوونەوەی دیاردەی کۆمەڵایەتی زیاتر بێت، بەڵگەی تازەتر بۆ هێزی تێکەڵبوون، بەتایبەتی تاکەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی دەبەخشێ و، دووپاتکردنەوەیە بۆ ملکەچی هەموان بۆ دەسەڵاتی کۆمەڵگە.

**٥- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، مێژوویین:**

دیاردەی کۆمەڵایەتی قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوە لە ژیانی کۆمەڵگەدا، کە بریتییە لە بابەتی کەلەپوور و ناوەرۆکەکەی لە دابونەریت و شتیتر. هەروەها بە گۆڕینی کەسەکان ناگۆڕێ و لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر دەگوازرێتەوە. ئەمەش لە جلوبەرگ و نیشتەجێبوون ڕەنگ دەداتەوە، کە پشت بە مێژوویەکی درێژ لە دابونەریت و، بونیاتی کلتووری و نموونەی بیرکردنەوە بەگشتی دەبەستێ، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ کە دیاردەی کۆمەڵایەتی چەقبەستووە، بەڵکو نەرمونیانە کە ئەمەش دەرفەتی گەشەسەندنی پێ دەدات. بۆ نموونە دیاردەی ئاڵوگۆڕ، کە لە سیستەمی گۆڕینەوەی شت بە شتەوە بۆ سیستەمی ئاڵوگۆڕ بە پارە و، لە بازاڕی ناوخۆییەوە بۆ بازاڕە جیهانییەکان گۆڕا.

**٦- دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، واقیعین:**

مەبەست لە واقیعیەتی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان ئەوەیە کە جیا لە هەستکردنی تاکەکان لەبارەیەوە، لە کۆمەڵگەدا هەیە و، بەراستی وەدی هێنراوە و لە دەرەوەی خودێتییاندایە. ئەم تایبەتمەندییەش وایکرد کۆمەڵناسی زانست بێت، زانست لەگەڵ ئەوەی دەبێ وا بێ مامەڵە ناکات، بەڵکو لەگەڵ ئەوەی کە هەیە مامەڵە دەکات. بە تەنیا دیاردە کۆمەڵایەتییەکانن کە کۆمەڵە راستییەکی دەرەکی پێکدەهێنن. کۆمەڵناسیش خۆی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی راستی ئەم دیاردانە دەدات، وەك چۆن لە رووبەرە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینین و مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین. واتە (دەبێ وا لێی بکۆڵرێتەوە کە شتن). توێژەری کۆمەڵایەتی کە لێکۆڵینەوە لەسەر ژمارەیەك لە خەڵك دەکات کە لەو بڕوایەدان و باوەڕیان بە بوونی خودا هەیە، بواری ئەو نییە توێژینەوە لەسەر سەلماندنی بوونی خودا بکات، بەڵکو پێویستە شێوازی پەرستنەکانیان تاوتوێ

بکات و، بڕیار بدات کە شێوازی دروست بۆ ئەم پەرستنە چییە. واتە بەشێوەیەکی بابەتییانە و دوور لە هەستی خودی لە دیاردەکان بکۆڵرێتەوە. شتیش هەموو ئەوانەیە کە دەکرێ ببینرێ و تێبینی بکرێ. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی ویستمانەوە دروست نابێ بەڵکو لە دەرەوە خۆی بەسەرماندا دەسەپێنێ. کاتێك وەك شت لێی دەکۆڵینەوە، جگە لە بەدەنگەوەهاتنی سروشتەکەی هیچیتر ناکەین. دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوە دەرەوەیی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بناسینەوە:

**أ-** چەسپاون و زۆربەیان نووسراونەتەوە و، بەڵگە و کتێب و یاساگەلی ئەوتۆ هەن کە دەستنیشان و دووپاتی بوونە واقیعییەکەی دەکاتەوە. بۆ نموونە، ئەوەی لە ئایین، زمان، سیاسەت، دەستوورەکان و کەلەپووری رۆشنبیری ... هتد دەیبینینەوە.

**ب-** هەندێ لەو دیاردانە بەشێوەیەکی کرداری لە دابونەریتەکاندا بەرجەستە و پراکتیزە دەبێت و، کاتی دەرکەوتنی یان پێکهێنانی هەیە، وەك جەژن و بۆنەکان.

**ج-** هەندێ لە دیاردەکان لە شێوەی شەپۆلی کردەیی لە کۆمەڵگەدا دەردەکەون، وەك پەنابردن بۆ خۆکوشتن، هاوسەرگیری، جیابوونەوە، تاوانکاری، دەکرێ ئەم شەپۆلانە لەڕووی چەندێتییەوە دەستنیشان بکرێ.

**٧- دیاردەی کۆمەڵایەتی، پێکەوەبەستووە و تێکچڕاوە:**

دیاردەی کۆمەڵایەتی گۆشەگیر و دابڕاو نییە و، بەجیا لە دیاردەکانیتر کار ناکات، بەڵکو لەگەڵیاندا پێکەوە بەستراو و تێکچڕاوە، کاریگەری دەکات و کاریگەر دەبێت، هەروەها لەوانەیە هەندێکیان یەکتر شی بکەنەوە. نموونە لەمبارەیەوە، دیاردەی زیادبوونی داهات، کاریگەری لەسەر ئاستی بژێوی خیزان دەکات، ئەمەش لێکدانەوەی پەنابردنی توێژەری کۆمەڵایەتییە بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان، لە روانگەی لۆژیك و رەفتار و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتر.

**٨- دیاردەی کۆمەڵایەتی، گۆڕاوە:**

مەرجی بوونی دیاردەی کۆمەڵایەتی بە دیاردەی کۆمەڵەوە بەستراوە. کۆمەڵبوونی تاکەکانیش ئەوەی ناودەبرێت بە (ویژدانی کۆمەڵیی) بەرهەم دەهێنێ. بەڵام یەکێتییە



ویژدانییە تاکییەکان جۆرە راستییەکیتری لێ بەرهەم دێ، کە خەسڵەتگەلێکی لێیە لە توخمە پێکهێنەرەکانیدا نییە. بۆیە دەکرێ بڵێین دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی جیاوازی ئەو وێنانەی کە دیاردەی کۆمەڵی پێ دروست دەکرێ، جیاوازە، وەك چۆن دیاردەکە بەپێی ئەو جیاوازییەی کە تێیدایە، جیاواز دەبێ. بەواتایەکیتر، چەقبەستوو نییە، بەڵکو بەپێی جیاوازی: سروشتی کۆمەڵ، سەردەم، ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی کە تێدایەتی، گۆڕاوە.

## ٤/١: پۆلێنکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:

کۆمەڵناسی بایەخ بە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگە مرۆییەکان و دواتر دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەدات، واتە گرنگی بە وەسفکردنی رەوش و زاراوە کۆمەڵییەکان و، کارکردن بۆ تێگەیشتن و پاساوهێنانەوە بۆیان دەدات. لێرەدا ئاماژە بە رەگەز و جۆرەکانی دیاردەی کۆمەڵایەتی بەپێی سروشت و دەرەنجامەکەی دەدەین، دواتر پۆلێنیان دەکەین.

دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دوو بەش دابەش دەبن:

**یەکەم:** ئەوەی کە پەیوەستە بە کۆمەڵگە و کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکان، واتە ئەو توخمانەی کە کۆمەڵگەی لێ پێکدێ، وەك یەکە کۆمەڵایەتییەکان، تیمە ئایینییەکان، پارتە سیاسییەکان، رێکخراوە پیشەییەکان، گرووپە بایۆلۆژییەکان، گرووپە جوگرافی و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان ... هتد.

**دووەم:** ئەوەی کە پەیوەستە بە چالاکی Activity، پرۆسەکان Processes، ئەو ئەرکانە Functionی کە یەکە کۆمەڵایەتییەکان رای دەپەڕێنن، کە دەکرێ ئەم چالاکییانە بە هەڵسوکەوتی کۆمەڵیی Social Behaviour ناوبنێین.

**یەکەم:** یەکە کۆمەڵایەتییەکان:

سەرجەم ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە، چ لە رابردوو یان ئێستا لە کۆمەڵگەیان کۆڵیوەتەوە، کۆکن لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵگە چ دواکەوتوو یان پێشکەوتوو بێت، لە

گرووپگەلی لاوەکی پێکدێن. کۆمەڵگەش یەکەیەکی ئاوێتە و تارادەیەك ئاڵۆز لە گرووپە لاوەکییەکان پێکدەهێنێ، بەپێی دەربڕینی (دۆرکایم)، ئەو گرووپە لاوەکییانەی کە ناوی هۆز، خێزان ... هتد یان لە خۆیان ناوە. پێکهێنان و ئاڵۆزکاری وەك یاسایەکی کۆمەڵایەتییە، تەنانەت یاسای هەموو ژیانە، باشترین نموونەش بۆ ئەمە خودی خانەی زیندووە. هەروەها مایەی سەرنجە کە کۆمەڵە گەورە و نوێیەکان لە کۆمەڵە گرووپ و دابەشکارییەکی بێشومار پێکهاتوون. خێزان، هۆز، خێڵ، گردبوونەوەی ئایینی، پیشەیی، سیاسی، رەگەزپەرستی (شۆڤێنی) هەن، هەروەها گوند، هەرێم و وڵاتانیش هەن. هەموو ئەم گردبوونەوە و دابەشکارییانە لە جموجۆڵێکی بەردەوام و کارلێککردنی بێ سنووردا، تارادەیەکی زۆر تێك دەئاڵێن.

زۆربەی شێوەی جۆرەکانی گردبوونەوە و کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ چەندین هۆکار و پاڵنەر دەگەڕێتەوە، لێرەدا ئاماژە بە سیانیان دەکەین:

**أ. گرووپە بایۆلۆژییەکان:**

مەبەست لێی هەموو گرووپێکە کە تاکەکانی هاوبەشن لەو خەسڵەتە سروشتییەی کە کۆیانی کردۆتەوە. نموونە لەمبارەیەوە، خێزان کە تاکەکانی خوێن پێکەوەی بەستۆتەوە و، ئەو یەکێتییەی کۆیانی کردۆتەوە لە دیاردەیەکی سروشتییەوە هاتووە. لەمیانەی ئەمەوە ماف و ئەرکی تاکەکانی خێزان بەرامبەر یەکدی، بەهۆی پەیوەندی خوێنەوە دێتە ئارا.

**ب. گرووپە جوگرافییەکان:**

گرووپە جوگرافییەکان جەخت لەسەر مانەوە لە شوێنێکی دیاریکراودا دەکەنەوە، بێ ئەوەی بۆ پەیوەندی خوێن یان خزمایەتی بگەڕێنەوە. کۆبوونەوەی تاکەکان و خێزان، یان گرووپە پیشەییەکان یاخود ئایینییەکان بەهاوکاری لەخۆوە یان ناچاری لە شوێنێکی دیاریکراو بۆئەوەی پێکەوە بژین و بمێننەوە، دەبێتە مایەی دروستبوونی هەوێنێك بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی مرۆڤایەتی، دواجار دەبێتە هۆی دروستبوونی پەیوەستبوون و پەیوەندی ئاڵوگۆڕ کە یارمەتی پەیدابوونی کۆمەڵگەی نوێ دەدات،



بەمەبەستی دراوسێیەتی و ژیان لە ناوچەیەکی جوگرافیدا. پاشان پەیوەندی زەوی (شوێن)، گوند، شار، دەوڵەت جێگەی پەیوەندی خوێن دەگرێتەوە.

**ج. گرووپە کۆمەڵایەتییەکان:**

گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لەو گرووپانەیتر جیاوازن کە لەسەر بنەمای هاوبەشیکردن لە خوێن (بنەچە)، یان شوێنی جوگرافی وەستاوەو، ئەو گردبوونەوە کۆمەڵایەتییانە جەخت لەسەر هاوبەشیکردن لە کار یان ئەرکدا دەکەنەوەو، هۆکارێکی کۆمەڵایەتی نەك سروشتی کۆیان دەکاتەوە، وەك گردبوونەوە ئایینی و پیشەیی و سیاسی، یاخود دەستە زانکۆییەکان ... هتد. هەموو ئەو یەکانەش کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا کورت نابێتەوە و، مەرج نییە تاکەکانی لە شوێنێکی دیاریکراودا کۆببنەوە، بە یەکە کۆمەڵایەتییەکان ناودەبرێ. ئەو گرووپانەی کە کار یان ئەرك کۆیان دەکاتەوە چەندین ناویان هەیە، وەك کۆمەڵگە، یەکێتی، هاوبەندی، فەرمانگە، دەستە، هاوپەیمانی، کۆمەڵەیەکی پیشەیی، سەندیکا، هاریکاری، یانە ... هتد.

ئەم جۆرە زۆرانەی گردبوونەوەکان کە زۆر چەمك و زاراوەی بەسەردا بڕاوە، کە رەنگدانەوەی ئەو کۆمەڵە و ئەرکانەیە کە مانای ئەو گردبوونەوانە دەبەخشن، دەکرێ لەسەر بنەمای: یەکێتی سەنتەری کۆمەڵایەتی، یان یەکێتی ئەرکی کۆمەڵایەتی پۆلێن بکرێن.

یەکێتی ناوەند: خۆی لە یەکێتی ناوەند لە چینە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە. کۆمەڵگەیەکی کۆن یان نوێ نییە کە پلەکاری کۆمەڵایەتی و جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا نەبێ، سەرەڕای ئەوەی لە سامان یاخود ئیمتیازاتەکاندا جیاوازن، لە ماف و ئەرکەکانیشدا بەهەمان شێوەیە. ئەو جیاوازییانە رەوشی تاك و پێگەکەی یاخود رۆڵەکەی لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دەستنیشان دەکات. ئەو جیاوازییانە لەنێوان چینەکاندا تەنیا لە لایەنی ماددی و ئیمتیازات و ساماندا کورت نابێتەوە، بەڵکو شێوازی بیرکردنەوەی تایبەت بە هەر چینێکیش دەگرێتەوە، کە

رەنگدانەوەی را و ئاراستەکانێتی بەرامبەر دەوروبەر و بەتایبەتی گردبوونەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەك لەنێوان خاوەنکار و سەندیکاکانی کرێکاراندا هەیە.

یەکێتی ئەرك: یەکێتی ئەرکی کۆمەڵایەتی خۆی لە تایەفە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینێتەوە کە دەبێتە هۆی ئەنجامدانی ئەرك یان کارێك. هەرچەندە کار و ئەرکەکان زۆربن، هێندە گرووپەکان زۆر دەبن. گرووپگەلی ئەوتۆ هەن کە بۆ مەبەست یان خزمەتی ئەرکە ئاینییەکان پەیدا بوون، هەندێکیتریش بۆ خزمەتی ئەرکە پیشەیی و نهێنییەکان، یاخود دەستە زانستی و ئەکادیمییەکان، یان بۆ ئەرکە ژینگەیی و مرۆیی و پیشەگەرییەکان سەریان هەڵداوە.

**دووەم: چالاکی و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان:**

بوونی کۆمەڵایەتی تەنیا پەیوەست نییە بە گرووپە مرۆییەکانەوە، بەڵکو لەڕێگەی پەیوەندی و کردە و را و بزاڤە کۆمەڵایەتییەکانیش وەدی دێت. هەستی خەڵك و شێوازی بیرکردنەوە و کارلێککردنیان، کە دەکرێ سەرجەمیان لە بابەتی (ڕەفتارەکان)دا چڕ بکرێنەوە، تەنیا زاراوە Termsی کۆمەڵێی هاوبەشن و بە ڕێگەیەکی هاوشێوە، ئەو تاکانە ئەنجامی دەدەن کە کۆمەڵەیەك کۆیان دەکاتەوە. لای کەس شاراوە نییە، کە ڕەفتاری هەر تاك یان کۆمەڵەیەك هەمیشە لە دوو جۆردا بەرجەستە دەبێ، کە بریتین لە: وێنابینینیەکان (بیرۆکەکان Ideas)، هەروەها کردەکان Actions، کە وا دەکەن بیرۆکەکان پەیدا بن.

گومانی تێدا نییە خەڵك بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانیان، پشت بە بیرکردنەوە و کردە دەبەستن. دەکرێ کردە و بیرکردنەوەکان بەپێی جۆری ئەو پێداویستییانە پۆلێن بکرێ، کە کار بۆ تێرکردنی دەکات. هەمیشە ئەو پێداویستییانە بۆ سێ جۆر دابەش دەبن:

١- ئابووری: لە بەرهەمهێنانی پێداویستییە ماددییە ژیانییەکان خۆی دەبینێتەوە.

٢- ڕۆحیی: لە بیروباوەڕ و، پیرۆزییەکان و، نادیاریی بەگشتی خۆی دەبینێتەوە.



٣- سیاسی: لە ژیانی کۆمەڵێی و پەیوەندییەکان و ئارەزوو و زمان و یاساکان و، هەموو ئەو شتانەیتر خۆی دەبینێتەوە، کە دەچنە چوارچێوەی ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی خەڵك و بەردەوامێتییەکەی. زۆرجار بەم چالاکییە دەوترێ ژیانی گەیاندن Communication Life، مەبەستمان لێرە ئەو گەیاندنەیە، کە تەوەر و بنەمای هەر چالاکییەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی و، ئەو ئامرازانەی کە بەکار دەهێنرێ یان بەکارهێنراوە، لە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی پرۆسەی گەیاندن پێکدەهێنێ.

# بەشی دووەم

## دیاردەی کۆمەڵایەتی و دیاردەی میدیایی

ۆ

نیمچە ڕێککەوتنێکی دیار لەسەر بابەتی کۆمەڵناسیی و چوارچێوە گشتییەکەیدا هەیە، کە لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و، دامەزراوەکان و، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و، شێوازەکانی بیرکردنەوە و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەستنیشان دەکرێت. لە پێناسەیەکی (دۆرکایم)دا هاتووە "بریتییە لە زانستی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگەکان بەوپێیەی یەکەگەلی گرنگن بۆ شیکردنەوەی سۆسیۆلۆژی و، لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر و، لە پەیوەندییان بەو ژینگە کۆمەڵایەتییەوە کە تیایدا گەشەی کردووە و، وای دادەنێ دیاردەکە دەربڕی ئەوە.

ئەگەر تەماشای کۆمەڵناسیی بکەین بەوپێیەی زانستی کۆمەڵە و وەك یەکەیەکی تەواو مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵگەدا دەکات و بەشی جیاجیا لەخۆدەگرێ، واتە زانستگەلی لاوەکی جیاکەرەوە، هەریەکەیان لە لایەنێکی دیاریکراو لە سیماکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە. هەروەك زانراوە کۆمەڵناسیی لە دوو ئاست پێکدێ:

**یەکەم:** زانستی پێکهاتەی کۆمەڵگە (مورفۆلۆژییای کۆمەڵایەتی) ئەو زانستە بایەخ بە لێکۆڵینەوەی شێوەی ماددی دەرەکی و، تایبەتمەندییە سروشتییەکانی کۆمەڵگە دەدات.

**دووەم:** زانستی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان، کە لە خودی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکۆڵێتەوە، یان شیاوتر، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان تاوتوێ دەکات. ئەم لایەنە



دیاردە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وەك ئایین، زمان، دابونەریت، سیستەمەکان ...هتد تاوتوێ دەکات و، ناوی (دیاردە کۆمەڵایەتییەکان)ی لێ دەنرێ.

دەکرێ زانستی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ لقی لاوەکی ئەوتۆ دابەش بکرێت، کە هەریەکەیان تایبەتمەندن بە دیاردەیەکی دیاریکراو و بەشێوەیەکی سەربەخۆ ، بەڵام لە چوارچێوەی ناوەڕۆك و وێنابینی و لۆژیکی سۆسیۆلۆژیدا لێی دەکۆڵێتەوە.

کۆمەڵناسیی بۆ دوو بەش دابەش دەکرێت:

**أ-** مۆرفۆلۆژییای کۆمەڵایەتی (کۆمەڵناسیی دیاردەیی) کە ئەمانە لەخۆدەگرێ:

پێکهاتەی کۆمەڵگە، شێوەی دەرەکی ماددی، تایبەتمەندییە سروشتییەکان، شێوازەکانی گەیاندن، ژینگەی کۆمەڵایەتی.

**ب-** زانستی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکان (سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان) کە ئەمانە لەخۆ دەگرێ:

ئایین، کلتوور، زمان، خێزان، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان.

بە مانایەکی وردتر، کۆمەڵناسیی خاوەنی ڕوانینێکی فراوان و گشتگرە و، خێزان، سیاسەت، ئابووری، دیموگرافیا، ڕەوشی پیشەیی و پیشەسازی، ئایین، چالاکی زانستی ... هتد لەخۆ دەگرێت.

کۆمەڵناسان هەر زوو درکیان بەوە کرد، کە زەحمەتە کۆمەڵناسیی گشتی هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان لە چوارچێوەی لۆژیکێکی کرداریدا کۆ بکەینەوە. هەروەها لەسەر کۆمەڵناسیی پێویست بوو کە بۆ لقی دیکە بەش بەش دەبێ، تاکو بتوانێ لە کۆمەڵگە بکۆڵێتەوە و لێی تێبگات.

بەواتایەکیتر، ڕێکخستنە لاوەکییەکانی کۆمەڵناسیی: ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئایدۆلۆژی، سیاسی بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هاوبەندیگەلێکی تایبەت کۆنترۆڵی کردوون. هەریەك لەوانە بە تەنیا پێکهاتەیەکی وەستاو پێکدەهێنن و، گرووپێکی تەواو لە توخمە پێکەوە بەستراوەکان بەشێوەیەکی تایبەت لەخۆ دەگرێ. ئەو ڕێکخستنە لاوەکییانەی کۆمەڵناسی بە ڕادەیەکی زۆر گەشەی کرد و، بۆ هەریەکەیان چوارچێوەیەکی تیۆری و میتۆدی و نموونەی سەربەخۆ و بابەتی دیاریکراو بەخۆی دروست بوو، کە لە سنوور و لۆژیك و بنەما و مەرجەکانی کۆمەڵناسیی گشتیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

بەهۆی گەشەی دیاردەی گەیاندنییەکان و فراوانبوونی ئەو فەزا کۆمەڵایەتییەی کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و، ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر سروشتی کردەکان و، پەیوەندییەکان و، شێوازەکانی بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی بەجێی دەهێڵێ و، ئەو گۆڕانکارییانەی کە دروستی کردووە یان دیاردەی گەیاندنی لە نموونە بەهاییەکان و دابونەریت و چەمکەکان دروست دەکات.

بەهۆی ئەمەوە دیاردەی گەیاندنیی بووە جێی بایەخی کۆمەڵناسان و، هانی دان بۆ شوێنکەوتن و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو دیاردەیە، بەوپێیەی یەکێکە لە گرنگترین دیاردە نوێیەکان، کە لە چەندین توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی دیاردەی گەیاندنی و رەهەندە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکاندا بەرجەستە بووە.

دەکرێ گرنگترین پاساوەکانی بایەخدان بە دیاردەی گەیاندنی - کۆمەڵایەتی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١- ئەگەر کۆمەڵناسیی لێکۆڵینەوەی زانستییانەی کۆمەڵگە بێت، ئەوا یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی بەپێی دەربرینی دۆرکایم، بریتییە لە لێکۆڵینەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و، پەیوەندییان بە یەکترەوە و، پەیوەندییان بەو ژینگەیەی دیاردەکان لەچوارچێوەیدا گەشەی کرد و، کە دیاردەکە بە دەربڕی ئەو دادەنرێ. گەیاندنیش یەکێکە لە دیارترین دیاردە هاوچەرخە کۆمەڵایەتییەکان، کە شوێن پەنجەی لەسەر نموونەکانی بیرکردنەوە و رەفتار و، هەڵوێستەکان، چالاکییەکان و، کارلێککردنە کۆمەڵایەتییەکاندا جێ هێشتووە.

٢- ئەگەر بایەخەکانی کۆمەڵناسیی لەسەر لێکۆڵینەوەی بەخشراوە کۆمەڵایەتییەکان چڕ بێتەوە، ئەوەی کە شێوەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی رەنگ دەداتەوە، کە خۆی لە: هاریکاری، رکابەری، ململانێ، جیاکاری، پسپۆڕێتی، رۆشنبیرکردن و، گونجان ... هتد دەبینێتەوە. دەبینین کە هەموو ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانە لەرێگەی کردەی گەیاندنیی و پرۆسە جوڵاوە گەیاندنییەکان ئەنجام دەدرێن، کە لە چوارچێوەیدا سەرجەم پرسە کۆمەڵایەتییەکانیتر لەخۆ دەگرێ.

٣- رۆشنبیری و پەیوەندییەکەی بە ژیانی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تاك و کۆمەڵەکان، لەرێگەی پرۆسەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی کە خۆی لە شێوازە شاراوەکان، یان بۆ رەفتاری وەرگیراو و



گواستراوە لە تاك یان کۆمەڵەکان دەبینێتەوە، کە بە کۆی گشتی رۆشنبیری پێك دەهێنن، بە یەکێك لە دیارترین هۆکارەکان دادەنرێن لە پێکهێنانی ئەرکەکانی بونیاتی کۆمەڵایەتی. لە کاریگەرترین ئەو هۆکارانەی لە پێگەیاندنی هاوچەرخی کۆمەڵایەتی کردەی گەیاندنی و پرۆسە گەیاندنییەکانە، بۆیە کۆمەڵناسان ناچارن لە رەهەند و کاریگەری پێکهاتەکانی دیاردەی گەیاندنی بزانن و پەیوەندییان بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکانیتریشەوە، بەتایبەتی ئەو دیاردانەی کە رەنگدانەوەی کارلێکی نێوان کۆمەڵە کۆمەڵایەتییەکانە.

دیاردەی میدیایی

## ١/٢ دەروازە:

شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی سیستەمی ئامرازەکانی میدیا

دیاردەی گەیاندنیی لە دیاردەی کۆمەڵایەتی لە پێشکەوتن یان شێوازەکانی یاخود ئامرازەکانی زۆر دانەبڕاوە، بەڵکو بە وابەستەی دیاردەی کۆمەڵایەتی و مەرجە بابەتییەکانی: شوێنی و کاتیی مایەوە.

**تەمەنی ئامرازەکانی گەیاندن**

| ناوەند | تەمەنی نزیکەی بە ساڵ | ناوەند | تەمەنی نزیکەی بە ساڵ |
|---|---|---|---|
| قسە | ٥٠٠٠٠٠ | تەلەفۆن | ١٣٣ |
| نووسین | ٥٠٠٠ | رادیۆ | ٨٣ |
| ئەرشیف | ٢٠٠٠ | تەلەفزیۆن | ٥٨ |
| چاپەمەنی | ٥٣٣ | کۆمپیوتەر | ٥٨ |
| تێلێگراف | ١٦٨ | زیرۆکس | ٥٣ |
| ئامێری چاپ | ١٤٣ | مانگی دەستکرد | ٤٣ |

وەك دەبینین ماوەی نێوان قسەكردن و نووسین نزیكەی نیو ملیۆن ساڵە و، لەنێوان نووسین و چاپەمەنی نزیكەی ٤٥٠٠ ساڵە، بەڵام ماوەی نێوان ئامێری چاپ و مانگە دەستكردەكان لە سەد ساڵ تێناپەڕێ.

پرسیار ئەوەیە لە ٣٠٠ ساڵی دوایی تەمەنی مرۆڤدا چی روویداوە؟ كاریگەرییەكانی لەسەر ژیانی كۆمەڵایەتی چییە و، ئەو دەرەنجامانە چییە كە لە ژیانی مرۆڤ - كۆمەڵگەدا هێناویەتییە ئاراوە؟

بێگومان وەرچەرخانێكی گەورە لە ژیانی مرۆڤ و دواتر كۆمەڵگە روویدا و، شوێن پەنجەی وەرچەرخانەكە بەشێوەیەكی خێرا بە تان و پۆی گۆی زەوی رەنگی دایەوە و، كۆمەڵگە كۆنە كشتوكاڵییەكانی پەشۆكاند و بنەما ژیانییەكانیانی هەڵوەشاندەوە و، بنەما و مەرجی نوێی بۆ ژیانی كۆمەڵایەتی لە چوارچێوەیەكی شارستانی جیاواز لەوەی پێشتر هێنایە ئاراوە و، ئەم وەرچەرخانە بە شۆڕشی پیشەسازی ناسراوە. ئەو شۆڕشە لە كارگە و دووكەڵكێشەكان و تایەی سووڕاو، یاخود دەنگی ئامێر و كەرەستەی تازە، یان هێڵی ئاسنین پێك نەهاتبوو، بەڵكو سیستەمێكی كۆمەڵایەتی دەوڵەمەندی لە هەموو روویەكەوە پێكهێنا و، پەلهاوێشتنەكەی تەنیا بارێك یان لایەنێكی دیاریكراوی نەگرتەوە، بەڵكو وەك چۆن كارگەیەكی گەورەی بەرهەمهێنا، ئەوهاش تراكتۆری كێڵگە و ئامێری چاپ و كەرەستەی كارەبایی مەتبەخی بەرهەم هێنا. هەروەها رۆژنامەی رۆژانە و هۆڵی نمایشی سینەمایی دەستەبەر كرد و، نووسین و فرۆكەی زەبەلاحی تەشەنە پێ سەند. سەرەڕای ئەمانەش سەندووقی دەنگدان و، سیستەمی بەشداریكردن لە بڕیار، یان مافی گازندەكردنی هێنایە ئاراوە. لە هەمووی گرنگتر، هەموو ئەم شتە ماددی و مەعنەوییانەی كە بەرهەمی هێنا لە یەك بەستەكدا پێكەوەی بەستنەوە، بۆئەوەی بەهێزترین سیستەمی كۆمەڵایەتی لەسەر بنەمای پێكەوە بەستوویی و تێكەڵبوون دابنرێت، واتە شارستانییەتێكی تازەی خولقاند كە بەهەموو پێوەرەكان لە شارستانێتی پێشوو جیاوازە، كە شۆڕشی كشتوكاڵی بەرهەمی هێنابوو.



ئەم پەیوەستبوونە لە وێنەی تۆڕێكی هێڵی ئاسنین رەنگی دایەوە و، ئەو گەیاندنانەی كە دامەزراون و شتیتر ئەوكات لە وڵاتانی ئەوروپی پەیدابوون، لەم خشتەیەدا روون دەبێتەوە.

**پەیدابوونی هێڵە ئاسنینەكان و بڵاوبوونەوەی لە ئەوروپادا**

| وڵات | مێژووی پەیدابوونی هێڵی ئاسنین | ئەو شارانەی كە بە یەك بەستراون | وڵات | مێژووی پەیدابوونی هێڵی ئاسنین | ئەو شارانەی كە بە یەك بەستراون |
|---|---|---|---|---|---|
| بەریتانیا | ١٨٢٥ | ستكتون - لنفتون | فەرەنسا | ١٨٣٨ | پاریس - سان جیرمان |
| بەلژیكا | ١٨٣٥ | برۆكسل - مالینیە | رووسیا | ١٨٣٨ | شاركو - سان پترسبۆرگ |
| ئەڵمانیا | ١٨٣٥ | نۆرمبرگ - پاڤاریا | ئەوروپا | ١٩٠٠ | بەستنەوەی هەموووڵاتانی جیهان |

هەروەها شۆڕشی پیشەسازی ئەوكاتە ئەو هێزە سیاسییەی دەرهاوێشت كە بەرگری لێدەكرد و، هەژموونی جیهانی نوێی كرد. شۆڕشە نەتەوەییەكان بەسەرۆكایەتی برجوازییەتی نوێی پیشەسازی سەركەوتن. هەروەها لە ویلایەتە یەكگرتووەكان ململانێ لە بەرژەوەندی باكووری پیشەسازی لەسەر باشووری كشتوكاڵی یەكلا بووەوە. ئەو ململانێیەی لە ساڵی ١٨٦٨ لەنێوان سەرجەم هێزەكان لە ژاپۆنیشدا سەریهەڵدا، دەرەنجام ژاپۆن وەك هێزێكی كاریگەری پیشەسازی دەركەوت. دواتر شۆڕشی ئەكتۆبەر لەساڵی ١٩١٧ لە رووسیا، پێكهاتەی نەخشەی نوێی جیهانی پیشەسازی تەواو كرد،

که باڵی بەسەر جیهان لەنێوان هێڵی پانی ٢٥-٦٥ دا لە نیوەی باکووری گۆی زەویدا کێشابوو. ئەم جیهانە نوێیە کە لە منداڵدانی جیهانی کشتوکاڵیدا لەدایکبوو، وابەستەی جیهانی نوێ بوو، یەکێك لە پاشکۆکانی لە گەیاندنی پێداویستییەکانی پیشەسازی نوێ بە ماددەی خاو و هێزی مرۆیی، بۆ خستنەگەڕی ئەو ئامێرە پیشەسازییە و بازاڕی بەکاربراو بۆ بەرهەمەکانی.

ئەگەر رەچاوی پەلکێشییەکانی دیاردەی داگیرکاری بکەین و، درێژە پێدانی هەژموونەکەی لەم قۆناغەدا، کە لەگەڵیدا هێزەکانی شۆڕشی پیشەسازی گەشەی کرد، دەبینین کاتێك کۆلۆمبس لەساڵی ١٤٩٢ بۆ یەکەمجار لە جیهانی نوێ دابەزی، ئەوروپییەکان کۆنترۆڵی تەنیا ٩٥٪ی ئەو جیهانەیان دەکرد، بەڵام لەساڵی ١٨٠١ هەژموون و حکومڕانی سێیەکی جیهانیان کرد. لەساڵی ١٨٨٠یشدا لەڕووی سیاسییەوە دەسەڵاتیان بەسەر ٨٥٪ی ناوچەی گۆی زەوی و ٧٠٪ی دانیشتوانەکەیدا گرت. هەروەك تۆفلەر ئاماژەی پێ دەدات "شارستانی پیشەسازی ئەندامی هەستیاری ئەلیکترۆنی بەرهەمهێنا بە وردبینییەکی زۆرتر لە ئەندامانی بوونەوەری مرۆیی کە دەتوانێ ببیستێ و ببینێ و دەست پێوە بدات و، ئامێرگەلی وا داهێنرا کە بێ شومار ئامێرگەلی نوێ بەرهەم دەهێنێ و، ئەو ئامێرانە لە چوارچێوەیەکدا رێکخران بۆئەوەی کارگە و هێڵی کۆکردنەوە لە چوارچێوەی کارگەکەدا پێك بێنێ".

بێگومان گەشەی پیشەسازی و ژینگە کە شۆڕشی پیشەسازی هێنایە ئاراوە، پێویستییەکی زۆری بە هاوتای کۆمەڵایەتی - کلتووری بابەتی هەبوو، کە هەمان خەسڵەتە شۆڕشگێڕی و بزاوتەکانی باری تازەی لەخۆ گرتبێ. بۆیە کاریگەریی لەسەر خێزان و، سیستەمی خوێندن و، شێوازی پەیوەندییەکان و، رەفتاری کۆمەڵایەتی و، سروشتی وێنابینی کۆمەڵایەتی، هەروەها شێوەکانی بیرکردنەوە و پێکهاتە و جۆری خودی بەرهەمهێنانی رۆشنبیری، هێشتەوە.



## ٢/٢: گەشەسەندنی دیاردەی میدیایی:

ئەو گەشەسەندنە گەورەیە لە پیشەسازی و بیرکردنەوە و کلتوور و سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، بووە هۆی ئەوەی سیستەمێك بۆ زانیارییەکان دابمەزرێ، کە بتوانێ پێداویستییەکانی پێشکەوتنی نوێی تەکنیکی دەستەبەر بکات، هەروەها بەرهەمهێنانی فراوان لە بازاڕەکان Mass Production و گەیاندنی راستەوخۆ لەنێوان شارەکان بە رێگەی تێلێگراف، یان تەلەفۆن، یاخود لە رێگەی هێڵە ئاسنینەکانەوە و، وای سەپاند کە پێویست بکات بەدوای سیستەمێکدا بگەڕێین بۆئەوەی زانیارییەکان ئاڵوگۆڕ بکرێن و لەنێو تاکەکاندا بڵاوبکرێنەوە.

ئەمەش لەسەر پەرەپێدانی دەزگاکانی پۆستە و شێوازەکانی گواستنەوەی نامە لەسەرەتاوە رەنگیدایەوە، لەپاشان زنجیرەیەك داهێنان لەبارەی تەکنیکی گەیاندن هاتنە ئارا، بۆئەوەی پێداویستی تاك و کۆمەڵەکان لە یەك کاتدا فەراهەم بکات، کە بووە دیمەنێك لە دیمەنە رۆژانەییەکانی ژیانی خەڵك.

ئەوکات مارکۆنی تێلێگرافی بێتەلی داهێنا و رۆژنامەی رۆژانە دەرکەوت. شەمەندەفەرەکان یارمەتیدەر بوون بۆئەوەی لە هەمان رۆژدا بۆ شوێنە دوورەکان بگەیەنرێت، هەروەها بڵاوبوونەوەی چەکی پارەی بروسکە و تەلەفۆن، یارمەتیدەر بوون بۆئەوەی هەواڵە نوێیەکان بگات. لە هەموو زیاتر رێژەی زۆری جەماوەرە خوێندەوارەکە بوو، کە چاوەڕوانی دەرچوونی رۆژنامە و کڕینیان دەکرد.

سیستەمی میدیای جەماوەری گەشەی سەند و، سەرەڕای رۆژنامەکان، رادیۆ و تەلەفزیۆن و فیلمی سینەمایی و بڵاوکراوە پروپاگەندەیی و رێکلامییەکان و ئاژانسەکانی دەنگوباس ... هتد لەخۆ گرت و، هەموو ئامرازەکانی ئەم سیستەمە زانیاری جۆراوجۆر و هاوشێوەی وەردەگرت و دەینارد، کە بووە هۆی ئەوەی کەناڵەکانی گەیاندنی بواری میدیایی زانیاری بگەیەنن و بەسەر ملیۆنەها خەڵك دابەشی بکەن، وەکچۆن بەرهەمە بەکاربەرەکانیتر دابەش دەکرێن.

## هەڵسەنگاندنێكی هونەری بۆ كۆمەڵگەی زانیارییەكان ١٨٢٠-١٩٩٠

| ساڵ | پەیدابوون و گەشەسەندنی ئیزگە | پەیدابوونی تەكنیكی گەیاندن |
| --- | --- | --- |
| ١٨٤٠ | | بروسكەنێر |
| ١٨٨٠ | | تەلەفۆن - بروسكەنێری چاپكراو |
| ١٩٠٠ | | بروسكەنێری ئیزگە |
| ١٩١٠ | دەنگی رادیۆ | تەلەفۆنی ئۆتۆماتیكی |
| ١٩٢٠ | ئیزگەی بیستراو | پۆستی میكانیكی |
| ١٩٣٠ | | تلكس |
| ١٩٣٥ | ئیزگەی بینراو | تۆماركەری موگناتیسی |
| ١٩٤٠ | | رادار |
| ١٩٥٠ | تەلەفزیۆنی وایەر | ترانزیستۆر |
| | تەكنیكی شەپۆلە كورتەكان | |
| ١٩٥٥ | كاسێتی ڤیدیۆ | گەیاندنی مەودا دوورەكان |
| | رادیۆ ترانزیستۆر، مانگی دەستكرد، پەخشی گواستنەوە | |
| ١٩٦٠ | تەلەفزیۆنی رەنگاورەنگ | |
| | مانگە گەیاندنە دەستكردەكان | |
| | | بازنە تەواوكراوەكان |
| | لیمفە بینینییەكان | |
| ١٩٧٠ | تۆماركەری ڤیدیۆ كاسێت | پۆستی ئەلیكترۆنی |
| ١٩٩٠ | تەلەفزیۆنی توانا بەرز HDTV | |



شۆڕشی پیشەسازی سیستەم و ئامرازە گەیاندنی و میدیاییەكانی خۆی دەرهاوێشت، وەك ئاماژەمان پێكرد وەك بەدەنگەوەهاتنێك بۆ چەندین هۆكار و پێداویستی، دیارترینیان:

- بەوپێیەی یەكێكە لە پێداویستییەكانی دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی.
- بە گونجان لەگەڵ پەلهاوێشتنی بازاڕ بۆ ناوچەگەلی جوگرافی كە پێشتر نەیناسیوە.
- پێویستبوون بە زانیاری لەبارەی بازاڕ و تەكنیكەكان و گردبوونەوەی دانیشتوانی و پیشەسازییە نوێیەكان.
- لە هەموو گرنگتر زانیاری لەبارەی جموجوڵی سەرمایە و ئاراستە وەبەرهێنانەكەی.

بەمەش رەهەندی گەیاندنیی بووە رەهەندی نوێ كە بە نوێگەری ناودەبرێ و، ناوەرۆكەكەی و، هۆشیارییەكی نوێ بۆ هێزە سەرمایەدارییەكان هەیە كە بنەماكانی ئەم سیستەمە نوێیەیان دانا كە رێگەخۆشكەر بوو بۆ پێگەیشتن و تەواوكاری شۆڕشی پیشەسازی. ئەوكات پەرەی بە ئامرازەكانی راگەیاندن دا، هەر لە رۆژنامەگەری و ئیزگەی بیستراو و بینراو، لەگەڵ تەكنیكە جیاوازەكانی.

**گرنگترین ڕووداوەکان لە بڵاوکردنەوەی گەیاندن لەگەڵ پەلهاوێشتنی سەرمایە**

| ساڵ | ڕووداو | ساڵ | ڕووداو |
| --- | --- | --- | --- |
| ١٨٦٦ | یەکەم خزمەتگوزاری نێودەوڵەتی تێلێگراف لەڕێگەی زەریاکانەوە. | ١٩٥٧ | هەڵدانی یەکەم مانگی دەستکرد بۆ بۆشایی دەرەوە. |
| ١٨٨٤ | | ١٩٦٢ | دەستپێکردنی یەکەم گەیاندنی نێودەوڵەتی بە مانگی دەستکرد. |
| ١٨٩١ | یەکەم سیستەمی گەیاندنی تەلەفۆنی لەنێوان لەندەن و پاریس. | ١٩٧٦ | دەستپێکردنی یەکەم پەخشی ڕاستەوخۆ بە مانگی دەستکردەکان لەسەر پەپکەی سەر بانی خانووەکان. |
| ١٩٢٠ | یەکەم پەخش بە ڕادیۆ لە وێستگەیەکی ئەمریکییەوە. | ١٩٧٧ | یەکەم بەکارهێنانی بازرگانی بۆ تەلە دروستکراوەکان لە لیمفە بینینییەکان کە کاری دەکرد بۆ زیادبوونی توانای گەیاندنە بێتەلەکان. |
| ١٩٢٩ | یەکەم سیستەم بۆ گواستنەوەی زانیاری. | ١٩٧٧ | تەواوکردنی پەیوەستکردنی تۆڕی لیمفە بینینییەکان لە سەرانسەری جیهان، کە بووە هۆی ئاسانکاری لە پرۆسەی بەکارهێنانی ناوەندە جۆراوجۆرەکان و هەڵگیراوەکان و ... هتد. |
| ١٩٣٠ | گوتاری شا جۆرجی پێنجەم کە لەمیانەی پێکەوەبەستنی ٢٤٢ وێستگەی ئیزگەیی لە شەش کیشوەر پەخشکرا. | | |



ئەوانەی کە ئاراستەکانی پرۆسەی گەیاندن و میدیا تیایدا بە یەك ئاراستەدا دەڕوات، واتە نێرەر سەر بە دەستەیەکی دیاریکراوی هونەرکار و پیشەییەکانە و، ئەو کەناڵانە کار پێ دەکات و بەکاردەهێنن. داهێنان و مەعریفە لەخۆ دەگرێ و، لە دەزگاکاندا نوێنەرایەتی دەکات و، کار بۆ داڕشتنی جۆرەها پەیامی میدیایی دەکات و، لەڕێگەی ئەو ئامرازانەوە ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان دەکرێ، بەو ئامانجەی بە گرنگی و ڕۆڵی ئەو دەزگایانە بڕوا بێنێ.

ئەو کەناڵە گەیاندنانەی کە شۆڕشی پیشەسازی بۆ خزمەتکردنی ئامانج و پرۆسەکانی خولقاندی پشتی بە چەند بنەمایەك بەست، لەپێشەوەیان کەڵەکەبوون Accumulation و بەکاربردن Consummation و مۆدە Model، بۆئەوەی خواستەکانی خەڵك و پێداویستییەکانیان بەڕێوە ببات، بەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ چارەسەرێکی فراوانتری ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕووی سیستەمە سەرمایەدارییەکان دەبێتەوە. لەڕێگەی ئەو پرۆسەیەوە، بیرۆکەی سەرمایەداری لە ئیحتیواکردنی بیر و هۆشی مرۆڤ تاڕادەیەك سەرکەوتوو بوو. هەروەها سیستەمی سەرمایەداری لە تەوزیفکردنی کەناڵەکانی گەیاندن و، سوود لێوەرگرتنی لە بەرهەمهێنانی بەکاربەرانی نوێ، لەمیانەی دروستکردنی پەیامگەلی یەکگرتوو و جۆراجۆر سەرکەوتوو بوو، کە هەموو شتێك تیایدا ئەگەری فرۆشتن بێ.

ئەو پەیامانە کە مارکوز Marcuse لە شیکردنەوەکانی ئەوکاتی لەبارەی بابەتی کلتووری جەماوەریدا وا وەسفی کرد، کە لە خولقاندنی مرۆڤی تاکڕەهەندی نائامادەبوو کە هەستی ڕەخنەگرانەی نییە یارمەتیدەرەوو، جیاوازی لەنێوان پێداویستییە گرنگەکان و درۆیینەکان ناکات و هەموو شتێك لای ئەو دەکرێ بشێوێنرێ. ئەگەر بە نموونە، بەراوردمان لەنێوان ئەو پەیامانە کرد کە ناوچەی کۆمەڵگەی پیشەسازی لەدوای شۆڕشی پیشەسازی ئاڵوگۆڕ دەکەن، لەگەڵ ئەوەی کە کۆمەڵگەی پێش ئەو (کۆمەڵگەی جووتیاری - کشتوکاڵی) وەری دەگرت یان ئاڵوگۆڕی دەکرد، ئەوا لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە هیچ لایەنێکی بەراوردکاری

لێ نابینن. بۆنموونە، تاك لە كۆمەڵگەی پیشەسازیدا وای لێهاتووە جۆرە پەیامگەلێكی پێدەگات كە لەلایەن شارەزایانی گەیاندنەوە لێزانانە دارێژراون، گوێ لە هەواڵەكان دەگرێت و، تەماشای ئەو شانۆیانە دەكات كە بە سەلیقەیی دروست كراوە و، فیلم و دراما بینراو و بیستراوەكان، موزیك و، گوتار و لێدوانە زۆرەكان، لەپاڵ ئەوەشدا، تاك لە هەر كۆمەڵگەیەكی پیشەسازیدا دەتوانێ ئەوە بكات كە پێشتر جووتیار نەیتوانیوە بیكات، بەوەی ڕۆژانە و بە وردییەوە هەزاران وشە دەخوێنێتەوە كە پیشتر نووسراونەتەوە.

## ٣/٢: ڕەهەندەكانی دیاردەی میدیایی:

لە نێو جەرگەی ئەم واقیعە كە لە ڕاگەیاندندا بۆتە دیارترین و بەربڵاوترین و كاریگەرترینیان، لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ- كۆمەڵگەدا. ئەو پرسیارانەی كە وەڵامدانەوەی سەختە دەستیكردووە بە چوونە نێو مێشكی توێژەران بۆ گەڕان بەدوای پەهاوێشتنەكانی دیاردەی نوێی گەردوونی و، ئایا دەكرێ تێبپەڕێنرێ، یان دانوسانی لەبارەوە بكرێ؟ هەروەك تۆفلەر دەڵێ: "ئامرازەكانی میدیای جەماوەری ئەمڕۆ بۆتە بڵندگۆیەكی گەورە، كە هێزەكانی خۆی لە بەرە هەرێمی و ڕەگەزی و زمانەوانییەكان بەكار دەهێنێ، بۆئەوەی وێنە هەڵقوولاوەكان بۆ باهۆزی مێشكیی كۆمەڵگە یەك بخاتەوە".

لەبەر ئەمە دیاردەی گەیاندن كە دەرهاوێشتەی شۆڕشی پیشەسازییە تەنیا بە دیاردەیەكی لەناكاو نەمایەوە، بەڵكو بووە پێوەرێكی گرنگ بۆ پێوانی ئاستی پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی كە كۆمەڵگەیەك پێی وەسف دەكرێ.

بەواتایەكیتر، گەیاندن و ڕاگەیاندن: دامەزراوەكانی، پرۆسەكانی، ئامرازەكانی، بۆ ڕێكخستنێكی كۆمەڵایەتی Social System گۆڕان، كە كۆنترۆڵی ژیانی ڕۆژانەی كۆمەڵگە دەكات لەگەڵ ڕێكخستنەكانیتردا. ئەوە یەكێكە لە پێكهاتەكانی بونیاتی كۆمەڵگەی پیشەسازی، هەروەك هەر دیاردەیەكیتر كە كۆمەڵگەی پیشەسازی لە كۆمەڵگە كشتوكاڵییە كلاسیكییەكان جیا كردەوە.



## ٤/٢: دیاردەی میدیایی و شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری:

ئەگەر مەزنایەتی شۆڕشی پیشەسازی خۆی لە بەرهەمهێنان و بەكارهێنانی بڕێكی زۆر لە وزەی میكانیكی ببینێتەوە، ئەوا شۆڕشی نوێی گەیاندن كە هەموو وێنابینینییەكانمانی تێپەڕاند، بڕێكی زۆری لە وزەی مێشكیی بڵاوكردەوە، بەڵام بە بڕی دیاریكراو لە وزەی میكانیكی و، بەشێوەیەكی بەرفراوان كۆمەڵێك تەكنیكی بەكارهاتووی لەمڕۆدا دەرهاوێشت، ئەوەی كە هەموویان بەرەو زانیاری ئاراستەمان دەكەن وەك پەخشی بینراوی دیجیتاڵی، ڕێگەوبان، ئۆتۆمبێلی ئەلیكترۆنی، كتێبخانەی ئەلیكترۆنی، مانگە دەستكردەكان، پۆستی ئەلیكترۆنی، خەپڵە (قرص) ڕووناكییەكان، بنەما دراوییەكان، ئەندازیاری زانین...هتد.. تەنانەت لەوە زیاتریش، ئەمە بەرەو سیستەمی زانیاری ئاراستەمان دەكات و، گواستنەوەو هەڵگرتن، وێڕای توانای گەڕاندنەوە و چارەسەركردن جا دەق بێت، یان وێنە، یاخود دەنگ، ڕاستی بێت یان دروستكراو یاخود وەهمی.

شۆڕشی نوێی گەیاندن لە بۆشاییەوە دەستی پێنەكرد، بەڵكو پشتی بە پێشكەوتنی تەكنەلۆژیای خێرا بۆ كێڵگە زانستییەكان بەست، كە تا پێش ساڵی ١٩٥٠ بەشێوەیەكی تەواو لەئارادا نەبوو "وەك ئەلیكترۆنییە چەندییەكان و، تیۆری زانیارییەكان، بایۆلۆجیای بەشەكی و، زانستی زەریاكان و، ئەتۆمییەكان و، زانستی ژینگە –ئایكۆلۆژیا و، زانستی بۆشایی ئاسمان، ئەم زانستانە یارمەتی مرۆڤیان دا بۆ گەیشتن بە ئەودیو كات و شوێنەوە".

ئەو پێشكەوتنە زانستییە هەلی ڕەخساند لەبەردەم پەیدابوونی كۆمپیوتەر و تۆڕەكانی گەیاندن و، ڕوودانی بازدانێكی جۆریی Qualitative لە ئامراز و چەمكەكان.

لەساڵی ١٩٣٥ تۆوی زانستی بۆ شۆڕشی تەكنیكی زانیارییەكان چێندرا و، لەمیانەی جەنگی دووەمی جیهانی لەدایكبوو، كاتێك ڕۆڵێكی یەكلاكەرەوەی لە هەواڵگریدا بینی و، بەشێوەیەكی بەرچاو لە سەركەوتنی هاوپەیماناندا بەشداربوو، بەڵام

هەنگاوی گرنگتر لەمیانەی داهێنانی کۆمپیوتەری ژمارەیی لەکۆتایی ساڵانی چلەکان لە سەدەی رابردوو هات، وەك بەرهەمێك بۆ بەیەکگەیشتنی زانستەکانی فیزیا و بیرکاری لۆژیکی و ئەندازیاری ئەلیکترۆنی، ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی شۆڕشی تەکنەلۆژیای زانیارییەکان.

لەساڵی ١٩٥٠ەوە تا ئەم ساتە، پرۆسەکانی پەرەسەندنی تەکنیکەکانی زانیاری -بەتایبەتی کۆمپیوتەرەکان-، بازدانی سەرسوڕهێنەری لە توانا و شیاوی لەسەر سەرجەم ئاستەکاندا هاوێشت. کەوا ژمارەی ترانزیستۆرەکان لە ٢٣٠٠ ترانزیستۆر لە یەکەم کۆمپیوتەر (چارەسەر) بۆ ٥,٥ ملیۆن ترانزیستۆر لە نەوەی یەکەم لە کۆمپیوتەری پنتیۆم زیادی کرد. هەروەها توانای هارد دیسك Hard Diskی کۆمپیوتەر لە یەك ملیۆن وشەوە لەساڵی ١٩٥٦ بۆ ١,٦ بلیۆن وشە لەساڵی ١٩٩٧ زیادی کرد، واتە تواناکانی هەڵگرتن لە ٢٥٠٠ لاپەڕە بۆ ١,٦ ملیۆن لاپەڕە لە داتاکان زیادی کرد، ئەم ژمارەیەش ئێستا زۆر زیاتر بووە. هەروەها ئەو تەکنیکانەی کۆمپیوتەر پشتی پێ دەبەستێ یان ئەوەی کە پەیوەندی بە پرۆسەکانییەوە هەیە، ئەویش بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی سەند، هەر لە تۆڕەکانی زانیاری و، رێگەکانی گواستنەوەی زانیاری، تا دەگاتە توانای هەڵگرتن کە بێ سنوورە، بەتایبەتی ئەو دەسکەوتە زانستییەی کە زانکۆی کۆلۆنیا لە ئەڵمانیا پێی گەیشت لە پەرەسەندنی توانای هەڵگرتن لە گەلاڵەکردنی زانیاری بەرامبەر بە یەك ملیار ملیۆن وشەدا، بەمشێوەیە دەتوانرێ زانیارییەکان لەنێوان ١٠٠-٢٠٠ ساڵ بپارێزرێ بەبێ ئەوەی هیچ شتێکی لەناوبچێ. ئەم دەستکەوتە زانستییەش بازدانێکی جۆریی دەگەیەنێ و، لە گرنگییەکەی بەرامبەر بە دەستکەوتنی نەخشەی جینییە. بەمەش مرۆڤ لەتوانایدایە لەڕێگەی ئامێری کۆمپیوتەری دەستەبەربووەوە زانیارییە هەڵگیراوەکان بگەڕێنێتەوە، هەروەها تەکنیکی پەخشی بینراو (تەلەفزیۆن) و پەخشی بیستراو (رادیۆ) پێشکەوتن کە وای لێ هاتووە پشت بە پەخشی دیجیتاڵی ببەستن.



لەمێژووی مرۆڤدا لەنێوان ئامێرێك و یەکێکیتردا گەیاندن، یاخود وتوێژ لەنێوان مرۆڤ و دەوروبەرە عاقڵەکەی رووی نەداوە، ئەوەی کە رەچاو نەکراوە توانای سوودبینینە لە وتووێژ لەنێوان مرۆڤ و ئامێر بە زانیاری لەبارەی شێوازی بیرکردنەوەی خودی مرۆڤ. هەروەها دەکرێ لەبارەی پەیڕەوی تازە بۆ دووپاتکردنەوەی هەندێ سەلمێنراو سوود لە زانیارییەکان وەربگیرێ. لەوەش زیاتر، وای لێهاتووە ئامێرەکان یارمەتیدەرمانن و، هەڵەکانمان بۆ ئامادە دەکەن بۆ ناسینی ئەو لایەنانەی بە بیرکردنەوەی تایبەتیمانەوە پەیوەستە، ئەمەش پێشتر بە هەند وەرنەدەگیرا.

ئەم پێشکەوتنانە بەتایبەتی لەبواری زانیاریدا، بووە هۆی ئەوەی لەبارەی سروشت و پێشکەوتن و پەرەسەندن و کات و شوێن و هۆکارگەری و بابەت و، بیر و چەمکەکانی مرۆڤ و بەها کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان گریمانەی نوێ تەبەنی بکرێت، هەروەها ئەو ئاکارانەی کە پێی مامەڵە دەکات و، پێکهاتەی پەیکەریی ئەو دامەزراوانەی کە پێوەی پەیوەستە.

هەروەها بۆ تێگەیشتنی ئەو ژینگەیەی کە دەوری داوین زانیاری توانای رەخساند، پاشان بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخە گۆڕاوەکان کاری پێویستی ئەنجامدا. زانیاریش بەهای زانیاری و تواناکەی بۆ پشتگیری پرۆسەی بڕیاردانی بەیەکەوە بەستەوە، هەروەها ئەو کارانەی ئەنجامدا کە بەدەنگەوەهاتنی ناوچە گۆڕاوەکە بێت، کە لە تیۆری زانیاریدا بە بەردی گۆشەکە دادەنرێ. گرنگترین جیاکەرەوەکانی ئەم شۆڕشە (زانیاری) گۆڕینی شێوازی گەیاندنە لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگە و، رێگەی گەیشتن بە بڕیارەکان لەژیانی رۆژانەیاندا. هەروەك سۆریۆ J.M.Souriau دەڵێ "چاوەڕوان نەکراویی لە زانیارییەکاندا بنەمایە و، چاوەڕوانکراویی ورد ئیستیسنایە". هەروەها دەڵێ "ئەوەی تێبینی دەکرێ ئامێرە نوێیە فرە نێوەند Multimedia کار دەکەن، لەبەرئەوەی لەتوانای کۆمپیوتەردایە کە لە چرکەیەکدا ٥٠ ملیۆن هتا Cosinus ئەنجام بدا، دواتر حیسابکردن بۆ وێنە بەهەموو رووناکییەکان".

توانای چارەسەری گەیشتە ئاستێك کە وامان لێدەکات نەتوانین وێنەی راستەقینە و وێنەی گریمانەیی Virtual لێك جیا بکەینەوە. ئێستا ژمارەی کۆمپیوتەرە فرۆشراوەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بە تەنیا بەرامبەر ژمارەی ئامێرەکانی تەلەفزیۆنە، ئەمەش ئاستی رکابەری گریمانەی ژمێرراوی راستەقینە دەردەخات.

بە واتایەکیتر، دەرەنجامە سەرەتاییەکانی شۆڕشی میدیایی کە ئێستا وا لە شۆڕشی گەیاندن و ئەو مانگانەی کە بۆشایی دەرەوەیان تەنیوە و تۆڕەکانی زانیاری Web, E.mail, Internet و سیستەمی میدیایی گشتگیر Multimedia ... هتد، دەرەنجامەکانی دەردەکەوێت. هەموو ئەمانە لە خولقاندن یان بەرهەمهێنانی ناوچە و ژینگەیەکی میدیایی بێ وێنە یارمەتیدەرن، کە چەندین رەهەندی کۆمەڵایەتی و کلتووری هەیە، نموونە و تیۆرەکانی پێشووی گەیاندن ناتوانن لەم دیاردەیە و لە لۆژیك و رەفتارەکەی بگەن و شی بکەنەوە، بەو پێوەر و ئامرازانەی کە بۆ پێوانی دەرەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لەسەر ئاستی تەکنیکی و مەعریفی و بونیاتی کۆمەڵایەتی و کلتووری، چیتر گونجاو نییە.

لەمەوە پێویستی لێکۆڵینەوە و شوێنکەوتنی دیاردە هاوچەرخە میدیایی و زانیارییەکان دەردەکەوێت و، ئەو دەرەنجامە کۆمەڵایەتی و کلتووری و نەتەوەییانەی لێی دەبێتەوە، بەمەبەستی هەڵوەستەکردن لەسەر پەڵهاوێشتنی ئەم دیاردەیە و کاریگەرییە خراپ و باشەکانی لەسەر پێکهاتە و وێنابینی کۆمەڵایەتی.

# بەشی سێیەم

## کۆمەڵناسیی راگەیاندن

### ١/٣: پێشکەوتنی مێژوویی:

بۆ خستنەڕووی گرنگی و پێویستی گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەکانی، پێویست ناکات بچینە قووڵایی مێژووەوە، ئەمڕۆ گەیاندنی جەماوەری لە رێکخستن و توانامەندییەکاندا و، بەکارهێنانی تەکنیکی زۆر پێشکەوتووتر لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێ، خاوەن پێکهاتەیەکی بەرچاوە. هەروەها کۆمەڵێك بەهای دامەزراوەیی هەیە کە بەشێوەیەکی راستەوخۆ بە خوێنەران، بیسەران، بینەران و، شێوەی ئەو ناوەڕۆکانەی کە پەیامە گەیاندنەکانی پێ جیا دەکرێنەوە پەیوەستە. لەپاڵ ئەو پەیوەندییانەی کە گەیاندن و ئامرازەکانی لەگەڵ دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان، هەر لە حکوومەتەکانەوە تا دەگاتە تاکەکان، دروستی کرد. هەروەها شێوازەکانی پێشکەوتنی ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، جا لە کاتی بڵاوبوونەوەی وەك داهێنراوی نوێ بۆ ئەنجامدانی ئەرکگەلی کۆمەڵایەتی، یاخود لەو کێشانەی کە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە لەلایەن دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانەوە هێنایە ئارا، کە ئەمیش ئەو کێشانە رەنگ دەداتەوە کە رووبەڕووی سەرجەم داهێنراوەکان بۆتەوە. لەگەڵ هەندێکی کەم لە ئیستسنا، بەڵام لەگەڵ تەکنیکی تردا، لەسەر بەخشراوە کۆمەڵایەتییەکان، وەك شێوازەکانی رەفتار و، بیرکردنەوە و، پەیوەندییەکان و، کارلێکی کۆمەڵایەتی و، شێوە و سروشتی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها دامەزراوە و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان قووڵتر و کاریگەرتر بوو.



لەبەرئەوە، تێگەیشتنی تەواو بۆ ئەو چۆنێتییەی کە ئامرازە جەماوەرییەکان لە کاتگەلی دیاریکراودا دەرکەوتن، پێویست بە زیاتر لەوە دەکات، کە تەنیا ئەم داهێنراوانە بخرێنە لیستێك و خشتەیەکی بۆ بکرێ، کە ناو و مێژووی دیاریکراوی لەسەر بێت، بەڵکو پێویست بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بۆ ئامرازە جەماوەرییەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵایەتیدا دەکات. وەك ئاماژەمان پێدا لەکاتی باسکردنی دیاردەی نوێی میدیایی، گەشە و پێشکەوتنی گەیاندنی هاوچەرخ و ئامرازەکانی، خۆی لە زنجیرەیەك گۆڕاوی گەورەی کۆمەڵایەتی لەو کاتەدا دەبینییەوە، کە بووە هۆی گۆڕانکاری لە رۆڵە سیاسییەکانی هاووڵاتی سادە لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر دیموکراسییەت و، گەشەی روانینی بازرگانی لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر ئازادی بازاڕ و، پەیدابوونی چینی ناوەڕاست وەك هێزێکی کاریگەری کۆمەڵایەتی و، پێشکەوتنی چاپ و تەکنەلۆژیای کاغەز کە لە بڵاوبوونەوەی رۆشنبیری، هەروەها دەرکەوتنی دامەزراوە فێربوونە جەماوەرییەکان یارمەتیدەر بوو، ئەم هەموو پێشکەوتنانە لە سییەکانی سەدەی نۆزدەیەم، رەوشەکەی ئامادەباش کرد بۆ دەرکردنی رۆژنامەی هاووڵاتی سادە و، دروستکردنی گالیسکەی شەمەندەفەر ئەو رۆژنامەیەی بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشتر پێیان نەدەگەیشت دەگواستەوە، ئەمە جگە لەوەی خەڵك و کاڵا بەرهەمهاتووەکانیش لە یەك کاتدا دەگواستەوە.

پێشکەوتنەکان لەبواری تەکنەلۆژیای گەیاندن بەدوای یەکدا هات، تەلەفۆن و ئیزگەی بیستراو و بینراو و چەندین ئامرازیتر وایکرد لەڕووی گرنگی و کاریگەری و، رۆڵ و، ئەو ئەرکانەی کە لەژیانی رۆژانەی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامیان دەدات گەیاندن پێگە کۆمەڵایەتییەکەی وەربگرێ.

ئەم پێشکەوتنانە و چەندینیتر بووە هۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە روو لەم دیاردە نوێیە بکەن و، بۆ ناسینی ئەو کاریگەرییانەی کە لەسەر سەرجەم پێشکەوتنە هەنووکەییە کۆمەڵایەتییەکان بەجێی دەهێڵێ، بەتایبەتی بوونی بەرچاوی لە شوێنە گشتییەکاندا و، لە رێگەی رۆژنامە و ئیزگەی بیستراو و بینراوەوە، چیتر جێی مشتومڕ و ناکۆکی نییە. بەڵام

کاریگەری ئەم لێکۆڵینەوە و توێژینەوانە لەسەر ئاراستەی کۆمەڵناسانی و خەڵکیتر، بە دیاریکراوی مایەوە لە دامەزراندنێکی تیۆری بۆ ئەو ئاراستە توێژینەوەییانە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی کولی گەلاڵە بوو.

بەڵام لەوەتەی خزمەتگوزاری ئیزگەی بینراو (تەلەفزیۆن) لەساڵی ١٩٤١ دەستپێکرد، بەتایبەتی لە ئەمریکا، بۆ توێژینەوەکانی گەیاندنی جەماوەری پاڵنەرێکی بەهێز بوو، بۆئەوەی لە کاریگەرێتییەکەی لەسەر جەماوەری بینەر بکۆڵدرێتەوە.

لەپاشان روانینی توێژینەوەیی گەشەی سەند بۆئەوەی ئەرکەکانی لە لێکۆڵینەوە بەراوردکارییەکان بگرێتەوە، کە باسیان لە بابەتی تایبەتمەندی هەریەك لە ئامرازەکانی گەیاندن کرد وەك تایبەتمەندییەکانی و هێزەکەی، بە بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانیتر لەرووی کاریگەری و ناوەرۆکەوە، دەکرێ بڵێین ئەو بابەتە سەرەکییانەی کە بووەوە تەوەری لێکۆڵینەوەکانی گەیاندن بریتین لە: کاریگەری گەیاندنی و، جەماوەری وەرگر (بیسەران، بینەران) و، ناوەرۆکی پەیامە گەیاندنییەکان. هەوڵەکانی کەڵەکەی دیاردەی گەیاندنی -میدیایی- نوێ لەو سنوورەدا نەوەستا، بەڵکو هەوڵێکی زۆریدا بۆئەوەی بەشوێن پەیوەندی لەنێوان گەیاندن و پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بکەوێت، هەروەها کار بۆ چەسپاندنی بنەما و رەهەند و ناوەرۆکەکانی رۆڵی کۆمەڵایەتی بۆ گەیاندنی جەماوەری بکات.

بێگومان، سەرەتاکانی بایەخدان بە پەیوەندی نێوان گەیاندنی جەماوەری و کۆمەڵناسیی، وەپێش کاری زانایانی کۆمەڵناسیی راگەیاندنیی هاوچەرخ کەوتووە، بەڵام ئەو سەرەتایانە تەنیا تێبینییەکی تاڕادەیەك لاوەکی و بەسەرچوو بووە و، ئەو تێبینییانە توانای خستنەرووی پەهاوێشتنەکانی پەیوەندی نێوان گەیاندن و کۆمەڵگەی بەو مانایە نەبووە، کە ئەمڕۆ بەوشێوەیە لێی تێدەگەین. هەرچەندە هەوڵی جۆن لوك John Lock بە سەرەتای راستەقینە دادەنرێ لەوەی دیاردەی گەیاندنیی بە دیاردەی میدیایی پەیوەست بکات، بەڵام نەیتوانی بیرۆکەیەکی روون لەبارەی ئەو پەیوەندییە



گەڵاڵە بکات و، بیرۆکەکەی ئاراستەیەکی مرۆیی وەرگرت هەروەك لە شیکردنەوەکە دەرکەوت کە لە ساڵی ١٦٩٠ لەبارەی سروشت و گرنگی گەیاندن لە ژیانی مرۆییدا و، پەیوەندییە راستەوخۆکەی بە مێشك و زمان بڵاو بووەوە، بەوەی وتی "کاتێك خودا مرۆڤی وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دروستکرد، بۆ ئەوە نەبوو کە تەنیا ئارەزوو و پێویستی بە هاوڕێیەتی هاوڕەگەزەکەی خۆی بێت، بەڵکو زمانیشی پێ بەخشی کە ئامرازێکی گەورە و هاوبەندییەکی هاوبەشە لە کۆمەڵگەدا".

بەڵام چەمکی پەیوەندی لەنێوان گەیاندن و کۆمەڵ تا ساڵی ١٩٠٩ رەهەندی راستەقینەی وەرنەگرت، کە لەسەر دەستی کۆمەڵناس چارلز کولی بوو لەکتێبەکەی (رێکخستنی کۆمەڵایەتی) کە ئەوکات بە چاپی گەیاند. کولی بایەخێکی بەرچاوی بە گەیاندن لە بونیاتی کۆمەڵایەتی دا، لەڕێگەی پێناسەکەی بۆ گەیاندن کە دەستنیشانی کردبوو، بەوەی ئەو شێوازەیە کە لەڕێگەیەوە پەیوەندییە مرۆییەکان دروست دەبێ و لە بووندا بەردەوام دەبێ و، لە هەموو هێما رۆحییەکان پێکدێ، بەو ئامرازانەشەوە کە بە شوێندا تێپەڕ دەبن و، لەڕێگەی کاتەوە پارێزگاری لە بەردەوامێتییەکەی دەکرێ و، ئەو ئامرازانەش دەربڕینەکانی رووخسار، باری لەش، جووڵە جەستەییەکان، ئامرازی دەنگ، وشە، نووسین، چاپ، هێڵەکانی ئاسنین، تێلێگراف، تەلەفۆن و هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ تێپەڕاندنی شوێن و کات دروست دەکرێن.

بەواتایەکیتر، گەیاندن لای کولی بە چەمکی بنەڕەتی لە بیری کۆمەڵایەتیدا دادەنرێ، تەنانەت لەوە زیاتریش وەك میکانیزمێکە کە سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بەردەوامێتییەکەی دەستنیشان دەکات. بە رای کولی شیکردنەوەی پرۆسەی گەیاندن توانای جیاکردنەوە لەنێوان چوار هۆکاری سەرەکی دەستەبەر دەکات، کە لەمانەی خوارەوەدا دیاری دەکرێ:

١- توانای دەربڕین بۆ ئامرازەکانی گەیاندن، بەتایبەتی تواناکەی لەوەی بیرۆکە و هەستەکان بۆ ئەوانیتر بگوازێتەوە و بگەیەنێت.

٢- توانای لەسەر بەردەوامێتی کاریگەری یاخود تێپەڕاندنی رەگەزی کات.

٣- تێپەڕاندنی هۆکاری شوێن یاخود خێرایی.

٤- توانای بڵاوبوونەوەو، توانای گەیشتن بە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە.

بەواتایەکی دیاریکراوتر، گەیاندن بەپێی هەست و بەهای کلتووری و عەقڵی، توانای ڕێکخستن بە کۆمەڵگە دەبەخشێ فراوانتر لەوەی لەسەر بنەماکانی دەسەڵات یان ئوتۆکراتی، یاخود تایفی ڕێکخرابێت، چونکە خودی پرۆسەی گەیاندن هەمیشە و لە هەموو بارێکدا ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی هەیە، کە بە جوڵاو ناسراوە نەك بە جێگیریی.

توێژینەوە و شیکردنەوەی گەیاندن و، پرۆسەکانی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر ئەو هەوڵە سەرەتاییانە ڕانەوەستاوە، بەڵکو چەندین لێکۆڵینەوە و بە ئاراستەی جیاجیا ئەنجامدران، هەر لە لێکۆڵینەوەی ئامرازەکان و تایبەتمەندییەکانی و ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکەی و کاریگەرییەکەی و ئەرکەکانی و، ناوەرۆکی ئەو پەیامانەی کە پەخشی دەکات یان لە ئامرازەکانی گەیاندندا بڵاوی دەکاتەوە. هەروەها لێکۆڵینەوەی ئەوانەی گەیاندنەکە ئەنجام دەدەن و، لایەنە ڕێکلامی و هاندەرەکان بۆ مەبەستی تایبەتی و، گۆڕانکاری لە ئاراستە و قەناعەتەکان. یان هەڵسەنگاندنی ئەو ڕۆڵانەی کە کۆمەڵە و تاکەکان ... هتد ڕای دەپەڕێنن. ئەم لێکۆڵینەوانە مۆرکی بەردەوامێتییان پێوە دیاربوو، بەمەبەستی دانانی بنەماکانی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن و گەیاندن، ڕۆبەرت پارك Robert Park و کورت لیڤین Kurt Levin و کارل هۆڤلاند C.L.Hovland بە نموونە.

ئەم هەوڵانە لێکۆڵینەوەی دیاردەی گەیاندنیی و ناسینی ناوەرۆك و ئەرکەکانی و ئەو کاریگەرییانەی بەجێی دەهێڵێ گرتەوە، هەروەها هەوڵدان بۆئەوەی پێشکەوتنە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی لێك بدرێتەوە و بەشوێنی بکەویت، ئەوانەی کە لەم بوارەدا جێ دەستیان دیار بوو بریتی بوون لە ڕۆبرت پارك و هارلد لاسویل Harald Lasswell و لازارسفیلد F.Lazarsfeld و دینیس ماکویل Denis Mequail و دانییل لیز Daniel Lener و ویلبر شرام Wilbur Schramm و چەندینیتر، لەوانەی بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە کۆمەڵناسییان کۆڵییەوە.



ئەم هەوڵە توێژینەوەییانە بنەما زانستی و تیۆرییەکانی ئەو ئاراستانەی گەڵاڵە کرد کە (کولی) و ئەوانەی دوای ئەو لە دانانی بنەماکانی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن دەستیان پێکرد. ئاراستەکانی توێژینە هاوچەرخەکان بۆمانی دووپاتی دەکەنەوە و، ئەوەی لەم گۆڕانە ڕیتمە خێرایەی کۆمەڵایەتی تیایدا دەژین، ڕەوایەتی پێهەستانی لقێك لە کۆمەڵناسیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری دووپات دەکاتەوە، لەگەڵ باوەڕهێنانمان بەوەی کە ئەم تاوتوێکردنە سۆسیۆلۆژییە بۆ گەیاندن، پێویستە هەندێ لایەنی وەرگیراو لە زانستەکانی کۆمەڵناسی کلتووری و ئابووری کۆمەڵایەتی و ئابووری سیاسی ڕەچاو بکات.

بەڵام پرسیاری گرنگتر کە خۆی دەخاتەڕوو، ئەوەیە: ئایا ئەم پێشکەوتنانە کە گەیاندن و ئامرازەکانی و ئەم هەوڵە گەورە توێژینەوەییانەی زانایانی گرتەوە، بۆئەوەی پێویستی هەبوونی زانستی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن بسەلمێنرێ بەسن؟

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە، کە ئەمڕۆ ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی یەکێکە لە گرنگترین ڕێکخستنە لاوەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژین. بەمانایەکیتر، مێژووی دەرکەوتنی دیاردەی میدیایی و پەیوەستبوونی بە دیاردەی کۆمەڵایەتی جەماوەری هاوچەرخەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی پیشەسازی دەگەڕێتەوە، کە خۆی لە پەیدابوونی شارە گەورەکان، دامەزراوەو ڕێکخراوە پیشەییەکان، بەرهەمهێنانی جەماوەری، بزاوتە کۆمەڵایەتییە- مێژووییە گەورەکان دەبینێتەوە و، گەشەی گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەکانی و گۆڕانی بۆ یەکێك لە توخمە سەرەکییە پێکهاتووەکانی بونیاتی کۆمەڵگەی نوێی پیشەسازی، هەروەك دابەشکردنی کار و تەکنەلۆژیا و بیرۆکراسییەت، هەموویان لە دیاردەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتین، کە ئەم کۆمەڵگە پیشەسازییە لە کۆمەڵگە نەریتییەکان جیا دەکاتەوە.

## ٢/٣: گرنگی گەیاندنی جەماوەری:

بۆئەوەی بەشێوازێکی میتۆدی و کرداری لە تێزەکەی زبلیرمان، لەبارەی پەیوەندی نێوان راگەیاندن و کۆمەڵ و، ئاستی راستی مەرجەعییەتی سەرەکی راگەیاندن بۆ بونیاتی کۆمەڵایەتی و، شێوەکانی رێکخستنی کۆمەڵایەتی بکۆڵرێتەوە، بۆ دەرکەوتنی راستی ئەو تێزە، هەندێ تاقیکردنەوەی گریمانەیی مەیدانی بەم پێیە دەکەین:

- پەیوەندی و کارلێك و شێوازەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی چی بەسەر دێ، ئەگەر ئامرازەکانی گەیاندن - راگەیاندن لە بووندا نەمێنن؟

- بونیاتی مەعریفی و کلتووری و زانستی (بە فێربوونیشەوە)ی کۆمەڵگە چی بەسەر دێ، ئەگەر ئامرازەکانی گەیاندن - راگەیاندن بوونیان نەمێنێ؟

- بونیاتی ئابووری و تەکنەلۆژی و پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکاربردن چی بەسەر دێ، ئەگەر ئامرازە هاوچەرخەکانی گەیاندن بوونیان نەمێنێ؟

- بونیاتی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵایەتی و، شێوە و سروشتی دامەزراوە رێکخراوەکانی کۆمەڵگە بەگشتی، چییان بەسەر دێ، ئەگەر ئامرازە هاوچەرخەکانی گەیاندن لە بووندا بسڕێنەوە؟

- کۆمەڵگە بەگشتی چی بەسەر دێ، ئەگەر ئامرازەکانی گەیاندن- راگەیاندن نەمێنن و، ژیان بۆ پێش ٣٠٠ ساڵ بگەڕێتەوە؟

دەکرێ ژیانی کۆمەڵایەتی بە بێ گەیاندن و ئامرازە هاوچەرخەکان، چۆن وێنای بکەین؟

بەبێ رەچاوکردنی وردیی و بابەتیی (زانستی) ئەم گریمانانە و توانای جێبەجێ نەبونی، کە لەوانەیە لەبەر خەیاڵیی ناوەڕۆکییەوە بێ، بەڵام تاقیکردنەوەی بەشێوەیەکی میتۆدی، بەپێی بنەماکانی تیۆری واقیعی گریمانەیی چیتر مەحاڵ نییە، کە بۆتە تەوەرێك بۆ توێژینەوە زانستی و کردارییەکان، لەبواری تەکنەلۆژی یان زانستی پەتی، یاخود زانستەکانیتر وەك کارگێڕی و، پلاندانان و، ... هتد.



ناوەڕۆکی ئەو تیۆرە بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە: توێژەر واقیعی گریمانەیی نموونەیی دەخولقێنێ، لەروانگەی لۆژیکی ناوەڕۆکی ئەو گرفتەی کە توێژەر چارەسەری دەکات، لەپاشان پەیڕەوکردنی شێوازی میتۆدی زانستی لەسەر نموونە گریمانەییەکە. تاقیکردنەوەی گریمانەیەکی لەم جۆرە کارێکی سەخت یان مەحاڵ نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەباری پیادەکردنی میتۆدی مێژوویی یان بەراوردکاری بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو بارەکە (پێش و پاش شۆڕشی پیشەسازی) و، بەراوردکردن لەنێوانیان و، خستنەڕووی دەرەنجامە وەدەستهاتووەکانی ئەو بەراوردە.

کۆمەڵناسیی لە کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە و بابەتە ناوەندییەکەی بە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەستنیشان دەکرێت. واتە کەسێك یان چەند کەسێك کاریگەری لەسەر ئەوانیتر هەیە. ئەم کاریگەرییەش بەپێی خۆی کار لە رەفتار و دواتر پەیوەندییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتی دەکات. ئەگەر تێبینی ئەو رۆڵە بکەین کە رای دەپەڕێنێ، بریتییە لە کارلێککردنی نێوان دوو کەس، هەریەکەیان لەچوارچێوەیەکی بونیاتی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا کار لەویتر دەکات: یەکێکیان نێرەرو ئەویتر وەرگر، لەرێگەی ئامرازێکی دیاریکراوەوە دەبێ.

ئەم پرۆسە کارلێککردنانە لەماوەی چەند چرکە و خولەك و کاتژمێر و رۆژ و هەفتە، بە بێ راوەستان بەردەوام دەبێ. ئەو ماوەیەی کە تاك رووبەڕووی دەبێتەوە بۆ گەیاندن و ئامرازەکانی، ئەگەر تەلەفۆن، کۆمپیوتەر، کتێب، رۆژنامە، رادیۆ، ریکۆردەری بیستراو، ئیزگەی بینراو، ئوتۆمبێل یان ئەو ئامرازانەی گواستنەوە کە بەکاری دەهێنێ لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئەوکاتەی کە مرۆڤ لەگەڵ ئامرازەکاندا مامەڵەی پێ دەکات، لە رۆژێکدا لە ١٢ کاتژمێر تێدەپەڕێنێ.

مانای ئەوەیە، مرۆڤ لە کۆی ٢٤ کاتژمێری رۆژدا نیوەی کاتەکەی لەگەڵ ئامرازەکانی گەیاندندا بەسەر دەبات. لەم ماوەیەدا مرۆڤ لەگەڵ ئەوانیتردا گفتوگۆ دەکات و، لە خۆشی و ناخۆشییاندا بەشدار دەبێ و مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات و، بە دوای بەرژەوەندییەکانیدا دەگەڕێ و، رۆشنبیرییەکەی لەبارەی کۆمەڵگە و تاکەکانەوە

پێکدەهێنێ. تاقیکردنەوەی گریمانەیەکی لەم شێوەیە چیتر سەخت نییە، بەتایبەتی ئەگەر بنەماکانی میتۆدی تاقیکاری یان مێژوویی، لەگەڵ بەکارهێنانی بەراوردکاری پێش و دوای هەڵسەنگاندنەکە پیادە بکرێ، ئەو پێوەرانەی کە کۆنترۆڵی رەفتاری تاکەکان و کۆمەڵگە دەکات، لایەنی مەعریفی و بیروباوەڕەکانی ئەو تاکە یان یەکێکیتر دەناسێنێ.

## گەیاندن و کارلێککردنی کۆمەڵایەتی:

بەم واتایە، گەیاندن و گەیاندنی جەماوەری چیتر لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بابەتێکی پەراوێزکراو نییە و، بەتایبەتی پەیوەندی و کارلێککردن و شێوازەکانی رەفتاری کۆمەڵایەتی. بەڵکو گەیاندن بۆ تەوەرێك بۆ دانان و رێکخستن و رێککردنی ئەو توخمە کۆمەڵایەتییانە گۆڕاوە. لەوانەیە زیادەڕۆیی نەبێ کە زەحمەتە قسە لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە گونجاوەکان و، کارلێککردنە راستەقینەییەکان و، چەشنەکانی رەفتاری هۆشدارانە، بەبێ گەیاندن و بەبێ بوون و کاری ئامرازەکانی گەیاندن بکرێت. بەواتایەکیتر، دیارنەمانی گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەکانی، لەبەرامبەردا مردنی ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخ دەگەیەنێ، واتە دیارنەمانی ئەو پەیوەندییانەی کە ئێستا دروستی دەکەین و، بزربوونی ئەو شێوانەی کارلێکی کۆمەڵایەتی کە ئێستا رەچاومان کردووە و، شێوازە هاوچەرخەکانی رەفتارە وەك یەکێك لە پێداویستییە هاوچەرخەکان نەمێنێ.

دەکرێ ئەو پەیوەندییەی نێوان گەیاندن و پێکهاتەکانی بونیاتی کۆمەڵایەتی: پەیوەندییەکان، کارلێککردن، شێوازەکانی رەفتار، بەم پێیەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- گەیاندن داڕشتنێکی سەرەکییە لە داڕشتنەکانی کارلێککردنی کۆمەڵایەتی، واتە لەنێوان دوو توخمی سەرەکی لەچوارچێوەی بونیاتی کۆمەڵایەتی نێرەر بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکەی و، وەرگرەکەی و، هەردووکیان کاریگەرە و کاریگەر دەبێ لەچوارچێوەی پەسەندکردنی بابەتی کارلێککردنەکە - پەیامەکە وەك لە پەسەند نەکردنی. لەهەردوو بارەکەدا هەڵوێستی تاکێك (وەرگر) لە تاکێکیتر (وەرگر) دروست



دەبێ. بەم شێوەیە گەیاندن وەك یەکێك لە دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لەژیانی مرۆڤدا دادەنرێ، کە لەسەر بنەمای کاریگەری لە هەڵوێستەکان، ئاراستەکان، بەهاکان، پێوەرەکان، شێوازەکانی رەفتار و، شێوازەکانی بیرکردنەوە و، بونیاتی وێنابینینێکی کۆمەڵایەتی لەبارەی ژیانی کۆمەڵایەتی.

٢- گەیاندن داڕشتنێکە لە داڕشتنەکانی ئەنجامدان و رێکخستنی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان، لەوانەیە زەحمەت بێت قسە لەسەر هەر پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو تاك، کۆمەڵە و دامەزراوەکاندا بکەین، بەبێ ئەوەی کەناڵ و ئامرازێکی گەیاندن هەبێ و، دەکرێ پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان وا وەسف بکەین کە نموونەگەلی کارلێککراوی دووبارە و قابیلی نوێکردنەوەیە، کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە: تەوافوق، رێککەوتن، هاریکاری، نوێنەرایەتیکردن، رکابەری، ململانێ، جیاکاری، پسپۆڕیتی، رۆشنبیرکردن. هەموو ئەم شێوە پرۆسەیانە لەڕاستیدا ناکرێ بە بێ گەیاندن بەجێ بگەیەنرێن، واتە دواجار ئەو بزاوتەیە کە هێز و بەردەوامی بە پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان دەبەخشێ.

بەم جۆرە دەکرێ ئەوە وێنا بکەین کە چی روودەدات ئەگەر ئامرازەکانی گەیاندن نەمێنن، کە بزوێنەری سەرەکی بۆ پرۆسە هاوچەرخە کۆمەڵایەتییەکانە، کە بوونی مرۆڤی هاوچەرخ و ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتییەی لەسەرجەم بوارەکاندا لەماوەی سێ سەدەی رابردوو جێبەجێ بوو بە مەرجی دەزانێ. تەنها ئەوە بەسە کە ئاماژە یان رەچاوی قەبارەی ئاڵوگۆڕی ئەمڕۆی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی بازرگانی پێش ٣٠٠ ساڵ بکەین و، قەبارەی ئاڵوگۆڕی مەعریفی و کلتووری ئەمڕۆ و قەبارەکەی لەوکاتەدا، هەروەك بیل گیتس دەڵێ "پێش داهێنانی گۆتەنبێرك لە کیشوەری ئەوروپا تەنها ٣٠٠ هەزار کتێب هەبوو، زۆربەیان ئینجیلەکان بوون". بە پێوانەی ئەمە دەکرێ بەراوردێك لە سەرجەم بوارەکاندا بکرێ، لەپێشەوەیان بۆ نموونە، گواستنەوە، جموجوڵ، تێپەڕاندنی مەوداکان. بەمانایەکیتر، گەیاندن دەتوانێ ئەو گرفتە گەورەیە چارەسەر بکات کە لە ئەنجامدانی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکاندا رێگر بوو، بەتایبەتی لەبواری ئاڵوگۆڕ و دابەشکردنی کاڵا و بیر و بەها و پێوەرەکاندا. ئەوەش گرفتی کات و شوێنە، ئەمە جیاوازی بنەڕەتییە لەنێوان ئەرکی گەیاندن لە ئێستا و رابردوودا.

## ئامرازەکانی گەیاندن و بونیاتی مەعریفی:

ئەگەر وامان دانا ئامرازەکانی گەیاندن و پرۆسە گەیاندنییەکان نەمان، ئایا بونیاتی مەعریفی و کلتووریدا چی بەسەر دێ؟ خۆمان لەباری بزربوون لەبەرامبەر تابلۆیەکی رەشی تۆخدا دەبینینەوە، ئەو رەنگ و هەستەی نییە کە ئەو تابلۆیە لە دەروون و سۆزو وروژاندندا دەیوروژێنێ، بەواتایەکیتر، کارلێکی نێوان مرۆڤ و بوونە مرۆیی و سروشتی.

بەسیەتی کە بەراورد لەنێوان قەبارەی چاپەمەنییەکانی ئێستا و ئەوەی پێش ٣٠٠ ساڵ بکەین، هەروەها قەبارەی ئاڵوگۆڕی مەعریفی ئێستا و ئەوکات و، جموجوڵی خەڵکی ئێستا و ئەوکات و، رێژەی خوێندەوارانی ئێستا و ئەو سەردەمە و، بەراورد لە قەبارەی بەرهەمهێنانی کلتووری و مەعریفی ئێستا و هی ئەوکات. ئەگەر ئەو پەیامە داڕێژراوانەمان بەراورد کرد کە مرۆڤ لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی پیشەسازیدا وەری دەگرێت، دەبینین چەندین شێواز لە پەیامی پێدەگات - زۆربەیان لەڕێگەی ئامرازە گشتییەکانی راگەیاندنەوە دەبێ - کە شارەزایانی گەیاندن بە لێوەشاوەییەوە دایانڕشتووە. ئەو گوێ لە هەواڵەکان رادەگرێ و، تەماشای شانۆگەرییە بەسەلیقە دروستکراوەکان و، فیلمەکان و، دراما تەلەفزیۆنی و رادیۆییەکان دەکات کە سیناریۆکانیان بە وردی نووسراونەتەوە و، گوێ لە موزیك رادەگرێ و، گوێ لە گوتار و لێدوانی گەورەتر دەگرێ، لەسەرووی هەمموو ئەمانەش کارێك دەکات کە جووتیاری پێش خۆی نەیتوانیوە بیکات و، رۆژانە هەزار وشە دەخوێنێتەوە کە پێشتر بە وردی نووسراونەتەوە.

ئەگەر رەوشی ئابووری و تەکنەلۆژی و، پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و، دابەشکردن و بەکاربردن لەمڕۆدا لەبەرچاو بگرین و، بە ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا بەراوردی بکەین، دەبینین هیچ سیمایەکی بەراوردکاری نییە. نموونەی ئەمەش بریتییە لە کارەبا، کۆمپیوتەر، ئەتۆم، ئامرازەکانی گواستنەوە، پەخشی راستەوخۆ، مۆبایل، تەکنەلۆژیای زانستی کە توانای پێشبینیکردنی هەیە و، مرۆڤی رۆبۆت ... هتد.



بەڵام ئەگەر رەچاوی قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی و، قەبارەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بکەین، دەبینین هیچ خاڵێکی هاوبەش لەنێوان نەوەی ئێستا و ئەوەی پێش ٣٠٠ ساڵدا نییە.

لەگەڵ ئەوەی گۆڕانکارییەکانی بواری سیاسی و ئابووری گۆڕانکاری گەورەیان بەسەردا نەهاتووە، وەکچۆن بەسەر کلتوور یان ئابووری یاخود زانست و تەکنەلۆژیادا هاتووە، بەڵام دەکرێ ئاماژە بەو وەرچەرخانە دیموکراتی و دەسەڵاتییانە بدەین کە ژیانی تازە بە مەرجی دانا.

(تۆفلەر) ئەمە دووپات دەکاتەوە کاتێك دەڵێ: شەپۆلی دووەم سیستەمێکی کارای کۆمەڵایەتی دۆزییەوە کە تەکنیکی پێشکەوتووی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و، کەناڵە میدیاییەکانی هەیە کە بەهێزەوە بە یەکەوە بەستراون. بەڵام لەلایەکیترەوە، یەکێتی ژێرخانی کۆمەڵگەی لێك هەڵوەشاندەوە و، جۆرە شێوازێکی ژیانی خولقاند کە پڕە لە پەشێوی ئابووری و ململانێی کۆمەڵایەتی و نیگەرانی دەروونی.

لەگەڵ ئەوەی بڵاوکردنەوەی دیموکراتییەت و هەندێ سیمای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەژمارەیەك کۆمەڵگەدا بەرجەستە دەبێ، بەڵام گرفتی دیموکراتییەت و جیاوازی کۆمەڵایەتی هێشتا لە زۆر لە وڵاتانی جیهان و گەلانیدا کێشەی گەورەن. بەگشتی، ئەگەر هەوڵبدەین ئەو دەرەنجامانە بزانین کە لە گرێمانەی نەمانی گەیاندن و ئامرازەکانی، لە کۆمەڵگە بەگشتی لەچوارچێوەی پێشکەوتنی شارستانی پێش و دوای شۆڕشی پیشەسازی دێتە ئارا، بێ ئەوەی پێش دەرەنجامەکانی شۆڕشی نوێ لەبواری گەیاندندا بکەوین، دەکرێ بڵێین کۆمەڵە پیشەسازییەك هەن کە هەڕەشەی نەمانیان لەسەرە.

ئەگەر بە نموونە، بڕیارماندا ئامرازە جەماوەرییەکانی گەیاندن لە کۆمەڵگەی تازەدا لابەرین، ئەوا پیشەسازی کەرەستەی کارەبایی، کە ئامێرەکانی ناردن و ئامێرەکانی گەیاندن بەرهەم دەهێنن بوونی نابێ، هەروەها پیشەسازی بەرهەمهێنانی ئەدەب و موزیك و، پیشەسازی کاغەز نامێنن. هەروەها لەئاکامی ئەم نەمانە

گریمانەییەی ئامرازەکانی گەیاندندا، توانای دابەشکردنی کالاّ بەکاربەرییەکان لەچوارچێوەیەکی فراواندا دیاریکراو دەبێ، بەهۆی ئەوەی کەناڵە سەرەکییەکانی ریکلام نامێنن، هەروەها چیتر وروژاندنی ئارەزوو لە پێداویستییەکانی جەماوەر بەرەو کالاّگەلی نوێ یان زیادکراو ئاسان نابێ. سەرەڕای ئەمە نەمانەکە دەبێتە هۆی: کەمبوونەوەی توانای گەشە و کەڵەکەبوونی سامانی کلتووری لە کۆمەڵگەدا و، کەمبوونەوەی پاشخانی کلتووری کە ئامرازەکانی میدیا بۆ جەماوەری بەرفراوان بەرهەمی دەهێنن. هەروەها دامەزراوە تایبەتمەندە کلتوورییەکان پاساوی بوونیان لەدەست دەدەن و، لەپێشەوەشیان: رۆژنامەکان، ئێزگەی بیستراو و بینراو.

هەروەها ئەمە ناچارمان دەکات رووبەڕووی کێشەی بەزاندنی ئاستەنگەکانی کات و شوێندا، لە بەردەوامێتی و، لە گەیاندنی بابەتە مەعریفییەکان و، لە رەگەزەکانی کاریگەری لەسەر بیر و هەستی ئەوانیتر ببینەوە. گرنگترین شت نەبوونی دیاردەی هاوچەرخ و بزربوونێتی. هەروەها نەگەیشتنی زانیاری لەبارەی چالاکییە سیاسییەکان بۆ کەرتە فراوانەکانی گەل و بەو خێراییەی کە ئامرازەکانی راگەیاندن هەیانە، وا دەکات دیموکراتییەتە نوێیەکان توانای بەردەوامێتی و بوونیان لەدەست بدەن. هەروەها لەگەڵ دیارنەمانی ئامرازەکانی راگەیاندن، هەموو لقەکانی زانستە تایبەتمەندەکان لە لێکۆڵینەوەی ئامراز و پرۆسەکانی گەیاندن و هەموو ئەوانەی پەیوەستە پێیەوە، دیار نامێنن.

سەرەڕای لە کارکەوتنی بەشداری ئامرازەکانی گەیاندن بەشێوەیەك لە شێوەکان، لە خولقاندنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە، تەنانەت لەوەش زیاتر، ئەم ئامرازانە بوونەتە یەکێك لە پێکهاتە حەتمییەکانی بونیاتی کۆمەڵایەتی، کە لەتوانای کۆمەڵگەی هاوچەرخدا نییە بە بێ ئەو بەردەوام بێت.

ئەگەر پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لەبواری گەیاندن و ئامرازەکانیدا لەبەرچاو بگرین، دەبینین ئەو بەراوردانەی ئاماژەمان پێدا زۆر سادەن، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێستا وەك تاك و وەك کۆمەڵگە رووبەڕووی دەبینەوە. ئەگەر رەگەزی پیشەسازیکردن



بەخێرایی گەیاندن جیا دەکرێتەوە، ئەوا گواستنەوە بۆ چەرخێکی سەروو پیشەسازیکردن بە هەوڵدانی زۆر گەورە بۆ خێراتر بوون جیا دەکرێتەوە. شەپۆلی پەیامە داڕێژراوەکان بۆ شەپۆلی شکێنەری توند گۆڕاوە، بەردەوام لەدوامانەوەیە و بە سووربوونێکی تەواو لە هەستەکانمان دەدا، بەمەبەستی بەزاندنی بەرگرییەکانمان و کۆنترۆڵکردنی قووڵایی کۆئەندامی دەمارێمان.

بەواتایەکیتر، گەیاندن (راگەیاندن) و ئامرازەکانی چیتر بابەتێکی کۆمەڵایەتی پەراوێزخراو نییە، بەڵکو بۆتە بابەتێکی ناوەندی لە پێوانی ئاستی پێگەیشتن و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و، لە داڕشتنەوەی شێوازەکانی بیرکردنەوە و رەفتار و، کارلێکی کۆمەڵایەتی و، پێکهێنانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا. چیتر رۆڵەکەی لاوەکی نییە، بەڵکو لە سەرکردایەتیکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا پێگەی یەکەمی گرتووە، هەروەها کاریگەرییەکەی چیتر دیاریکراو نییە، بەڵکو بۆ قووڵایی کۆمەڵگە: دابونەریتی، کلتوورەکەی، بەهاکانی، داڕشتنی ئاراستەکانیدا پەلی هاوێشتووە.

وەك فلوروركاخ ئاماژەی پێدەدات "بە بێ ئامرازە جەماوەرییەکان، خەڵك ناتوانن زانیاری پێویستی لەبارەی ئەو رووداوانە، دەست بکەوێ، کە لە دەرەوەی شوێنی بوونیان لە پێکهاتە کۆمەڵگەییەکە روودەدات. هەموو ئەم شرۆڤانە لەبارەی گەشەپێدانی ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی، بنەمای تیۆری بەدەستەوە دەدات، بۆ ئەو دەرەنجامەی کە ئامرازە جەماوەرییەکان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا رۆڵێکی گرنگ لە ژیانی گەلاندا دەبینن".

# بەشی چوارەم

## ڕوانینە كۆمەڵایەتییەكان بۆ گەیاندنی جەماوەری

### ١/٤: دەستپێك:

لە حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو، توانا نەبوونی گەیاندن و ئامرازەكانی لە گەیشتن بە ئاستی زانستە كۆمەڵایەتییەكانیتر، بە كەموكوڕی دەزانرا، ئەمەش لەبەر نەبوونی بنەمایەك لە زانیاری و لێكۆڵینەوە مەیدانییەكان كە چەسپاوی و بەرگری گەیاندن دووپات بكاتەوە، لەبەرامبەر پرۆسەكانی شێواندن و زۆرداری زانستی و ئایدۆلۆژی، لە هەڵسەنگاندنی بنەماكانی ئەم زانستە و پاساوەكانی.

گەیاندن و پرۆسە و ئامرازەكانی لە چوارچێوەی چارەسەری بەهایی و پێوەریدا چارەسەر كرا. ئەوەی كە بایەخ بە لایەنە ڕۆمانسییەكانی گەیاندن و پرۆسەكانیدا دەدات، بە بێ بایەخدان بە لایەنە كۆمەڵایەتییەكان لە پرۆسەی گەیاندن بەگشتی و، گەیاندنی جەماوەری بەتایبەتی. لێكۆڵینەوەی گەیاندنی جەماوەری لە هەندێ زانكۆی ئەوروپا تا ئەم نزیكانەش هەر بەم دەردەوە دەینالاند، بەتایبەتی كاتێك لە بەش یان پسپۆڕێتییەكانی ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندندا دەخوێنرێ، بەجۆرێك تا ئەم دواییەش ئاگای لە چوارچێوەی كۆمەڵایەتی بۆ بابەتێك و چوارچێوەی سۆسیۆلۆژی بۆ توێژینەوەكانی نەبوو.

توێژینەوە لەبارەی گەیاندن ڕوون بووەوە هەروەك توێژینەوە لەبارەی بابەتە زانستییەكانیترە. لە ماوەی نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو ژمارەیەكی زۆر لە



لێكۆڵینەوە و توێژینەوەی گەیاندنیی ئەنجامدران، كە لەبارەی گەیاندن، گەیاندنی جەماوەری، پرۆسە گەیاندنییەكان، پەیامە میدیاییەكان، ناوەڕۆكی پەیامەكان، ئامرازەكانی ڕاگەیاندن، كاریگەری پەیامە میدیاییەكان لەسەر ڕەفتاری بینەر، بیسەر، یان خوێنەر بوون. هەروەها لەبارەی ڕەگەزەكانی گەیاندن و، پێكهاتەكانی پرۆسەی گەیاندنی و، هەڵسوڕێنەری گەیاندنی كۆڵییەوە. لەڕوانگەی ئەم هەوڵانەوە چەندین ئاراستەی ڕوانینیی گەڵاڵە بوون، دیارترینیان (ئاراستەی لێكدانەوەی مێژوویی پاشان ئاراستەی شرۆڤەی تاقیكاری و دواجار ئاراستەی مشتومڕی -دیالیكتیكی- ڕەخنەگرانە) بوو. لەگەڵ گرنگی ئەوەی ئەم ئاراستانە نوێنەرایەتی دەكەن، هیچكامیان نەیانتوانی ئەو ڕاستییانەی پەیوەستن بە گەیاندن، لەڕووی لۆژیك و سەرچاوەكەیەوە بە تەواوی پێشكەش بكەن.

لێكۆڵینەوەكان لە ئەمریكا و شوێنەكانیتر، كە لەبارەی ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكانی پرۆسەی گەیاندنەوە ئەنجامدران، بۆ كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان ڕوون بووەوە كە بە بێ گەیاندن زەحمەتە ڕۆڵی خۆی ببینێ یان چالاكی بنوێنێ، چونكە هەر كۆمەڵگەیەك لەسەر گەیاندن وەستاوە و، لەڕێگەیەوە دەتوانێ ناوەڕۆكەكانی كلتووری، بەهاكان، پێوەرەكان، فێربوون، بەڕێوەبردنی كۆمەڵایەتی بۆ تاك و كۆمەڵە و دامەزراوە كۆمەڵایەتییەكان پێك بهێنێ و گەشەی پێ بدات، هەروەها ڕۆڵەكەشی لە گۆڕانكارییە كۆمەڵایەتییەكان كە هۆكاری ژیانیی لە ژیانی هەر كۆمەڵگەیەك و پێشكەوتنەكەی پێكدەهێنێ.

بەگشتی، گەیاندنی جەماوەری لە ژیانی كۆمەڵگەكاندا چیتر بابەتێكی پەراوێزكراو نییە، تەنانەت لەو بابەتانەیە كە زیاترین ئامادەیی و وورووژان و مشتومڕ و ڕەخنە و بایەخی هەیە، بۆیە لە توانای زانایانی بەڵگە و ئەنترۆپۆلۆجیا و دەروونناسی و كۆمەڵناسی نەبوو كە بەسەریدا تێپەڕن یان پشتگوێی بخەن.

ئەوە بەسە ئاماژەی پێ بكەین، كە لۆژیكی گەیاندن و پرۆسەكانی وای لێهاتووە پشت بە ژمارەیەك لە گریمانەی وەرگیراو لە بوارەكانی زانستی و مەعریفی

کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر دەبەستێ، بەتایبەتی ئەو کارانەی کە لەبارەی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگە و پرۆسەکانی گەیاندنی جەماوەری لە روانگەیەکی کۆمەڵناسی کۆڵیوەتەوە، کە بایەخی بە: سەقامگیری کۆمەڵایەتی، گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، شێوەکانی ململانێ و کارلێکی کۆمەڵایەتی داوە.

دەکرێ ئەو ئاراستانە بەم پێیە دیاری بکەین:

- ئەرکی بونیاتی.
- پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی.
- ململانێی کۆمەڵایەتی.
- کارلێکی هێمایی.
- چوارچێوە دروونییەکان.





## ٢/٤: تیۆری ئەرکیی:

ناوەرۆکی تیۆری ئەرکیی بونیاتیی خۆی لە چەمکی هەریەك لە زاراوەی بونیات structure دەبینێتەوە، کە ئاماژە بەو شێوازە دەکات کە کۆمەڵگە لەڕێگەیەوە چالاکییەوە دووبارەبووەکانی ڕێك دەخات، کە دیارترین چالاکی ڕێکخراون بەشێوەیەکی جوان لەروانگەی روانینی رەفتارییەوە.

بەڵام زاراوەی ئەرك Function ئاماژەیە بە بەشداری شێوە دیاریکراوەکان لە چالاکی دووبارەبوو لە پارێزگاری لە سەقامگیری و هاوسەنگی لە کۆمەڵگەدا. هەردووکیان پشتگیری ئەو بۆچوونە دەکەن کەوا ڕێکخستنی کۆمەڵگە سەرچاوەیەکی سەقامگیریمان پێ دەبەخشێ و، روانینە ئەرکییە بونیاتییەکان لەم گریمانانەدا کورت دەبێتەوە:

١- باشترین ڕێگە بۆ بینینی کۆمەڵگە ئەوەیە، کە سیستەمێکە بۆ ئەو بەشانەی بەیەکەوە بەستراون، کە چالاکییە پێکەوەبەستراوە دووبارە و چەشنییەکان ڕێك دەخات.

٢- ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە بە سروشتی خۆی بەرەو بارێکی هاوسەنگی جوڵاو دەچێت و، لەکاتی روودانی هەر کەموکوڕییەك هێزگەلێك دەردەکەون کار بۆ دووبارە سەقامگیرکردنەوەی دەکەن.

٣- سەرجەم چالاکییە دووبارەبووەکان لە کۆمەڵگەدا کار بۆ وەدیهێنانی بارێکی هاوسەنگی دەکات، بە واتایەکیتر، ئەو دارِشتنەوانەی بەشێوەیەکی نەریتی کاریان پێدەکرێ لە پارێزگاری لە سەقامگیری سیستەمەکە رۆڵ دەبینن.

٤- هەندێ پرۆسەی دووبارەبوو و نەریتی حەتمییەتی پێوە دیارە و لە بووندا بەردەوامە، واتە مەرجی سەرەتایی ئەرکیی هەیە، کە پێویستییە سەرەکییەکانی سیستەمەکە وەدی دەهێنێ و بەبێ ئەو ناتوانێ بەردەوام بێت.



### ئەرکیی و راگەیاندن:

بەڵام ئایا پەیوەندی لەنێوان ئەم گریمانانە بە لێکۆڵینەوەی گەیاندنی جەماوەری چییە؟ وەڵامەکەی زۆر سادەیە، ئەوەیە کە کاری گەیاندن ئامرازەکانی لە کۆمەڵگەدا، کارێکی نەریتی و دووبارەیە و، پەیوەندی نێوان گەیاندن و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانیتر بە تەنیا کاریگەری لە سەر کاری رۆژانە ناکات، بەڵکو کاریگەری دەکاتە سەر ئەو شێوازەی کە تاك لەژیانی رۆژانەیدا ئەو ئامرازانە بەکاردەهێنێ. کە لە خولقاندنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی بۆ کۆمەڵگە بەشدارە، دواتر دەکرێ گەیاندن و ئامرازەکانی بخرێنە ریزبەندی پێکهاتە حەتمییەکانی بونیاتی کۆمەڵایەتییەوە، ئەوەی کە کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەبێ ئەو ناتوانێ سەقامگیر بێت.

## ٣/٤: روانینی پەرەسەندوانە:

روانینی پەرەسەندوویی لە روانینی ئەرکیی بونیاتیی جیاوازە، کە هاوسەنگی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی دووپات دەکاتەوە، لەمیانەی دووپاتکردنەوەی لەسەر ملکەچبوونی کۆمەڵگە بۆ گۆڕانکارییە هەمیشەییەکان، کە لە فۆرمە نەریتییەکەیدا پشت بەوەی ناودەبرێ بە لێکچوونی ئەندامی دەبەستێ، واتە کۆمەڵگەی ڕێکخراو وەك پەرەسەندنی بوونەوەری ئەندامی پێش دەکەوێ، هەروەها هاوشێوەی بوونەوەری زیندووە لە بونیاتەکەی و لەو پرۆسانەی گۆڕان کە تووشی دەبێ و، تیۆری داروینیش بووە پاڵپشتی ئەم نموونە پەرەسەندووییە کە بە داروونی کۆمەڵایەتی ناسراوە.

چەندین جێگرەوە بۆ نموونەی کۆن لەبارەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەچوارچێوەی فۆرمەکانی یاسای سروشتی پێشکەش کران. وەك دەڵێن، میکانیزمی کۆمەڵایەتی بۆ گۆڕان بریتییە لە هەڵبژارنی سروشتی، کە مانەوە بۆ چاکترین و مانەوەی خەسڵەتە وەرگیراوەکانە. خاوەنانی ئەم روانینە دووپاتی دەکەنەوە، کە کۆمەڵگە نوێیەکان بە بەردەوامیی فۆرمە تازە کۆمەڵایەتییەکان، هەر لە پەیڕەوکردنی خێزانییەوە تا دەگاتە

جۆرە تازەکانی ڕێکخستنە ئابوورییەکان بە یەکتر دەبەستێتەوە. لەو جۆرە داهێنانە تازانە کە تەبەنی دەکرێ لەپاشان پەسەندکراو دەبێ، لەبەرئەوەیە کە بەلای کەمەوە بوار دەدات بە هەندێ خەڵك ئەوەی دەیخوازن وەدی بێت و، هەندێ پرۆسەی هەڵبژارنی سروشتی و مانەوە بۆ چاکترین و بڵاوبوونەوەی فۆرمە تازە کۆمەڵایەتییەکان، کرانەوەی بەردەوامی کۆمەڵگە بە ئاراستەی نموونەگەلی رەفتاریدا دووپات دەکەنەوە و، لە جۆرایەتی و تایبەتمەندییەکەی زیاتر دەکات و، دەکرێ گریمانەکانی روانینی پەرەسەندوویی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١- دەکرێ وا لە کۆمەڵگە بڕوانین کە بریتییە لە بەشگەلی پێکەوە بەستراو لەنێو یەکدا و، سیستەمێکە لە چالاکییە پێکەوە بەستراو و دووبارەبوو و چەشنییەکان.

٢- ئەم کۆمەڵگەیە بە بەردەوام دەگۆڕێت، هەروەها هاوشێوەیی لەنێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی زیاتر دەبێ و، تایبەتمەندییەکەشی پتر دەبێ.

٣- تاکەکانی بەدوای ئامرازگەلی کاراتر دەگەڕێن بۆ وەدیهێنانی ئامانجگەلێك کە بڕوایان بە گرنگییەکەی هەیە، وەك داهێنانی شێوە تازە کۆمەڵایەتییەکان یان ئەوەی لە کۆمەڵگەکانیتر بخوازرێ.

٤- ئەو شێوە داهێنراوە کۆمەڵایەتییانە بە راستی یارمەتی خەڵك دەدات بۆئەوەی بە کارایییەکی گەورەتر ئامانجەکانی وەدی بهێنێ، کە لە بەها کارپێکردووەکاندا بەرەنگار نابێتەوە، بۆیە پشتی پێ دەبەسترێ و پارێزگاری لێدەکرێ تاکو دەبێتە بەشگەلی چەسپاو لە کۆمەڵگە، لەبەرامبەردا ئەو شێوانە دوور دەخرێنەوە کە کاراییان کەمترە و دەستبەرداریان دەبێ.

بەڵام ئایا پەیوەندی لێکۆڵینەوەی گەیاندن و ئامرازەکانی بەمە چییە؟

ئەو رووداوانەی لەکاتی شۆڕشی پیشەسازیدا روویاندا و، ئەو دەرەنجامانەی ئەو شۆڕشە خستنیەڕوو، هەروەها تاقیکردنەوەی مێژوویی ئامرازەکانی گەیاندن، ئەوەیان دەرخست کە هەموو خەڵك چەندە پێویستیان بە سیستەم و ئامرازگەلی گەیاندنی وا هەیە، کە خاوخلیچك نەبێ و زۆر خێرا بێت و توانای بۆ گەیشتن بە جەماوەری فراوانتر



لە وەرگران هەبێ)، لەئەنجامی ئەمەدا زۆر لەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییانە تاقی کرایەوە کە تەکنیکە پێشکەوتووەکان بەکاردەهێنێ و، رەچاوکردنی بۆئەوەی بەردەوام بێت و بۆ نەوەکانی داهاتوو بگوازرێتەوە، لەکاتێکدا هەندێکیتر پشتگوێ خران.

بەواتایەکیتر، ئامرازە جەماوەرییەکانی گەیاندن بەدرێژایی مێژووی درێژی مرۆڤ ملکەچی پرۆسە پەرەسەندووەکانی بوون، جا لەڕووی تەکنیکە میکانیکی یان زانستییەکەی بێ، یاخود دارشتنە کۆمەڵایەتییە پێویستییەکان بێ، بەمەبەستی بەکارهێنانێکی کۆمەڵایەتی بۆ جۆری ئەو تەکنیکەی، کە لە روانگەی بڕیاردەرانەوە ئامانجی گرنگ وەدی دەهێنن.

## ٤/٤ روانینی ململانێی کۆمەڵایەتی:

روانینی ململانێی کۆمەڵایەتی سەرەڕای کۆنییەکەی، لەسەر دەستی هیگڵ و، مارکس و، ئەنگلز گەلاڵە بوو، کە بیرۆکەی ململانێی کۆمەڵایەتی و بابەتی مشتومڕ (دیالیکتیك)یان پێکەوە بەستەوە تاکو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان شی بکەنەوە، کە بیرۆکەکانی مارکس و را سیاسی و ئابوورییەکانی دەرکەوتن، ئەو تیۆرانەی کە بەهۆیەوە پێشکەوت، شێوە تازە کۆمەڵایەتییەکانی ململانێی دەرخست، ئەو ململانێیەی کە لەبارەی ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نییانە. رایەکانی مارکس وای دانا کە ململانێی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان، ئەگەر بزوێنەرە سەرەکییەکەی نەبێ.

سەرەڕای ئەوەی ئەو ئەدەبیاتە کۆمەڵایەتییەی کە باسی لەم بابەتە کردووە لە ژمارە نایەن، بەڵام دەکرێ بەم شێوەی خوارەوە گریمانە سەرەکییەکانی روانینەکانی ململانێ دەربڕدرێ:

١- دەکرێ وا لە کۆمەڵگە بڕوانرێ کە لە چەند دەستە و کۆمەڵەیەك لە خەڵك پێکدێن، کە بەرژەوەندییەکانیان بەشێوەیەکی زۆر لێك نزیکن.

٢- هەریەك لەم پێكهاتە كۆمەڵایەتییانە، هەوڵدەدات بەرژەوەندییەكانی وەدی بێنێ یان پارێزگاری لێ بكات، لەڕێگەی بەرەنگاربوونەوەی هەوڵی ركابەرانەی ئەوانیترەوە.

٣- كۆمەڵگەیەكی لەم جۆرە بە بەردەوام لە ململانێدایە دژ بە هەوڵی یەكێك لە پێكهاتەكانی، لە وەدیهێنانی هەر دەسكەوتێكی نوێ بۆی، یان پارێزگاریكردن لە بەرژەوەندییەكانی، چونكە ململانێ تەوەری ئامانجەكانی پێكدەهێنێ.

٤- پرۆسەی ركابەری و بەرژەوەندییە ململانێكارەكان، تەوەری ئەو گۆڕانە بەردەوامە پێكدەهێنێ كە كۆمەڵگەكان بەڕێوە دەبات.

بەڵام ئایا ئەو نمونە لە لێكۆڵینەوەی گەیاندن و ئامرازەكانیدا چییە؟

## راگەیاندن و روانینی ململانێ:

گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەكانی بەوە جیا دەكرێنەوە كە دامەزراوگەلێكن، لەسەر بنەمای ركابەریی بەپێی لۆژیكی سیستەمی سەرمایەداری دامەزراون و، كار بۆ وەدەستهێنانی قازانج دەكات و، ئەم ركابەرییە لەسایەی تۆڕێكی ئاڵۆز لە كۆتوبەندی سەپێنراوەوەیە، كە لەلایەن دامەزراوە حكومییەكان و یاسا كۆمەڵایەتییە ئاكارییەكان و پەیكەرە ڕێكخستنییەكانیان و، ئەوانە دەبێ كە پاڵپشتی ئەمە دەكەن. سەرەڕای ئەمەش چەندین ململانێیتر هەن كە ئامرازەكانی گەیاندن ئەنجامی دەدەن لەوانە: ململانێ لەنێوان ئەو ئامرازە ناوبراوانە و هاووڵاتیان لەبارەی پرسێكی تایبەتی یان كەسییەوە و، لەبارەی مافی حكومەتەكان لە پاراستنی نهێنییەكانی و، مافی هاووڵاتی لە دەستكەوتنی ئەو زانیارییانەی، كە جێی گرنگی ئەو و گرنگی ژیانی رۆژانەی تایبەتی و گشتییەتی. شەڕە یاساییەكانی نێوان ئامرازەكانی گەیاندن و دامەزراوە فەرمییەكان هێشتا بوونیان هەیە و، ئەو بارە سەقامگیرە رەت دەكاتەوە كە روانینی ئەركیی پشتی پێ بەستووە.



سەرەڕای هەموو ئەمانەش، نمونەی ململانێ نمونەیەكی تیۆری بەسوودمان بۆ ئامادە دەكات بۆ دانانی چەمكەكان و لێكۆڵینەوەی پرسە گرنگەكان، لەبارەی گۆڕانكاری سیستەمی گەیاندنی جەماوەری، بۆیە روانینی ململانێ پێگەیەكی تایبەت بە راگەیاندن دەبەخشێ.

## ٥/٤: روانینی كارلێكی هێمایی:

روانینی كارلێكی هێمایی، جەخت لەسەر رۆڵی یەكلاكەرەوەی زمان دەكاتەوە، جا لە پێشخستنی كۆمەڵگە یان لە پارێزگاری لێكردنی بێت، هەروەها لە داڕشتنی چالاكییە هزرییەكانی تاكەكانی، ئەمەش وەك دەستپێكێكی كۆمەڵایەتی دەروونییە كە پەیوەندی نێوان چالاكییە هزرییەكانی تاك و پرۆسەی گەیاندنی كۆمەڵایەتی دووپات دەكاتەوە. بۆیە خاوەنانی ئەم روانینە ئاماژە بەوە دەكەن كە خەڵك بەشێوەیەكی كۆمەڵیی رایەكانیان پێكدەهێنن یان پێش دەخەن، لەبارەی ئەو ژینگەیەی كە لەگەڵیدا ململانێ دەكەن. تێزی ناوەندیش لەروانگەی روانینی كارلێكەوە دەری دەخات، كە گرنگی شتەكان یان حاڵەتەكان لە سروشتە بابەتییەكەیدا خۆی نابینێتەوە، بەڵكو لە رەفتاری خەڵكیدایە بەرامبەری. دەكرێ بەم پێیەی خوارەوە ئاماژە بە چوارچێوەی ئەركە سەرەكییەكانی ئەم روانینە بكەین:

١- دەكرێ وا لە كۆمەڵگە بڕوانین كە سیستەمێكە لە ماناكان پێكهاتووە، بەشداری تاكەكان بە هێماكانی زمان لە مانا هاوبەشە پێكەوەبەستراوەكان، چالاكییەكی كەسیی پێكدێنێ، كە لێیەوە پێشبینیی سەقامگیر و تێگەیشتراو بۆ كۆمەڵگەی لێ دروست دەبێ، كە بەپێی ئەركی خۆی دەبێتە چەشنگەلی چاوەڕوانكراو لە رەفتارەكان.

٢- لە روانگەی رەفتارییەوە، راستییە كۆمەڵایەتی و مادییەكان تەنیا بونیاتێكی پۆلێنكراوی ماناكانن و، دەرەنجامی بەشداری تاكیی و كۆمەڵییانەیە لە كارلێكی هێماییدا. لێكدانەوەی راستییەكانیش، دەرەنجامی رێككەوتنێكی كۆمەڵیی یان خاوەن خەسڵەتێكی خودیی تاكییە.

٣- ئەو پەیوەندییانەی کە هاوولاتیان و بیرکردنەوەکانیان بەوانیتر دەبەستێتەوە و، ئەوەی بڕوایان پێیەتی لەبارەی خودی خۆیانەوە، بریتییە لە بونیاتی کەسیی بۆ ئەو مانایانەی کە لە کارلێکی هێماییەوە پەیدا بووە، بەمەش بیروباوەڕە خودییەکانی هاوولاتیان لەبارەی ئەوانیتر و خودی خۆیان، گرنگترین راستییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

٤- رەفتاری تاکیی لەبارێکی دیاریکراودا، رێنوێنیکەری ئەو پۆلێن و مانایانەیە کە وەسفی بارێکی پێ دەکەن. بەمەش رەفتار وەڵامدەرەوەی خێرای ئەو هاندەرانە نییە کە رەچەڵەکێکی دەرەکی هەیە، بەڵکو دەرەنجامی بونیاتی خودین لەبارەی خود و ئەوانیتر، کە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان بۆ حاڵەتە دیاریکراوەکانی بۆ زیاد کراوە.

بەڵام ئەو پرسیارەی خۆی نیشان دەدات بریتییە لەوەی، چۆن ئەم جۆرە تێزانە بە لێکۆڵینەوەی گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەکانییەوە پەیوەست دەکرێ؟

## روانینی کارلێککردن و راگەیاندن:

بێگومان، گەیاندنی جەماوەری و ئامرازەکانی تەوەری پرۆسە گەیاندنییەکانی کۆمەڵگە تازەکان پێکدەهێنێ، کە وێنابینین و لێکدانەوەی راستییەکانی پێ دەبەخشێ کە وەرگران خەسڵەتی خودیشی بۆ زیاد دەکەن. خەڵك دەتوانن بونیاتە خودیی و هاوبەشەکان لەبارەی راستییەوە گەشە پێ بدەن، بەرێگەی ئەوەی دەیخوێننەوە یان دەیبیستن یاخود دەیبینن. بەم شێوەیە دەکرێ بەشێکی رەفتارە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانیان لەرێگەی راگەیاندن و پرۆسەکانییەوە دابڕێژرێتەوە، لەمیانەی لێکدانەوەی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو پرسانەی کە خەڵك زانیاری لەبارەوە کەمە. ئەمەش گرنگترین نموونەکانن لە توێژینەوەکانی گەیاندندا و، لە تێگەیشتنی کاریگەرییە ناڕاستەوخۆ و دوورمەوداکانی گەیاندنی جەماوەری لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگەدا بنەڕەتییە.



## ٦/٤ نموونەکانی روانینە دەروونییەکان:

نموونە (سەرەڕای روانینەکان) دەروونییەکان بایەخی بە شیکردنەوە و وەسفکردنی شێوازیی رەفتاری تاکەکان دا. هەروەها گرنگییەکەی لە گەشەپێدان و لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان گەیاندنی جەماوەری و دیاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان خۆی دەبینێتەوە، وەك: ئاراستەکان، شێوازەکانی درککردن، لاساییکردنەوەی رەفتارەکان، بڕیاردان و، رەفتاری ئاشکرا وەك دەنگدان، پرۆسەکانی کڕین، بەڵام روانینە دەرونییەکان لەکاتی گەڕان لە بابەتە سۆسیۆلۆژییەکان، وەك پێشکەوتنی پرۆسە و ئامرازەکانی گەیاندنی جەماوەری، رێکخستنی بیرۆکراتی، چالاکی رۆژنامە و رکابەری لەگەڵ دامەزراوەکانیتر سەبارەت بە پرۆسەکانی گۆڕانکاری، گرنگییەکەی لەدەست دەدات.

بەڵام روانینە دەروونییەکان لەبارەی سروشتی دەروونی تاك ئەرکەکانمان پێ رادەگەیەنێ، هەروەها روانینی دەروونی توانای خۆیان لەبارەی پەرەپێدانی چەندین روانین بۆ شیکردنەوە و، لێکدانەوەی شێوازەیی رەفتاری تاکەکەس پیشان دەدات. نامانەوێ زیاتر بچینە نێو لێکۆڵینەوە و شوێنکەوتنی دەروازەی رەفتاری کە بە دڵی دەروونناسی هاوچەرخ دادەنرێ، بەڵکو ئاماژە بە ژمارەیەك لەو ئەرکانە دەکەین کە لۆژیکی روانینی دەروونیمان بۆ روون دەکاتەوە، لە تێگەیشتنی زۆر لایەنی خودی پرۆسەی گەیاندن، کە دەکرێ لێرەدا کورتی بکەینەوە:

١- تاکەکان خۆیان بە رەگەزی کارا و وەرگری دەروازە هەستییەکان دادەنێن، ئەوەی پرۆسە هەستییە ناوخۆیی (مەعریفی)یەکان بەدەنگەوەهاتنە رەفتارییەکان بۆ ئەم جۆرە هاندانانە پێکدەهێنن.

٢- پرۆسە مەعریفییەکان گۆڕینی دەروازە هەستییەکان بۆ تاکەکان فەراهەم دەکات، بە چەندین رێگە وەك هێمادانان، هەڵگرتن و، لێکدانەوە بەشێوەیەکی هەڵبژێردراوی بۆئەوەی لە بڕیارەکانی دواتر لەبارەی رەفتاردا بەکاری بهێنێ.

٣- پرۆسە مەعریفییەکان کە لە پێکهێنانی رەفتاری تاکەکەس رۆڵی سەرەکی دەبینن، ئەمانە لەخۆدەگرێ: درککردن، خەیاڵکردن، سیستەمی بیر و باوەڕەکان،

ئاراستەکان، بەهاکان و، ئەو ئاراستانەی کە هاوسەنگی لەنێو ئەو هۆکارانەدا وەدی دەهێنیێ، سەرەڕای پرۆسەی وەبیرهێنانەوە، بیرکردنەوە و چالاکییە هزرییەکانیتر.

٤- توخمە مەعریفیەکانی سیستەمی هزری تاك، دەرەنجامی شارەزاییەکانی پێشووتریێتی، کە لەوانەیە: ورد، پلان بۆ دانراو یان نمایشکراو، یاخود کۆمەڵایەتی دابڕاو بێ.

پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا پەیوەندی جەماوەری و ئامرازەکانی بە روانینە دەروونییەکانەوە چییە؟

## روانینە دەروونییەکان و راگەیاندن:

بە سادەیی، باشتروایە دەروازەی مەعریفی بەشێوەیەکی فراوان بۆ ناسینی ئەو کاریگەرییە بەکاربهێنریێ، کە گەیاندنی جەماوەری و ناوەرۆکی پەیامەکانی لەسەر ئەو کەسانە بەجێی دەهێڵێ، کە روبەڕووی ئەو پەیام و ئامرازانە دەبنەوە کە هەڵیان گرتووە، بۆ تێگەیشتنی ئەوەی پێشکەشی دەکەن و چۆنێتی درککردنی ناوەرۆکی ئەو پەیامانە و، فێربوونی شێوازەکانی کردە. هەروەها چۆنێتی قەناعەتپێکردن بۆئەوەی ئاراستە و زانیاری و بەها و چەشنەکانی رەفتار بگۆڕێت. لەبەر ئەمە، ئامرازەکانی گەیاندن لەڕێگەی پەیامەکانیەوە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن و دیاریکردنی ئەو پێویستییانەی کە دەکرێ دەستەبەر بکرێن، لەپاشان درککردنی هەستی رازیبوون وەك لە نەبوونی بە یارمەتی پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە، جا هەر جۆرە گەیاندنێك خوێنراو یان بیستراو یاخود بینراو بێت.

# بەشی پێنجەم

## کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن و زانیاریی

### ١/٥: کەڵەکەبوونی زانیاریی:

ئاسان نییە درك بە قەبارەی کەڵەکەبوونی ئەو داتا و زانیارییانە بکرێ، کە شۆڕشی پیشەسازی و دواتر شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری هێنایە کایەوە، ئەگەر بە کەڵەکەبوونی ئەو زانیارییانەی کە پێش ئەم دوو شۆڕشە بوون بەراورد بکرێ.

لەهەموو نیشتمانی عەرەبدا ساڵانە لە ٣٠٠ کتێب زیاتر چاپ ناکرێ، لەکاتێکدا ئێمە (مەبەستی نەتەوەی عەرەبە -وەرگێڕ-) بەکارەبەری زانستین نەك بەرهەمهێنەری، کە کەمترە لە پێنجیەکی ئەوەی لە یۆنان وەردەگێڕدرێ. لەسەردەمی مەئموونەوە تائێستا نزیکەی ١٠ هەزار کتێب وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی، کە بەرامبەر بەرهەمی وەرگێڕدراوی تەنها یەك ساڵە لە ئیسپانیا.

پێش داهێنانی پیتەکانی چاپی جوڵاوی گۆتەنبێرك لەساڵی ١٤٥٠ لە تەواوی ئەوروپادا لە ٣٠ هەزار کتێب زیاتر نەبوون، بەڵام بەهۆی تەکنیکی گۆتەنبێرك، ٥٠ ساڵ دوای ئەوە ژمارەی کتێبەکان گەیشتە (٩) ملیۆن. گۆتەنبێرك دوو ساڵی تەواو لە دانانی پیتەکانی چاپی یەکەمی ئینجیل کاری کرد، دەڵێن پێش ساڵی ١٤٥٠ لای چین و کۆریا چاپخانە هەبووە. گەشەی بەرهەمی کلتووری و زانیاری لەم ئاستەدا نەوەستا بەڵکو بەشێوەیەکی خێرا بەرەو سەرەوە هەڵکشا، کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی وێنەی نەبووە. هەروەها بەرهەمی زانستی و میدیایی پێشەنگیان گرت، بەجۆرێك



ژمارەی ناونیشانە تازەکانی کتێب کە ساڵانە دەردەکران لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٨٠ گەیشتە ٦٠٠ هەزار ناونیشان، ئەمە جگە لە دەیان و تەنانەت سەدان بابەت و توێژینەوەی زانستی، وێرای ئێزگە بیستراو و بینراوەکان کە گەیشتنە ژمارەی خەیاڵی، ئەگەر لەگەڵ ماوەکانی پێشتردا بەراورد بکرێ.

لەگەڵ ئەم گەشە فراوانەی بەرهەمهێنانی کلتووری و فیکری و میدیاییی، بەڵام ئەو بەرهەمهێنانە هەر لەژێر جڵەوی هۆکارە جوگرافی و زمانیی و ئاراستە هاوشێوەکان و بونیاتە سیاسییەکان و ململانێی ئایدۆلۆژی، ئازادی گواستنەوەی زانیاری و، یاساکانی سانسۆر لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا مایەوە. لەگەڵ تەواوبوونی جەنگی جیهانی و، دەرکەوتنی هێزگەلی لیبراڵی پاڵپشتیکاری پێشکەوتنی تەکنیکی لە سەرجەم بوارەکاندا و، بەتایبەتی لەبواری کۆمپیوتەردا، ئەگەر گێڕانەوەی مێژوویی تێبپەڕێنین و، ئەو توانا تەکنیکییانە لەبەرچاو بگرین کە ڕێگەی بۆ شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری خۆش کرد، دەبینین توانای هەڵگرتنی یەکەم کۆمپیوتەر کە گرووپێك لە پنسیلڤانیا دروستیان کرد کێشی گەیشتە ٣٠ تەن و، ژوورێکی گەورەی داگیر کرد و، لەناو ئامێرەکەدا ترپەکانی ژماردنەکە ١٥٠٠ مەرجەل کارۆمیکانیکی و لەمیانەی ١٧٠٠ لوولەی بەتاڵ بەربەستی لێدەکرێ.

کارپێکردنی ئامێرەکە پێویستی بە ١٥٠ هەزار وات لە وزە دەکرد، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا تەنیا ٨٠ هێمای لە زانیارییەکان کۆ دەکردەوە، بەڵام گەیشتن بە بونیاتنانی بازنەی تەواو، بازدانێکی جۆریی بەرەو ئاراستەیەکی دروست بۆ بیناسازی کۆمپیوتەر هێنایە کایەوە، کە دواتر بووە هۆی گەشەپێدانی توانای هەڵگرتن بۆ ٤٠٠٠ پیت لەساڵی ١٩٧٤ و، لەساڵی ١٩٩٥ گەیشتە ٨ ملیۆن هێما (پیت)، هەروەها لەساڵی ٢٠٠٠ یادەوەری هۆلۆگرافی باش یان زیاد کرا کە دەتوانێ هەزار ملیار بایت هەڵبگرێ. بۆیە بەراوردکردن لەنێوان قەبارەی زانیاری کەڵەکەبووی ئێستا و، قەبارەی کەڵەکەبووی زانیاری هەر لەمێژووی مرۆڤ تا ساڵی ١٥٠٠ز، هیچ سیما یان مانایەك بۆ ئەو بەراوردکارییە نابینین.

چاپخانەی گۆتەنبێرك دوا وێستگە نەبوو، بەڵكو ئاماژەیەك بوو كە دامەزرا بۆ گەشەكردنی تەكنیكی زانیارییەكان و گەشەكردنی كەڵەكەبوونی خودی زانیارییەكان لەسایەی شۆڕشی پیشەسازیدا. لەپێشەوەی ئەو دامەزراوانەی كە بە سەرچاوەی سەرەكی پەیوەندیدار بە ئاڵوگۆڕی زانیارییەكان، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەم و كۆتایی سەدەی بیستەم، بریتی بوو لە ئاژانسەكانی دەنگوباس كە سەرجەم وڵاتانی جیهانی گرتەوە.

ئامارەكان ئاماژە بە بوونی ١٠٦ ئاژانسی جیهانی و نەتەوەیی و هەرێمیی لە جیهاندا دەكەن، توانای پەخشی سەرجەمیان دەگاتە زیاتر لە پەنجا ملیۆن وشە لە رۆژێكدا و، بەسەر ئامرازەكانی میدیا لە ١٥٢ وڵات و بەسەرجەم زمانەكان دابەش دەكرێ و، قەبارەی ئەو هەواڵانەی كە چوار ئاژانسە سەرەكییەكە پەخشی دەكات لە كۆی ١٠٦ ئاژانس نزیكەی ٣٢ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار وشەیە لە رۆژێكدا، كە بەم شێوەیە دابەش كراوە: ئەسۆشێتد پرێس ١٧ ملیۆن وشە، یونایتد پرێس ١١ ملیۆن وشە، ئاژانسی فەڕەنسی ٣ ملیۆن و ٣٥٠ هەزار وشە، ئاژانسی رۆیتەرز یەك ملیۆن و نیو وشە.

سەرەڕای ئەمە، چیتر زانیارییەكان بریتی نین لە ئاڵوگۆڕی زانیاری، بەڵكو بۆ تەوەرێك گۆڕاوە كە چالاكی مەعریفی و كلتووری مرۆڤایەتی لەخۆدەگرێ، ئەگەر بكرێ پرۆسەی زانیاری هەڵبسەنگێنین، ئەو پرۆسەیەی كە بە داتا سەرەتاییەكان Data base دەست پێدەكات تا دەگاتە زانیارییەكان Information، پاشان تێكەڵكردنیان (واتە داتا و زانیارییەكان) لە قاپێكی مەعریفیدا هێزێكی بێ كۆتایی بەو كەسە دەبەخشێ كە توانای كۆنترۆڵكردنی ناوەرۆكی ئەو قاپەی هەبێ. ئەگەر ویستمان نهێنی پەیوەندی نێوان زانیاری و داتاكان بزانین، دەكرێ بڵێین یەكەمیان دەرەنجامی دووەمیانە.

لەكۆتاییدا، زانیارییەكان دەرەنجامی داتاكانن و، دەبێ بگوترێ كە زانیارییەكان ماددەیەكی بەرجەستە نین، بەڵام دەرەنجامی جێبەجێكردنی بۆ هەموو لایەك ئاشكرایە و، خۆی لە نوێكارییە تەكنیكییەكان و دامەزراوە كۆمەڵایەتی و، زانستی و، پیشەسازییەكان ... هتد دەبینێتەوە، تایبەتە بەو داتایانەی كە لە دەستە و پۆلێنكارییەكان یان شێوازە بەشبەشەكانیتردا جێی كراوەتەوە. واتە زانیارییەكان بریتییە لە داتا Dataی بەشبەش و پۆلێنكراو Classified، كە پرۆسەی شیكردنەوە Analysisو دەرەنجام ئاسان دەكات.



زانیاری بە مانا فراوانەكەی ئەمانەی خوارەوە لەخۆدەگرێ:

١- داتای ژمارەیی و ئاماریی.

٢- ئامرازە روونكەرەوەكان وەك نەخشە و، وێنە روونكەرەوەكان و، خشتە و داتا نەخشە بۆ كێشراوەكان.

٣- كاسێتە بینراوەكان و، بچوككراوە جۆراوجۆرەكان و، رێكۆردە دەنگییەكان و، وتارەكان و زۆریتر لە چاپكراوە ئەلیكترۆنییەكان، سەرەڕای ناوەرۆكی زانیارییە تازەكان بەهۆی پێشكەوتنی تەكنیكی زانیارییەكان هەروەها شێوازەكانی، وەك تێخستنی كۆمپیوتەرەكان و، بەكارهێنانی تۆڕەكانی زانیاری جیهانی و هەرێمایەتی و، تۆڕە نیشتمانییەكانی زانیاری، كە خەریكە وردە وردە پەیدا دەبن و كاری راستەوخۆ دەكەن بۆ پێدانی زانیاری بە ناوەندەكانی دیكۆمێنتكردن، كە توێژەران و بایەخمەندان داوای دەكەن. خولقاندنی ژینگەیەكی نوێی تازە لەپاڵ تەكنیك، هەنگاوێكی پێشكەوتووە لەوەی زانیاریی، لەبوارەكانی توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی زانستی و ئەكادیمی و، لەسەر سەرجەم ئاستەكاندا پێشەنگ بێت.

بەڵام زانیاری چیتر تەنها وشە و هێما لەنێوان دوو كەسی رووبەڕوو نییە كە بەشێوەیەكی راستەوخۆ ئاڵوگۆڕ بكرێ و، بواری گەیاندنی تەنیا لەچوارچێوەی ماڵ یان گونددا كورت نابێتەوە و، سەرچاوەكانی زانیاریش تەنیا لای مامۆستا و پیاوی ئایینی و، فەرمانبەر و، خێزان دەست ناكەوێ و، ئەو وێنەیەی كە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە لای خۆی لەبارەی جیهان و ئەو ژینگەیەی كە تیایدا دەژی و جموجوڵی خەڵك و چالاكی كۆمەڵایەتی دروستی كردووە، تا ئەوپەڕی سنوور دیاریكراو و تەسك بوو. نموونەی گوتارەكان كە وەری دەگرت وەك یەك بوون و، شێوازی ئەو ئەركانەی كە لەلایەن مەرجەعی ئایینی یاخود قوتابخانەوە بەسەری دەسەپێنرا هاوشێوە بوون و، هەردووكیان هەمان ناوەرۆكی گوتارەكانی هەبوو كە فشاری زۆر گەورەی كۆمەڵایەتی و دەروونی (سایكۆلۆژی) پیادە دەكرد، بۆ ناچاركردنی تاك بۆ پەسەندكردنی گونجان لەگەڵ هەمووی كۆمەڵایەتیدا. دەربڕینی ئەمەش بەهۆی پەسەندكردنی رەفتاری كۆمەڵیی و، وێنابینییە

کۆمەڵییەکان لەبارەی کۆمەڵگەوە و، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە دابونەریتە تەسکە کۆمەڵایەتییەکان بوو. بۆیە زانیارییە نوێیەکان کار بۆ دەستەبەرکردنی گونجانی تەواو لەنێوان ژینگە و سیستەمی زانیاری بەپلەی یەکەم، ئینجا لەنێوان ژینگە و تەکنەلۆژیای پێشکەوتووی زانیاریدا دەکات. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئەوانەی باس لە زانیارییەکان دەکەن جەخت لەسەر شوێنکەوتنی ئەو پێشکەوتنە دەکەنەوە کە بەسەر نێوەندەکاندا هات، بەڵام ئەوەی پێویستە لێی هۆشیار بین، لێکۆڵینەوەی کاریگەری ئەو پێشکەوتنەیە لەسەر جۆری زانیارییەکە، نێوەند تەنیا هەڵگرێکی بێلایەنی زانیارییە، بەڵام ناوەرۆک بەهایەکی زۆری دەبێ، یان بە پێچەوانەوە بەهای نییە.

لێرەوە گرنگی شیکردنەوەی زانیاری دەردەکەوێ و پاڵاوتنی (خاوێنکردنەوەی) لە چوارچێوەی ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا توانای بەدەنگەوەچوونی بۆ مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری و بەکارهێنانی هەیە. هەروەها گونجان لەنێوان مەرجی بابەتی و پرۆسەکانی گۆڕانکاری پرسێکی یەکلاکەرەوەیە بۆ رووودانی خودی گۆڕانکارییەکە و، پێشتر رێڕەوەکانی شۆڕشی پیشەسازی روونیکردەوە کە بواری تەکنیکی ئەو شۆڕشە نەیتوانی هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێ، بە بێ ئەوەی (بوارێکی کۆمەڵایەتی لە شۆڕشگێریدا هاوتایەتی و دارشتنی نوێ و ریشەیی لە رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا هەیە) بخولقێنێ. بواری تەکنیکی نوێی زانیاری ئەمیش پێویستی بە بوارێکی کۆمەڵایەتی هاوتای خۆی هەیە، لە ئاست و جوڵە و فراوانبوونی بێ سنوور و، خاوەنی ناوەرۆکگەلی تازەیە بۆ رێکخستنی کۆمەڵایەتی، هەروەك لە پرسی جیاوازی لەنێوان قەبارەی زانیاری و مەعریفە و ئاستی دەستەبەربوونیدا هەیە.

بەهەرحاڵ، زانیاری ئاڵوگۆڕ بەگشتی بە یارمەتی پرۆسەی گەیاندنیی، بە پێوەرێکی گرنگی پێشکەوتن دادەنرێ، هەروەها ئاماژەیەکە بۆ مەودای رێ رۆیشتن لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانی و مرۆڤایەتی و، تەوەری چالاکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤدا توانرا یادەوەری کۆمەڵایەتی لە یادەوەری کەسیی جیا بکرێتەوە و، توانامەند بکرێت بۆ خاوێنکردنەوەی کەلەپووری



کۆمەڵایەتی (کلتووری و فیکری) لەو ئەفسانانەی کە لە ژیانی راستەقینەی مرۆڤدا بوونیان نییە. جیاوازیش لەنێوان هەردووکیان ئەوەیە، کە یادەوەری کەسیی بە مردنی خاوەنەکەی دەمرێ، بەڵام یادەوەری کۆمەڵایەتی بە زیندوویی دەمێنێتەوە و، توانای بۆ هەڵگرتنی یادەوەرییە هاوبەشەکان و گەڕاندنەوەی، نهێنی سەرکەوتنی ئەو پێشکەوتنەیە کە تووشی مرۆڤ هاتووە.

کەواتە ئەو پێوەرانەی لە رابردوودا کۆنترۆڵی زانیارییان کردبوو ئێستا نەماون، مەگەر لە سنوورێکی زۆر بچووکدا بێ. لە بەرامبەردا پێوەرگەلی نوێ دەرکەوتن کە لەگەڵ ئاستی زانیاری و بەها زانستی و کردارییەکەی دەگونجا، هەروەها ئەو رۆڵەی کە لە چوارچێوەی چالاکی توێژینەوەیی و گەیاندنیی دەیگێڕێ و، جموجوڵی چالاکی ئابووری و، کۆمەڵایەتی و، کلتووری و، مەعریفی چالاك دەكات.

لەگەڵ جیاوازی پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی زانیاری لەنێوان دەستەیەك و یەکێکیتردا، ئەوا بەها راستەقینەییەکەی بەو شێوەیە دەمێنێتەوە کە دەربڕی خواستی ئەو دەستانە بێ، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی ئەو پێگەیەی کە زانیاری لە ژیانی رۆژانەدا هەیەتی. وەکچۆن پێوەری ئەندازیارەکان ئەوانەی کە بایەخ بە پرسی چەندێتی زانیارییەکان دەدەن، لەسەر دیاریکراوی توانای هەڵگرەکان Carriers (واتە ئەو ئامرازانەی کە زانیاری هەڵدەگرێت) دەوەستێ، هەوڵەکانیان زیاتر لەوە چڕ بووەوە کە بگەنە ئەو هەڵگرانەی بە تێچوون و ماندووبوونێکی کەمتر توانای گەیاندنی ژمارەیەکی زۆرتر لە زانیاری هەبێ ، بەڵام پێوەرە پەیوەندیدارەکان بە زانستە کۆمەڵایەتییەکان پشت بەوەی ناودەبرێ بە (جۆری زانیاری نوێ) دەبەستێ و، لە گرنگترینیان دەبێ زانیارییەکە: ورد و نوێ و تەواو و کورت بێ و بە بابەتەکەوە پەیوەندیدار بێ و، دەکرێ پشتی پێ ببەسترێ و لەکاتی گونجاودا وەدەست بکەوێ، هەروەها وردەکاری پێویست لەخۆدەگرێ کە بە ئاستی ئەو ناوەرۆکانەی کە هەڵیگرتووە دەپارێزرێ.

شۆڕشی زانیاری و تەکنیکەکەی توانای هزری مرۆڤیان زیاد کرد، نەك تەنیا لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕپێکردن و گواستنەوەی بە خێراییەکی زۆر و، وای لێبکات

ئاسانتر وەدەست بکەوێ، بەڵکو چارەسەرکردنی ئەو زانیارییانە و شیکردنەوە و مانا پێ بەخشینی ئاسان کرد و، لەبەر توانای شیکردنەوە رەهەندی تازەتری پێ بەخشی ، لەبەرامبەردا زانیاری نزمی جۆریی رەتکردەوە کە بەوە ناسراوە چەواشەکار و شێواو و کەموکورت و تێنەگەیشتووە. هەموو ئەمە لەبەر ئەو ژینگەیەیە کە زانیارییەکان خولقاندی و دۆزییەوە. چیتر تاك وەك پێشتر پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەوانیتردا سنووردار نییە کە ئەو راهاتووە لاساییان بکاتەوە و، چیتر شارەزابوونی بە جیهانی دەرەوە لەسەر چەند وڵاتێکی دیاریکراو و چەند ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی سنووربەند نییە، بەڵکو مرۆڤ لە پەیوەندیدا دەبێ بە جیهانی دەرەکی لەڕووی کۆمەڵایەتی و جوگرافی، بەهۆی سیستەمی نوێی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی و، بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی ئامرازەکانی گەیاندن و گەشەسەندنی ناوەرۆك و پرۆسەکانی. ئەوەی کە دەگوترێ جیهان بۆتە گوندێکی رەهەند دیاریکراو، وتەیەکی سەپێنراو نییە، بەڵکو رەنگدانەوەی ئەو واقیعەی ئێستایە Reality کە لە هەر سات و خولەکێك لە بوونە مرۆڤایەتییەکەی مرۆڤ تیایدا دەژی. ئەمە سەرەڕای ناوەرۆکی تازەی ئەو دەربڕینە، کە چیتر مەبەست لێی تەنیا ئەو گوندە ئەلیکترۆنییە نییە، بەڵکو ئەو گوندە بۆ تۆپێکی گەورەی پڕ لە زانیاری گۆڕاوە کە لەشێوەی تۆپێکی خولاوی بەفردایە دەخولێتەوە و، لەگەڵ ئەو کات و ماوەیەی دەیبڕێ لە کرانەوەدایە. داتا و زانیارییەکان کە دیارترین نیشانەکانی شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری پێکدەهێنن کاریگەری کەڵەکەبوونی رانەوەستاوە، بەڵکو هەردووکیان -واتە داتا و زانیارییەکان- بنەمایەکی پتەو بۆ زانینی مرۆڤایەتی پێکدەهێنن، کە پشت بە بونیاتێکی تەکنیکی توانای بێ سنوور دەبەستێ.

ئەو داتایانەی کە وامان ناساندووە راستیگەلێکی پێکەوە نەبەستراون، لە سادەترین و ئاڵۆزترین شێوەکانیدا گەنجینەی مێژوویی ئەزموونی مرۆڤایەتی دەنوێنێ، بەڵام ئەو زانیارییانەی کە بەشبەشکردنی داتاکان و پۆلێنکردنیان لەخۆدەگرێ، توانای رێکخستنیی مرۆڤ دەنوێنێ، واتە ئامادەباشکردنی داتاکان و گۆڕینی بۆ زانیاریگەلێك کە بۆ بەکارهێنان بشێن.



لێرەوە دەکرێ بڵێین، مەعریفە، پوختەی دەرەنجامی کەڵەکەبوونی ئەو زانیارییانەیە کە راستکردنەوەی زیاتری خراوەتە سەر بۆئەوەی بەشێوەیەکی گشتگرتر سوودی لێ وەربگیرێ، وشەی (مەعریفە)ش مانایەکی فراوانتری وەرگرت، کە بریتییە لە هەموو ئەو زانیاری و داتا و پێشکەوتن و ئەوانەی کە دەشێ بکرێ، سەرەڕای هەڵوێست و بەها و دەرەنجامەکانیتری کۆمەڵگەی هێمایی، جا راست یان نزیکەیی یاخود درۆینە بێت.

بۆیە مەعریفە Cognition لە پرۆسەکانی کۆکردنەوەی داتا گشتگرترە و، لە بەشبەشکردن و پۆلێنکردنی لەشێوەی زانیاریدا فراوانترە. پرۆسەیەکە کە لە رێگەیەوە تاك دەتوانێ ئەو ژینگەیەی کە تیایەتی بیناسێ و لێکی بداتەوە. هەروەها پرۆسەکانی درککردن و بیرکردنەوە، وەبیرهاتنەوە، پرسیارکردن، خەیاڵکردن و هەڵسەنگاندن هەموویان لەخۆدەگرێ.

لەڕێگەی ئەم پەیوەندییەی نێوان مەعریفە لەلایەك و داتا و زانیارییەکان لەلایەکیترەوە، زانیاریی هێز و درێژکراوەییەکەی وەرگرتووە. ئەو درێژکراوەییە کە سنووری جوگرافی و، سیاسی و، کلتووری و، کۆمەڵایەتی تێپەڕاندووە، تا ئاستێك کە زانیارییەکان تیایدا هەست و نەستێکی بۆ هەموو تاکێك، گرووپێك، دامەزراوەیەك، کۆمپانیایەك، کلتوورێك، ئایدۆلۆژیایەك، سەرەڕای سیستەمە سیاسییە دەسەڵاتدارەکان پێکەوە دروست کردووە، بۆیە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان، وردە وردە لە شارەزایی لە کۆکردنەوەی زانیاری و ئەوەی دەیگرێتەوە گۆڕا، بۆ گەڕان بەدوای:

- چۆنێتی گەیشتن بە زانیاری بەسوود و رازیکەر.
- چۆنێتی باشتر بەکارهێنانی ئەو زانیارییانەی کە دەکرێ پێی بگەین و دەستمان بکەوێ.
- چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم کارە، لەکاتێکدا پێویستی بەو زانیارییانە زیاتر دەبێ بەمەبەستی تەواوکردنی مەعریفەی مرۆڤایەتی و پێشخستنی ناوەڕۆکە نوێیەکەی.

کەواتە ئامانجەکە تەرخانکردنی هەر زانیاریەکیتر نییە، بەڵکو مەبەست لە هەموو ئەمە، سەرلەنوێ رێکخستنەوەی مەعریفە و دابەشکردنێتی، سەرەڕای ئەو هێمایانەی

بۆ گەیاندنی بەکار دەهێنرێن. بەمانایەکی دەستنیشانکراوتر، بریتییە لە خولقاندنی ڕێکخستنێکی نوێ لە مەعریفە، بەمەبەستی بەستنەوەی چەمکەکانە بە یەکتر لەڕێگەی زنجیرەیەکی هەرەمی لە دەرەنجامەکان، کە یارمەتیدەرە لە بونیاتنانی گریمانە بۆ سەرجەم ئەو دراوانەی کە لە کەڵەکەبوونی زانیارییەکانەوە بەرهەمهاتوون، هەروەها بۆ ئەو پێشەکییە مەعریفییانەی کە ئەو زانیارییانە بۆمان دەستەبەری دەکەن.

(مەعریفە) کە واتای گەشەپێدانی زانیاری فەراهەمبوو بۆ زانیاری بەسوودە، بۆتە ئەو چەمکە نوێیەی کە لەبنەمادا پەیوەستە بە چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم بڕە زۆرەی زانیارییە کەڵەکەبووە، کە دەکرێ پێی بگەین و ئەوەی تیایەتی ئاڵوگۆڕی بکەین. ئەوەی کە دەبێ لە سەرەتا و کۆتاییدا بڕیاری لەسەر بدرێ ئەوەیە کە شارەزایی یان هونەری راستەقینە لە پرۆسەی گۆڕینی زانیاری بۆ مەعریفە، دواجار بریتییە لە هونەرێکی مرۆیی و، لەوانەیە ئەم شارەزاییە دیاریکراوە بەسوود و پاڵپشتی ئامرازە دەستەبەربووەکان لە سیستەمەکانی تەکنیکی زانیارییەکان بێت. بەڵام ئەو ئامرازانە ناتوانن جێی هەڵسەنگاندنی مرۆیی بۆ زانیارییەکان بگرێتەوە و، بۆ مەبەستی پەرەپێدانی مەعنەوی و بوارەکانی مەعریفە بەسوودبێ.

کەس درکی بەو پلە لەڕادەبەدرە نەدەکرد، کە بەهۆیەوە ئێستا هێز و سامان پشت بە مەعریفە دەبەستن، دوای ئەوەی داتا و زانیارییەکان لەو کۆتوبەندانە رزگاریان بوو کە خرابووە سەر جموجۆڵیان و، هەردووکیان مەعریفەیان ئازاد کرد و وایان لێکرد بۆ پێگە راستەقینەییەکەی لە بونیاتنانی هەرەمی کۆمەڵایەتی بگەڕێتەوە و، توانا بێ سنوورەکانی مێشك دەربخات.

سامانیش وەکو هێزێك رۆژانێك شتێکی گەوهەری بوو، زەوی لە شارستانییەتی یەکەمدا -کشتوکاڵ- گرنگترین سەرمایە بووە، لەپاشان سامان لەسەردەمی سامانی پیشەسازیدا خۆی لە کارگە و ئامێرەکان و بەرهەمهێنان و کەرەستە پێویستییەکانی دەبینییەوە، بەڵام ئەمڕۆ سامان لە کەللە سەردایە، کە شارەزایی و زانیاری و مەعریفەی تێدایە، تەنانەت لە سامان و هێزیش گرنگترە،



کە دەسەڵات لێیەوە هێزەکەی دەست دەکەوێ. دەرکەوتنی سیستەمێکی نوێ بۆ بەرهەمهێنانی سامان کە لەبنەمادا مەعریفە پشتی پێ دەبەستێ، تەنیا نابێتە هۆی ئەوەی پێگەی توخمەکانی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و رۆڵی هەریەکەیان بگۆڕێ، بەڵکو لە گۆڕینی شێوازی پێکهاتنی خودی دەسەڵاتەکە یارمەتیدەرە. وای لێ هاتووە سامان بەشێوەیەکی گەورە پشت بە مەعریفە ببەستێ وەك لە زەوی و پیشەسازی قورس. بۆ نموونە، حەوت لە دە کەسی دەوڵەمەندترینی پیاوانی ئەمریکا لەنێوان سالانی ١٩٩٠-٢٠٠٠ کە ناویان لە گۆڤاری (فۆربس)دا هات، سامانەکانیان لەڕێگەی پیشەسازی زانیارییەکان و راگەیاندن و کۆمپیوتەر و گەیاندنەکانەوە کۆ کردبووەوە. واتە ئەوانەی کە کارەکانیان زیاتر بە پرۆگرامسازی و خزمەتگوزاری پەیوەستە وەك ئەوەی ئامێر و کەرەستە دروست دەکات. لەپێشەوەی چوار پیشەسازییە سەرەکییەکە کە پیشەسازی پەیکەری بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتوو پێکدەهێنێ، سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی روودانی لە وەرچەرخان لە هێزی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئەویش هەردوو پیشەسازی کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنیات و بەتایبەتی گەیاندنی بوو.

لێرەوە دەکرێ ئاماژە بەو کاریگەرییە بکەین کە کەڵەکەبوونی زانیاری لەسەر داهاتووی مرۆڤ و رێکخستنە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی دەیگێڕێ. وەك دەزانین، زانیارییەکان هەستپێکراو یان پێوراو نین وەك ئەو ماددانەی کە چاخەکانی پێشووی پێ جیاکراوەتەوە، بەڵام بۆ ئێمە زۆر گرنگ بووە و، شۆڕشی زانیاری لەسەرەتایدایەتی. تێچوونی گەیاندنەکان بەهەمان ئەو خێراییە دادەبەزن کە پێشتر تێچوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەرەکان دابەزین و، ئەگەر تاڕادەیەکی پێویست دابەزێ و تەکنیکە نوێیە پێشکەوتووەکان کۆببنەوە، ئەوا رێگەی خێرایی زانیارییەکان تەنیا بە دەربڕینێك نامێنێتەوە کە لەلایەن بەڕێوەبەر یان سیاسەتوانە بە پەرۆشەکان (بەگوڕ و تینەکان)ەوە بگوترێنەوە، بەڵکو وەکو کارەبا راستەقینە و کاریگەریی مەودا دوور دەبێ. بۆئەوەی تێبگەین بۆچی

زانیارییەکان تا ئەم ئاستە تەوەرەیین، گرنگە لەو چۆنێتییە ئاگادار بین کە تەکنیك شێوازەکانی مامەڵەکردنی ئێمەی لەگەڵ زانیارییەکاندا گۆڕیوە. بەواتایەکیتر، ئەو داتایانەی کە بۆ ئاگردانەکان گۆڕاوە بۆئەوەی شۆڕشی زانیاری جۆش بدات، بەهۆی پێشکەشکردنی راستییە سەرەتاییەکان کە لە بنەمادا بۆ گفتوگۆ و لەپاشان بڕیارەکان پێکدەهێنرێ و، شتومەکە راستییەکانی هەر دامەزراوەیەك وای لێ هاتووە خۆی لە بنەماکانی داتا فەراهەمبووەکان لەلای خۆیدا دەبینێتەوە، چونکە ئەو داتایانەی کە دامەزراوەکە لەبارەی کارەکەی و ئەرکەکانی هەیەتی، دواجار گرنگتر خۆی دەنوێنێ لەوەی تەنیا خاوەنی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان یان هەر شتومەکێکیتر بێ.

بیرکردنەوەیەکی لەم چەشنە هەنگاوێکی گەورەیە کە روانینەکان بۆ سەرچاوە راستەقینەییەکانی سوود و پێویستییەکانی داتاکان ئاراستە دەکات. ئەو سوودانانەی کە دیارترینیان ئەو توانایەیە کە وا دەکات زانیارییەکان بە بەردەوامی نوێ یان نوێکراوە بن. لەوەش زیاتر، کۆمپیوتەرەکان پەیدابوون بۆ ئازادکردنی ئەو داتایانە لەو کۆتانەی کە بەندی کردوون، وەك بەکارهێنانی کاغەز و خستنە بەردەستی هەر تاکێك کە دەتوانێ کیبۆردی کۆمپیوتەرە مەبەستدارەکان بەکاربهێنێ، لەنێویشیاندا بنەماکانی داتا حکومییەکان بۆ دەسیکەوتنی زانیاری لەبارەی بڕێکی زۆر لە بابەت. ئەو کۆمپیوتەرانە جارێکیتر وای لە داتاکان کرد کە رۆڵێکی گرنگ لە گەشەکردن و پێشخستنی ژینگەی زانینی کۆمەڵگەکەدا ببینن، سەرەڕای گۆڕانکاری باری خودی زانین و، بەشداریکردن بەشێوەیەکی راستەوخۆ لە گۆڕینی سروشتی سەرچاوەکانی سامانی (ئابووری) لەسەر سەرجەم ئاستەکانی: نەتەوەیی، هەرێمی و جیهانی. هەروەها داتاکان بارودۆخی گونجاویان لەبەردەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژی رەخساند، لەرێگەی ئاسانکردنی ئەرکی توێژەران لە گەیشتن بە سەرچاوەی ئەو داتایانەی کە پێشتر بەو ئاسانی و خێراییە بۆیان بەردەست نەبووە.



## ٢/٥: زانیاریی و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییەکان:

بەخشراوە مێژووییەکان هەمیشە پێشکەش بە توێژەران و بەتایبەتی پەیوەندیداران بە پێشکەوتن و وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە مێژووییە گەورەکان دەکرێ و، روانینێکی روون و کاریگەرییان لەم بوارەدا پێ دەبەخشێ. لەپێشەوەی ئەو روانینانە ئەوەیە کە دەکرێ پەی بۆ ببرێ، گۆڕانکاری چۆنێتی لە پەیوەندییەکان و بونیاتە کۆمەڵایەتییەکان، بەدەگمەن لە رێڕەوی قۆناغە مێژووییە یەك لەدوای یەکەکان بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی روودەدات. هەروەها بۆمان روون دەکاتەوە کە قۆناغێکی مێژوویی دوور هەیە کە شۆڕشێك یان وەرچەرخانێکی کۆمەڵایەتی لەویتر جیا دەکاتەوە. بەڵام پێشکەوتنی تەکنیکی هەروەها بونیاتنانی نموونە نوێیە ژیانییەکان تەنیا رۆژێکیش دانەبڕاوە و بە بێ وەستان بەردەوام بووە. شێوازەکانی بەرهەمهێنان Mode of Production و بونیاتە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان Social Structurs توانی ئەو پێشکەوتنە تەکنیکی و نموونە ناوبراوانە بگونجێنێ، بۆ خزمەتی خۆی و پشتگیریکردنی بنەماکانی بوونی و، ئەو شێوازانەی بەرهەمهێنان کە پشتی پێ دەبەستێ. چیتر لای کەس شاراوە نییە، کە شێوازی بەرهەمهێنان رەهەند و چەمکێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر وەردەگرێ کە لە چوارچێوەکەیدا هەموو سیما ئابووری و سیاسی و تەکنیکی و کلتووری و کۆمەڵایەتییەکان، سەرەڕای چوارچێوە ئایدۆلۆژییەکان روون دەبێتەوە.

بەڵام ئەمە کاریگەری کەڵەکەبوونەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی و نموونە نوێیەکان هەڵناوەشێنێتەوە، بەڵکو مێژووش دووپاتی کردۆتەوە کە ئەو پێشکەوتنە تەکنیکییانە لەوانەیە ئامادەباشی بکات بۆئەوەی هۆکاری تێکچوونێك لە بونیاتی کۆمەڵایەتی لەژێر کاریگەری لێدانە بەهێز و یەکلاکەرەوەکان بێت، وەك چۆن ئامێری هەڵمین و، چاپخانەی گۆتەنبێرك و، هێڵەکانی شەمەندەفەر لە ئەورووپا کردیان.

ئەوەی دەبێ بیڵێین، هەر پێشکەوتنێکی تەکنیك بێگومان کاریگەری دەبێ لەسەر نموونەی بەرهەمهێنان بە بێ ئەوەی شێوازی بەرهەمهێنان بگۆڕێ، مادام

پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان دەتوانێ ئەو گۆڕانکارییە لەخۆبگرێ کە لە نموونەی بەرهەمهێناندا روویداوە. ئەمەش بە تەواوی -تا ئەم ساتەی ئێستا- لەسەر سروشت و توانا و بەردەوامی سیستەمی سەرمایەداری جێبەجێ دەبێ، لەوەتەی پێش ٣٠٠ ساڵ شۆڕشی پیشەسازی دەستی پێکردووە. ئەو سیستەمە و شێوازی بەرهەمهێنانەکەی توانی تاڕادەیەك هەموو کاریگەرییەکانی پێشکەوتنی تەکنیکی و قەبارەکەی هەرچەند بێ لەخۆبگرێ و، لە خزمەتی بونیاتە کۆمەڵایەتییەکەی و پاڵپشتیکردنی تواناکانی کۆنترۆڵکردنەکەی بگونجێنێ، هەر لە تەکنیکی زانستی و، بۆشایی ئاسمانی و، پیشەسازییەوە تا بە تەکنیکی هاوچەرخی زانیارییەکان دەگات.

لەبەرامبەردا، ئەمە ئەو هەوڵی کەڵەکەکردنەی هەڵنەوەشاندەوە کە شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری دەکرێ لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوەکانی پێشکەوتنی لە ئایندەدا دروستی بکات، کە بۆتە ئامانجی سەرجەم لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان ، وەك لێکۆڵینەوەکانی تۆفلەر، منوال کاستل و، پیتەر گۆڵدن ... هتد، کە لە دە ساڵی رابردوو دەرچوون.

زانیاریی و بونیاتی کۆمەڵایەتی:

تۆفلەر دەڵێ "بواری تەکنیکی بۆ شەپۆلی دووەم - شۆڕشی پیشەسازی - پێویستی بە بوارێکی کۆمەڵایەتی Socio-Sphene هاوتای لە شۆڕشگێڕی و خاوەن داڕشتنگەلی نوێ و ریشەیی لە رێکخستنی کۆمەڵایەتی هەبوو". ئەو پرسیارەی کە خۆی دەخاتەڕوو بریتییە لەوەی، کەواتە هاوتای کۆمەڵایەتی داواکراو بۆ شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری چییە؟

بێگومان شۆڕشی هاوچەرخی تەکنیکی بە مانای تەواوی وشە، شۆڕشە، بەوەی بزاڤێکە وەرچەرخانە چۆنێتییەکان لە بوارە جیاجیاکان لە زانینی زانستی تیۆری و پراکتیکی رێك دەخات. لە دیارترین بوارەکانی ئەو شۆڕشە تەکنیکییە، تەکنیکی زانیارییە، کە توانایەکی کاریگەریی راستەوخۆی لەسەر پێکهاتنی نموونەکانی بەرهەمهێنان هەیە، کە بە هەموو مەیدانەکانی چالاکی ئابووری پەیوەندیدارە. دواجار



ئەرکی زانیارییەکانە کە دەستبەجێ کۆنترۆڵی سەرلەنوێ پێکهاتنەوەی ئەم بەرهەمهێنانە بکات. لەبەرئەوەی پێکهێنانی کۆمەڵگە لە رووە جیاوازەکانەوە تاڕادەیەکی زۆر لەسەر نموونەکانی بەرهەمهێنان وەستاوە، بۆیە دەبێ بەپێی بەرهەمهێنانەکەی، شۆڕشی زانیاری وەرچەرخانی گرنگ و چۆنێتی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا بێنێتە ئاراوە.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە زانیاری بە توخمێکی گرنگ لە توخمەکانی هێز زانراوە و دەزانرێ، جا ئەم هێزە هێزی تاك بێ، یان هێزی چوارچێوە دامەزراوە فراوانترەکان: رێکخراوەکان، دەستەکان، کۆمەڵەکان، یاخود وڵاتان بێت. هێزی زانیاریش پرسێکی لەناکاو یاخود داهێنراوێکی هاوچەرخی شارستانی نییە. ئەگەر پێشتر زانیاری ئاڵوگۆڕی دیاریکراو بووبێ و چوارچێوەی مامەڵەکردن لەگەڵیدا تەسك بووبێ، ئەوا هیچ رۆژێك بەها و توانا رێکخراوەییەکەی لەدەست نەداوە. بەڵام ئەوەی کە هێز و بەهایەکی نوێ و زیاتر لەوەی پێشووی پێ دەدات و، وای لێدەکات تەوەر و پێوەری پێشکەوتنی هەنووکەیی بێ، ئامراز و رێگەکانی ئاڵوگۆڕی خودی زانیارییە لەنێوان تاك و کۆمەڵەکاندا. بەدەربڕینێکی وردتر، ئەو گۆڕانکارییەیە لە شێوازی گەیاندن و رێگەی گەیشتن بە بڕیارەکان، سەرەڕای باڵاچوونی رەوتی کارلێککردن لەنێوان خەڵکدا.

بەپێی پۆلێنی ئالف تۆڤلەر و ناوەڕۆکەکانی، لەبەرئەمە دەکرێ بڵێین ناوەڕۆکی ژیانی نوێ لەسایەی زانیاریدا ئەو بنەمایانە لەخۆدەگرێ کە بەتەواوی لەو بنەمایانە جیاوازە کە ژیان لە هەردوو شارستانییەتی یەکەم و دووەمی لەسەر بونیات نرابوو، کە پشت بە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وزە دەبەستێ، کە دەکرێ تازە بکرێتەوە، هەروەها پشت بە نموونەیەکی تازەی بەرهەمهێنانی دەبەستێ، کە سەرجەم هێڵەکانی کۆکردنەوە لە کارگەیەکی کۆندا هەڵدەوەشێنێتەوە. هەروەها پشت بە نموونەیەکی خێزانیی دەبەستێ کە لە بونیاتنانی خێزانێکی ئەتۆمی جیاوازە. سەرەڕای ئەمە پشت بە دامەزراوەیەکی نوێ دەبەستێ کە تەوەری بزاوتەکەی لەسەر ئەو توانا ئەلیکترۆنییە

وەستاوە کە هەیەتی و، دامەزراوەگەلی فێرکاری کە لەڕووی میتۆد و ناوەڕۆك و دەستەواژەکانەوە بەتەواوی لەوانی پێشوو جیاوازە، سەرەڕای هەموو ئەمانە شێواز و هێمای رەفتاری ئەوتۆ پێشکەش بە ژیان دەکات کە ناچێتە ژێر باری دەسەڵاتی پێوەرەکان و، هاوکاتیی و، مەرکەزییەتی راستەوخۆ، کە تەوەرەکەی پارە و وزە و دەسەڵات نییە، بەڵکو زانیاری - مەعریفەیە. چیتر مەعریفە هۆکارێکی یاریدەدەر نییە بۆ هێزی پارەو هێزی ماسولکەکان، بەڵکو مەعریفە ناوەڕۆکی هەردووکیان دەنوێنێ و دووهێندەی گەورەتری هەردووکیان دەردەخات.

دەکرێ بڵێین، چیتر زانیاری لەسەر دامەزراوەگەلی دیاریکراو، یان چالاکی دەستنیشانکراو کورت نابێتەوە، بەڵکو زانیاری بۆتە تەوەری چالاکییە کەسیی و کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ و، بە تەوەرێك بۆ دامەزراوە بەرهەمهێنانی و کلتوورییەکان دادەنرێت.

کەواتە، قسەکردن لەبارەی زانیاری -بەتایبەتی تەکنیکی زانیاری- و کاریگەرییەکەی یان پەیوەندییەکەی لە پێکهێنانی بونیاتی نوێی کۆمەڵایەتی، دەبێتە هۆی گەڵاڵەبوونی بیرۆکەی بەراورد لەنێوان ئەو پیادەکردنەی کە مرۆڤ پێی هەستاوە، کاتێك توانی کەرەستە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی پێش ٣٠٠ ساڵ پێش بخات، کە لە شۆڕشی پیشەسازی و، شۆڕشی تەکنیکی وردی هاوچەرخ خۆی دەبینێتەوە و، لەوانی پێشتر بەتەواوی جیاوازە. شۆڕشی پیشەسازی توانای بە مرۆڤ بەخشی کۆنترۆڵی هێزەکانی سروشت بکات و سوودی لێ وەربگرێ، بۆئەوەی هێزە ماسولکەییەکەی بەهێز بکات. لەکاتێکدا شۆڕشی هاوچەرخی تەکنیکی جەخت لەسەر فراوانکردنی توانا هزرییەکانی مرۆڤ دەکات، کە تا ئەم دواییەش دیلی کەڵلەی سەری بوو. جێبەجێکردنەکانی تەکنیکی کۆمپیوتەر تەنیا توانای هزری مرۆڤیان لەبواری کۆکردنەوەی زانیاری و ئاڵوگۆڕکردنی زیاد نەکرد و، گواستنەوەی بەخێراییەکی زۆر وای لێبکرێ لەبەردەستی هەمواندا بێت، بەڵکو توانای چارەسەرکردنی زانیاری و شیکردنەوەی و پێ بەخشینی مانا و رەهەندی نوێ بە بەردەوامی ئاسان و دەستەبەر کرد، کە تارادەیەك شان لە شانی توانای مرۆڤ لە شیکردنەوە و دەرەنجام دەدات.



**شۆڕشی تەکنیکی هاوچەرخ ئەم خەسڵەتانەی لەخۆگرت:**

١- زیادکردنی توانا هزرییەکانی مرۆڤ.

٢- خێراکردنی جێبەجێکردنی دەرەنجامەکانی شیکردنەوە و داهێنانی هزریی مرۆڤ و، گۆڕانی بۆ واقیعێکی کردەیی رۆژانە.

٣- گۆڕانی زانین و تەکنیکی هاوچەرخ بۆ توخمێکی بنەڕەتی لە توخمەکانی هێز لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و رکابەری، ئەگەر نەڵێین ململانێی ئابووری.

٤- زۆر تێکەڵکردنی کەرتەکانی بەرهەمهێنان لەو پێشهات و پرۆسانەی گەشەسەندن کە پشت بە پێشکەوتنی زانین و پێشکەوتنی تەکنیکی هاوچەرخ دەبەستێ. ئەمەش بووە مایەی وەرچەرخانی تەکنیکی هاوچەرخ لە بەهرەیەکی هونەری کاریگەر دیاریکراو بۆ دامەزراوەیەکی گشتگیری کاریگەر، کە لە توێژینەوەدا کورت نابێتەوە، بەڵکو هونەرەکانی پێشکەوتن و داهێنان و، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی زانینی بەرهەمهاتووی لەخۆگرتووە.

بەدەربڕینێکیتر، پێشهاتە ئەلیکترۆنییە وردەکان و جێبەجێکردنەکان، بنەمای شۆڕشی هاوچەرخی تەکنیکییان پێکهێنا، کە لەلای خۆیەوە لە پێگەی پرۆسەی تێکەڵکردن لەنێوان ئەو دوو پێشهاتە تەکنیکییانە و جێبەجێکردنەکانی کۆمپیوتەر و دواتر گەیاندنەکان، بووە هۆی دووبارە پێکهێنانەوەی شێوازی کارکردن و، بەرهەمهێنان و رێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ و، شێوازەکانی پەیوەندییەکانی و، چۆنێتی رێکخستنی ژیانە گشتی و تایبەتییەکەی لە چوارچێوەی رێکخستنی کۆمەڵایەتی، بەپێی بنەماگەلی نوێ کە بەشێوەیەکی ریشەیی لەو شێوازی نەریتییە باوە جیاوازە، کە بەخشراوەکانی شۆڕشی پیشەسازی پێش ٣٠٠ ساڵ بەرهەمی هێنا.

**خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی زانیاری:**

یەکێك لە دیارترین ئەو لێکۆڵینەوە ئایندەبیانەی کە تۆفلەر داینا، باس لە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی زانیاری دەکات و لە شەش خەسڵەتدا دیاری کردووە، کە سیماکانی بونیاتی بنەڕەتی ئەلیکترۆنی بۆ کۆمەڵگە لە وڵاتانی ئابووری پێشکەوتوو

دەنوێنێ. ئەو خەسڵەتانەش بریتین لە: کارلێك Interactivity، توانای جموجوڵ Mobility، توانای گۆڕان Convertlbility، گەیاندنیی Connectivity، بەربڵاوبوون Ubiquity، ئاڵوگۆڕ Globalizion. بەپێی بیروڕای تۆفلەر ئەم شەش پرەنسیپە کۆمەڵگەکەی بۆ وەرچەرخانێکی تەواوی دەورووژێنێ، نەك بە تەنیا لەو شێوازەی کە نامەکان ئاراستەی یەکتر دەکەین، بەڵکو لەو شێوازەی کە بیری پێ دەکەینەوە و ئەو چۆنێتییەی کە لەجیهاندا خۆمانی پێ دەبینین و، دواتر لە هەڵوێستمان لەبارەی حکومەتە جیاوازەکانمانەوە. هەروەها کۆکراوەیە، کە مەحاڵ دەبێ بەو شێوەیە لەگەڵ بیرۆکەکان یان وێنە مۆرك وەرگرتووەکان یاخود داتا یان زانیارییەکان یاخود زانین مامەڵە بکەین، کە پێشتر مامەڵەی پێ دەکرا.

دوای دە ساڵ لە پێشبینییەکەی تۆفلەر، کارلێککردنیی بووە واقیع، بە یارمەتی تەکنیکی گەیاندن و، ئامێرەکانی میدیای گشتگیر Multimedia، سەرەڕای ئامێرە کۆمپیوتەرییە کارلێککارییەکان و، چیتر هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان ئامێرە بینراوەکان و کۆمپیوتەرەکان یاخود لەنێوان وەرگر و نێرەر نەما و، زاراوەی Trenceive بووە جێگرەوەی هەردوو زاراوەی سەرچاوە و وەرگر.

- بەڵام توانای جموجوڵ، بە یارمەتی تۆڕەکانی مانگە دەستکردە پیشەسازییەکان و، لیمفە بینینییەکان و تۆڕەکانی زانیاری ئەویش بووە شتێکی واقیعی و، باشترین بەڵگە مۆبایلە، کە بۆ گواستنەوەی قسەکردن و تەماشاکردنی بەرنامە بینراوەکان، یاخود پەیوەندیکردن بە تۆڕی ئینتەرنێت، سەرەڕای خزمەتگوزارییەکانیتر بەکاردەهێنرێ.

- هەروەها توانای وەرچەرخاندن چیتر ئەمیش بزر نییە و، لە مامەڵەکردنەکانی رۆژانەدا بۆتە پرسێکی وەدیهاتوو، لەپێشەوەیان بابەتیبوونی وەرگێڕانە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکیتر، بەتایبەتی بەڵگەنامەکان یاخود نامە بازرگانییەکان، یان تەنانەت زانیارییە ئامانجدارەکان. ئەم توانامەندییەش -واتە وەرچەرخاندن- لە رووداوی وەرچەرخانی گەورە لە جیهانی فیکری کلتوور و زانیاریدا یارمەتیدەر دەبێ و،



پرسێکی دوور نییە کە ئامێر جێگەی وەرگێڕ بگرێتەوە، بۆ تێگەیشتن لەنێوان دوو کەس کە بە زمانی جیاواز قسە بکەن و ئینتمایان بۆ کلتوورە لێك نزیکەکان هەبێ.

- بەڵام خەسڵەتی گەیاندنیی، ئەویش لە جیهانی زانیاری و گەیاندندا ئامادەیە، چیتر پرسی گەیاندنیی رەتکراوە نییە، بەڵکو لەڕێگەی تۆڕەکانی زانیاری تایبەتمەند یاخود ئینتەرنێت ئامادەیی هەیە و، بۆ تەکنیکێکی سادە و بەردەستبوو گۆڕا و، دەتوانێ پەیوەندی بەهەر سەنتەر یاخود سیستەمێکی گەیاندن یان یەکێك لە تۆڕە مەبەستدارەکان بکات.

- هەروەها خەسڵەتی بەربڵاوبوون هێشتا کێشەی هەیە و، سەرەڕای فراوانبوونی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە وڵاتە جیاجیاکاندا کەچی هێشتا بەربڵاو نەبووە، تەنها ئەوە بەسە کە ئاماژە بەوە بدەین کە ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەساڵی ٢٠٠٠ گەیشتۆتە ٣٠٢ ملیۆن هاوبەش و، چاوەڕوان دەکرێت لە دە ساڵی داهاتوو ئەم ژمارەیە زیاد بکات. (تا کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ ژمارەی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە یەك ملیار کەس لە جیهاندا تێپەڕی کرد -وەرگێڕ-).

- بەڵام خەسڵەتی ئاڵوگۆڕ، لەم بوارەدا هەنگاوی گەورەی ناوە، هەر لە تۆڕەکانی گەیاندنی بۆشایی ئاسمان و، کێبڵییەوە تا دەگاتە ئینتەرنێت.

بێگومان دەرەنجامی وەدیهاتنی ئەو شەش پرەنسیپە لە چوارچێوەی زانیاریدا دەبێتە مایەی سەرکەوتنی سیستەمێکی دەمارگیری شۆڕشگێڕی بۆ جیهان -بەروانینی تۆفلەر-، کە توانای مامەڵەکردنی لەگەڵ بڕە گەورەکراوەکان لە داتا و زانیاری و زانین بە رێژەی پەخش و چارەسەرکردنی خێراترو گەورەتر هەیە و، بە گشتاندنێکی زیاتر، سیستەمێکی دەمارگیرییە بۆ رەگەزی مرۆڤ کە دەکرێ بگونجێنرێ و، بەشێوەیەکی زیاتر لەوەی چاوەڕوان دەکرێ زیرەك و ئاڵۆزە.

# بەشی شەشەم

## کۆمەڵناسیی راگەیاندن و تەکنیکەکانی زانیاری

### ١/٦: تەکنیکەکانی زانیاری:

کاتێك قسە لەبارەی تەکنیکە کلاسیکییەکان و قۆناغەکانی گەشەکردنی دەکەین، بە سەدە و لەوانەیە بە هەزاران ساڵ باسی لێوە بکەین، وەك لە مەودای کاتیی جیاکەرەوەی نێوان زمانی دەربڕدراو و زمانی نووسیندا هەیە، یان مەودای کاتی نێوان داهێنانی بزوێنەری بابیج دیفینز لەساڵی ١٨٢٠ و، کارتەکانی هارلت لەساڵی ١٨٩٠دا هەیە، یاخود مەودای جیاکەرەوەی نێوان تەکنیکی میکانیکی بۆ ژمێرەر لەساڵی ١٩٣٠ و بونیاتنانی بازنە ئەلیکترۆنییە تەواوەکاندا هەیە، بەڵام ئامێرەکان ئەوا مەودای کاتیی جیاکەرەوەی نێوانیان بە رێژە یان بە هەفتە و لەوانەیە بە رۆژ بژمێردرێ. بۆیە شتێکی نامۆ دەبێ کە مێژوونووسانی تەکنیکی زانیارییەکان لەبارەی چاخە بەردینییەکانی و هەڵکەندنە هێماییەکانی قسە بکەن، کە بەو رێگەیەوە ئاماژە بەو یارمەتیدەرە سەرەتاییانە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری دەکەن، وەك کارتە کون و شریتە تیکەرزە کاغەزییەکان و، رەگەزەکانی کەرەستەی کۆن لە دەمەوانە ئەلیکترۆنییەکان و رەگەزەکانی یادەوەری موگناتیسی، هەروەها بۆ شێوازە جیاوازەکانی پرۆگرامسازی کە بە پچڕ پچڕ و دەستنووس و بێ نەرمونیانی و، نەبوونی بنەمای میتۆدی و ئەندازەیی ناسراوە، کە بۆ شەستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە.



گۆڕانکارییەکان لە کۆمپیوتەر و ئامرازەکانیتر تەنیا بۆ تام و چێژی زیاتر نییە بەڵکو بۆ سوودمەندی زیاتریشە و، بێگومان ئێمە ئەمڕۆ لەبەردەم دەروازەی قۆناغی تەقینەوە لە تەکنیکی زانیارییەکانداین کە دەکرێ دەرەنجامە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی وا بکات هەموو شتێکی پێش خۆی بە جوڵەی لەسەرخۆ نیشان بدات.

لەوەش زیاتر، نووسینەوە و توێژینەوە لەو تەکنیکە هەست و نەستێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ بۆ نووسەران و توێژەران دروست کردووە، سەیر نییە هەموو زانیارییەکان لەکاتی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی لەنێو ئەم دەستنووسە کۆنەدا بێ و، بەپێی ئەو یاسایەی کە بە یاسای مور دەناسرێ، تەکنیکی زانیارییەکان بەهێز و گەشەکردنەکەی هەر ١٨ یان ٢٤ مانگێك زیاد دەبێ و، دوای ٣١ ساڵ ئەو تێبینییانەی کە مۆر لەساڵی ١٩٦٥ خستییەڕوو راستی پێشبینییەکانی دووپاتکردەوە، هێزی کۆمپیوتەر و وزەکەی هەر دوو ساڵ جارێك زیادی کرد و نرخەکەشی کەم بووەوە.

زانایانی مەعریفە و ئەندازیارانی زیرەکی دەستکرد و، تەکنیکی مێشك و دەمارەکانی و ئەوانیتر کە پەیوەندییان بەم زانستانەوە هەبوو، ئێستا کار دەکەن بۆ گەماڕۆدانی مێشکی مرۆیی و یەکسانکردنی بە ناوچە/ ژینگە زیرەکانەی کە لەگەڵێدا دەژی و لەچواردەوریدان. دواجار مەسەلەکە بە دیاردەی زیرەکی لەژێر وردبینەدا (زانیاری - بۆماوەیی) سەقامگیر بوو، وەك بەگوێدادانێك بە کۆتایی هاتنی قۆرخکردنی مرۆڤ بۆ خاوەنداریێتی زیرەکی و، بەشداریکردنی ئامێر و سیستەم و ڤایرۆس و خانەکان و شتیتر لە بونەوەرەکان، دواتر ئەو پرسیارە دەردەکەوێ: مرۆڤی چاخی زانیارییەکان چۆن لەگەڵ جیهانەکەیدا دەژی، کە ئەو هەموو زیرەکییەی لەدەوری کۆبۆتەوە: گوندی زیرەك، شەقامی زیرەك، خانووی زیرەك، ئەسانسۆرە زیرەکەکان، کەرەستە زیرەکەکانی مەتبەخ، تەنانەت ئاوەڕۆ زیرەکەکانیش؟ ئەمە پشتگیریکردنە Synergism لەنێوان مرۆڤ و ئامێرەکەی و، ئەوەی ئەم ئامێرە و زیرەکییەکەی، بووە هۆی تێکەڵییەکی ورووژێنەر بۆ ئەوەی سروشتی و پیشەسازی بە یەك بگات، کە زەحمەتە پێشبینی بکرێت لە داهاتوویەکی نزیکدا چی روودەدات.

ئەگەر تەنیا پێشبینی بەرامبەر ئەوەی کە لە جیهانی زانیاری و تەکنیکەکانی روودەدات، بریتییە لە سەختیی خودی پێشبینییەکە، ئەوا دەکرێ بڵێین ئەوەی کە مفاجەئەیە بریتییە لە بنەما لە زانیاری و پێشبینی ورد بریتییە لە ئیستیسنا. زۆربەی توێژەرانی ئەم بوارە دووپاتی دەکەنەوە کە شۆڕشی زانیاری سەرەڕای هەموو ئەوەی وەدەستی هێناوە و، ئەو پێگەیەی کە لەژیانی رۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بە یەکسانی داگیری کردووە، هێشتا لە سەرەتایدایە و هێشتا چاوەڕوانی زۆری لێدەکرێ، ئەم خشتانەی خوارەوە گرنگی زانیاری و تەکنیکەکانی بە بەراورد لەگەڵ چالاکییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات.

ئەم خشتەیە قەبارەی پیشەسازی زانیارییەکان لە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەردەخات (بەپێی ژمارەکانی ساڵی ١٩٩٤ بە یەکەی ملیار دۆلار).

| کەرتی پیشەسازی | کۆمەڵەی ئەوروپی | ویلایەتە یەکگرتووەکان |
| --- | --- | --- |
| ناوەرۆکی زانیاری | ١٨٦ (٣٤٪) | ٢٥٥ (٤٥٪) |
| دابەشکردنی زانیاری | ١٦٥ (٣٠٪) | ١٦٠ (٢٨٪) |
| چارەسەرکردنی زانیاری | ١٩٣ (٣٦٪) | ١٥١ (٢٧٪) |
| کۆی گشتی بە ملیار دۆلار | ٥٤٤ | ٥٦٦ |

ئەو تێکەڵبوونە لەنێوان پێشهاتە ئەلیکترۆنییەکان و جێبەجێکردنەکانی کۆمپیوتەر شۆڕشێکی لە تەکنیکی زانیارییەکان و لە سروشت و جۆری زانیارییەکان بەرهەم هێنا، ئەو شۆڕشە دەستەبەرکردنی بڕێکی زۆری کەڵەکەبووی لە زانیاری بەشێوەیەکی بنەمایی خێراتر کرد، هەروەها پەرەپێدانی شێوازەکانی چارەسەری زانیاری کەڵەکەبوو و شیکردنەوە و نوێکردنەوەی تیایدا خێراتر کرد، کە لەتوانای کەسی بیرکاردایە بەرێژەی یەك ملیۆن بت لە چرکەیەکدا لەجیاتی چەند مانگێك هاوکێشەکان چارەسەر بکات، هەروەها شۆڕشی تەکنیکی نوێی خێرا کرد لە شێوازەکانی گواستنەوەی لە ٥،٥ ملیۆن بت لە چرکەیەکدا



پێش یەك دەیە (واتە ساڵی ١٩٩٠ -وەرگێڕ-)، بۆ بلیۆنێك بت لە چرکەیەکدا لە ساڵی ٢٠٠٠، بۆ ئاستێك بڕی کەڵەکەبوو لە زانیارییەکان وایکرد یەکێك لە کێشەکان گەیشتن پێی یان بەدواداچوونی و زۆرترین سوود لەو زانیارییانە پێکبهێنێ. دەکرێ یەکلای بکەینەوە بەوەی تەکنیکی هاوچەرخی زانیارییەکان، تەکنیکێکی پەراوێزی نییە لە کۆمەڵگەدا، یان لە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی، یاخود لە بونیاتەکەی، یان لە پەیوەندییەکانی، یاخود کارلێکەکەی، بەڵکو بۆ یەکێك لە گرنگترین رەگەزەکانی پێکهێنانی جیهانبینی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاوچەرخ و دیاریکردنی رەهەندەکانی بونیاتەکەی و رێکخستنە ئاییندەییەکانی گۆڕا: لەخێزانەوە دەست پێ دەکات و بەشێوازی بیرکردنەوە و، بیروباوەڕەکان و، پێوەرەکان، بەهاکان ... هتد کۆتایی دێ.

تەکنیکی زانیارییەکان و دەرەنجامەکانی بۆتە بەشێك لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی پیشەسازی و، پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی پرۆسەی فێرکردن و، داهێنان و، مەرجێکی ناچارییە بۆ چالاکییە کۆمەڵایەتییە، کلتوورییە، ئابووری و سیاسییەکان.

**تەکنیکەکانی گەیاندن:**

لەدایکبوونی شۆڕشی تەکنیکی هاوچەرخ هەرەمەکی نەبوو، بەڵکو دەرەنجامی هەوڵی گەورە و بەردەوامی زانستی و جێبەجێکاری بوو، کە رەگ و ریشەکەی بۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەم و، لەوانەیە زۆر پێش ئەوەش بگەڕێتەوە. لە وەتەی بزوێنەری هەڵمی لەسەر دەستی نیوکمن لەساڵی ١٧١٢ داهێنرا، رەوتی پێشکەوتنی تەکنیکی بەئاراستەی دەستکەوتی گەورەتر و مەزنتر لە هەڵکشان و بەرەوپێشچووندایە. رەوتی بەکارهێنانی تەکنیك لە سەدەی نۆزدەیەمدا بە چەشنێك خێرابوو کە وایکرد ئەوروپا و ئەمریکای باکوور تۆڕی هێڵەکانی ئاسنین و، تۆڕەکانی گەیاندن لەرێگەی تەلەفۆن و تێلێگراف لەکاتێکی زوودا بونیات بنێن.

سەدەی بیستەم بە دەستکەوتی گەورە و پێشکەوتوو لە تەکنیکەکانی گەیاندندا جیا دەکرێتەوە. لە سەرەتاکانی ئەو سەدەیە تۆڕەکانی ئیزگەی بیستراو بونیات نرا، هەروەها بونیاتی تۆڕە ئیزگەییە بینراوەکان (تەلەفزیۆن) لە ناوەڕاستی هەمان سەدەدا تەواو بوو.

ئەو تۆڕانە تەنیا لەسەر ئەو دەوڵەتانە قۆرخ کرابوو کە لەڕووی تەکنیکیەوە پێشکەوتوون و توانای بەرزی مادیییان هەیە، بەڵام هەر زوو بڵاو بووەوە، بووە یەکێك یان دیارترین دیاردەکانی سەدەی بیستەم، لەپاشان هەموو وڵاتان توانییان تەکنیکی گەیاندنیان دەستبکەوێ و، بۆ بواری پڕوپاگەندە یان هاندان بەکاری بێنن، لەو ململانێیەی کە لەنێوان هەردوو جیهانی سەرمایەداری و سۆشیالیستی لە ئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ و، شۆڕشە میللییەکانیتری دوای ئەوە تەقییەوە.

دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی لەساڵی ١٩٤٥، پێشکەوتنی تەکنیکی لەخێرابووندا بوو، لەو بوارە زانستیانەی کە پێشتر لەئارادا نەبوون، وەك ئەلیکترۆنیاتی چەندێتی و تیۆری زانیارییەکان و بایۆلۆژیای بەشەکی و زەریاناسی و زانستی ئەتۆمی و زانستەکانی ژینگە- ئایکۆلۆژیا و گەردووناسی، ئەم زانستانە یارمەتی مرۆڤیان دا لەگەیشتن بۆ ئەودیوی کات و شوێن و، پیشەسازییەکانی شەپۆلی دووەم بایەخیان پێدا بۆ چارەسەرکردنی: ناوچە شوێنییە زۆر بچووکەکان کە دەگاتە نیوەی ناوچەی ناوکی گەردیلەیی. لەم زانستانەوە پیشەسازی نوێ دروست بوون و گەشەیان کرد وەك: کۆمپیوتەر و چارەسەری بەخشراوەکان و بۆشایی ئاسمان و پترۆکیمیاوییە ئاڵۆزەکان و تۆڕی گواستنەوە و ئامرازە پێشکەتووەکانی گەیاندن و دەیانیتر. ئەمە سەرەڕای ئەو تەکنیکانەی تر کە پەیوەندییان پێوە هەیە.

ناوچە پیشەسازییەکان بوونەتە جێی چاوتێبڕینی زانایان و خاوەنانی بڕیار و پارە، وەك (دۆڵی سیلیکۆن) لە کالیفۆرنیا و (روت) نزیکی بۆستن و، شارە زانستییەکان لە ژاپۆن و، سەنتەری پەرەپێدانی تەکنیکی لە ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئینگلتەرا، رووسیا، چین، سەرەڕای هیندستان و وڵاتانیتر. هەردوو پیشەسازی کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنیات لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا دەستیان بەسەر فراوانترین و گەورەترین هەوڵی زانستیدا گرت و، هەردووکیان بوونە یەکێك لە چوار پیشەسازییە پەیکەرییەکە بۆ قۆناغی شەپۆلی سێیەم بەپێی دەربڕینی تۆفلەر. بەتایبەتی دوای ئەوەی سیستەمی ژمارەیی لە فراوانبووندا بوو، هەروەها گرێدانی کۆمپیوتەر بە ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانیترو، لە پێشەوەیان ئەلیکترۆنییە



بینراوەکان. پێشکەوتنەکان لەبواری تەکنیکی گەیاندنەکان لەسەر ئەو ڕەگەزانە رانەوەستا، بەڵکو هەموو ئەو جۆرە تەکنیکانەی گرتەوە کە پەیوەندییان بە کۆمپیوتەر و پرۆسە زانستی و گەیاندنییەکانەوە هەیە، هەر لە لیمفە بینراوەکان و سیستەمەکانی مانگە دەستکردەکانەوە، تا دەگاتە تۆڕەکانی زانیاری.

## ٢/٦: سیستەمەکانی مانگە دەستکردەکان:

مانگە دەستکردەکان Satellites بە بەکارهێنراوترین ئامرازەکانی گەیاندن و، پەخشی بینراو Television بەجیهاندا دادەنرێن، ئەوەش لەوکاتەی یەکەم نموونەی مانگی دەستکردی بازرگانی لە خولگەکەی لەساڵی ١٩٦٥دا دانرا، ئەو مانگانە بوونە جێگەی بایەخی وڵاتان، دامەزراوەکان، کۆمپانیاکان، هەروەها تاك و کۆمەڵەکان لە یەك کاتدا، توانای مانگە دەستکردە سەرەتاییەکان دیاریکراو بوون، مانگی یەکەم نەیتوانی زیاتر لە ٢٤٠ بازنەی دەنگی لە یەك کاتدا ئاراستە بکات. بەڵام ئەمە لەمێژووی گەیاندن بەدرێژایی مێژووی مرۆڤ بە بازدانێکی جۆریی دانرا، لەپاشان توانای مانگە دەستکردەکان پێشکەوت، تا ئاستێك کە ئێستا بەرپرسیارە لە ئاراستەکردنی زیاتر لەنیوەی جوڵەی گەیاندنە دەنگییەکان لەنێوان وڵاتانی جیهاندا و لەوانەیە لەوەش زیاتر بێت. هەروەها توانایەکی زۆری هەیە کە هەموو ئاماژە بینراوەکان لەنێوان سەرجەم وڵاتانی جیهاندا ئاراستە بکات. بەهۆی بڵاوبوونەوەی نێوەندەکانیتری گەیاندن وەك لیمفە بینینییەکان، وڵاتان پشتیان بە سیستەمە ئاراستەکراوەکانی گەیاندن بەهۆی مانگەکانەوە بەست، ئەوەی کە بەشێوەیەکی جۆراوجۆرێتی لەسەر خولگەکان هاوکات لەگەڵ جوڵەی زەوی دەخولێتەوە، کە تاڕادەیەك لەبەرزی ٣٦ هەزار کیلۆمەترە، واتە لەسەرەوەی خودی پێگە جوگرافییەکە بەدرێژایی کات چەسپاوە.

خێرایی گەشەی مانگە دەستکردەکان و قەبارەی بەکارهێنانی زۆر لەو پێشبینییانەی زەحمەت کردووە کە دەکرێ بەهەند وەربگیرێ و، لەگەڵ ئەو وەبەرهێنانە فراوانانەی بۆ تەکنیکی مانگە دەستکردەکان بەدوای یەکدا ریزبەند کران، کەچی هێشتا بەرەنگاربوونەوەی گەورە هەن کە رووبەڕووی تەکنیکی نوێ و تان و پۆی بەکارهێنانی دەبێتەوە.

ئەم خشتەیە سیستەمی مانگە دەستکردەکان بۆ خزمەتکردنی گەیاندنەکان دەردەخات

| سیستەم | کۆمپانیای خاوەندار | ژمارەی مانگەکان | بەرزایی خولگەیی (کیلۆمەتر) | کۆمەڵە تیشك بۆ هەر مانگێکی دەستکرد | تێچووی راگەیەنرا و (ملیار دۆلار) | ئەو خزمەتگوزارییانەی سیستەمەکە پێشکەشی دەکات |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ئیریدیۆم Iridium | مۆتۆرۆلا Motorola | ٦٦ | ٧٨٠ خولگەی نزم | ٤٨ | ٣,٤ | دەنگ، وێنە، داتا، تەلیفۆن، فاکس و خزمەتگوزارییەکانیتر |
| گلۆباڵ ستار Globalstar | لۆراڵ کوالکۆم Loral Qualcomm | ٤٨ | ١٤١٤ خولگەی نزم | ١٦ | ٢,٨ | دەنگ، وێنە، فاکس، تەلیفۆن، داتا و خزمەتگوزارییەکانیتر |
| ئیکۆ Ecco | کونستلیشن کومینیکیشنز | ٤٦ | ٢٠٠٠ خولگەی نزم | ٢٤,٣٢ | ٢,٨ | پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە گوندنشینەکان و، تەلیفۆن، فاکس و خزمەتگوزارییەکانی تر. |
| ئیلیپسۆ Ellipso | موبیل کومینیکشنز Mobile Communications | ١٤ | ٧٨٤٦ خولگەی مامناوەند | ٦١ | ٠,٩١٠ | وەرگرتنی نامە و دووبارە فەخشکردنی بە لەرەلەری جیاواز |
| ئیکۆ Ico | Ico Global Communiction | ١٠ | ١٠٣٥٥ خولگەی مامناوەند | ١٦٣ | ٤,٦ | تایبەت بە رووماڵکردنی گەیاندنەکانی نیوەی باکووری گۆی زەوی |



**ئەم خشتەیە بەرزبوونەوەی ئاستەکانی خولگەیی زەوی پیشان دەدات**

| جۆری خولگەی زەمینی | بەرزایی خولگەی زەمینی |
| --- | --- |
| **خولگەی نزم** | **کەمتر لە ٢ هەزار کیلۆمەتر** |
| **خولگەی مامناوەند** | **نزیکەی ١٠ هەزار کیلۆمەتر** |
| **خولگەی هاوکات لەگەڵ زەوی** | **٣٦ هەزار کیلۆمەتر** |

دەکرێ ئاماژە بە دیارترین ئەو سیستەمانە بکەین کە لەلایەن زۆرترین ئەو کۆمپانیا جیهانییانەی، کە بایەخیان بە سیستەمی گەیاندن لەرێگەی مانگە دەستکردەکانەوە داوە، پشتی پێ بەستراوە. لەپێشەوەی ئەو سیستەمانە: سیستەمی ئیریدیۆم Iridium، سیستەمی ئیکۆ Ecco، سیستەمی گلۆباڵ ستار Global Star و سیستەمی ئیلیپسۆ Ellipso، هەروەها سیستەمی ئیکۆ Ico.

### ١- سیستەمی ئیریدیۆم Iridium:

کۆمپانیاکانی مۆتۆرۆلا، لوکهیدمارتن و رایسۆن لەگەڵ هاوبەشانیتر دروستیان کرد و، لە ٣,٥ تا ٤ ملیۆن دۆلاری تێچوو. ئەم سیستەمە لە ئاڵۆزترین سیستەمەکانە بەڵام تەواوترینیشیانە. ئەم سیستەمە لە ٦٦ مانگی دەستکرد پێکدێ کە توانای هەریەکەیان دەگاتە گواستنەوەی ١١٠٠ پەیوەندی تەلەفۆنی لە یەك کاتدا. هەروەها هەڵگیراوێك لە سووتەمەنی هەیە کە دەکرێ ٨ ساڵی بەردەوام کاری پێ بکرێ. ئەو مانگە دەستکردانە کە کۆمپانیای موتورۆلا بەڕێوەبردنی کۆمپانیاکەی و پارەدانەکەی لە ئەستۆ گرت، لە خولگە بازنەییە جەمسەرییە نزمەکانی زەوی دانرا. واتە لە بەرزاییەك کە لە ٧٨٠ کیلۆمەتر لە زەوییەوە زیاتر نەبێ. ئەو مانگانە بۆ شەش ئاستی خولگەیی دابەشکران، کە مەودای دیاریکراو لێکی جودا دەکاتەوە. لە توانای هەر مانگێکدایە بە پێنج ئاراستەوە پەیوەندی بکات:

- **وێستگەی زەمینی.**
- **مانگی پێشەوە.**
- **مانگی دواوەوە.**
- **نزیکترین مانگی هاوسنووری لەڕووی ڕۆژهەڵاتەوە.**
- **یان ئەو مانگەی کە دەکەوێتە لای ڕۆژئاوای.**

**ئەو مانگانە بەم پێیە کار دەکەن:**

مانگەکە هەر ئاماژەیەك بێت وەریدەگرێ، ئینجا ئەوە دیاری دەکات کە ئایا ئاماژەکە لە تەلەفۆنێکی بەستراوە لە یەکێك لە هاوبەشەکانە، یاخود لە وێستگەیەکی زەمینییەوە هاتووە. ئەگەر هیچ کامیان دەستنیشان نەکران، ئەوا بەرەو مانگەکانیتر دەڕوات کە دەکەونە: پێشەوەی، پشتەوەی، ڕۆژهەڵاتی، ڕۆژئاوای. ئەمە بوار دەدات بە سیستەمی ئیریدیۆم کە خزمەتێکی جیهانی پێشکەش بە هاوبەشانی: تاکەکان، سەنتەرەکان، دامەزراوەکان، کۆمپانیاکان ... هتد، بکات.

**٢- سیستەمی گلۆباڵ ستار** Global star:

سیستەمی گلۆباڵ بەهەمان شێوە لە بەڕێوەبردن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و وێنە و دەنگەکان پشت بە مانگە دەستکردەکان دەبەستێ. ئەم سیستەمە بەوە لە سیستەمی ئیریدیۆم جیا دەکرێتەوە، کە پشت بەو گەیەنەرە لێکپچڕاوانە نابەستێ کە ٤٨ مانگە دەستکردەکە پێکەوە دەبەستێتەوە. واتە بەپێچەوانەی سیستەمی ئیریدیۆم کە پشت بە پێکەوەبەستنی تۆڕی مانگە دەستکردەکان لەگەڵ یەکتر دەبەستێ. ئەو سیستەمە بازنەیەك کە تیرەکەی ١٦٠٠ کیلۆمەترە دادەپۆشێ. بۆئەوەی سیستەمی گلۆباڵ ستار بتوانێ خزمەتگوزاری تەواو لەسەر ئاستی جیهان پێشکەش بکات، پێویستە وێستگەکان لەو سنوورە دوورییانە بونیات بنێ کە دەکەوێتە چوارچێوەی سنووری ئەو ناوچەیەی کە یەك مانگ دایدەپۆشێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ ٢٠٠



وێستگەی زەمینی، لەپاڵ تۆڕی مانگە دەستکردەکان دابمەزرێنرێ، بۆئەوەی خزمەتگوزاری تەواو بۆ هاوبەشەکان رابپەڕێنرێ، ئەو تۆڕەی کە ٤٨ مانگی دەستکرد لە ٨ ئاستدا دابەشی دەکات، بۆ هەر ئاستێك شەش مانگی دیاری کردووە، هەروەها خولگەی مانگی بەشێوەیەکی بازنەیی دەستنیشان کردووە و، لە بەرزایی ١٤١٤ کیلۆمەتر و، ٥٢ پلە سەبارەت بە هێڵی ئیستیوا لار دەبێتەوە، لاربوونەوەی لەم شێوەیە رێگە بە تەرکیزکردنی بڕی رێگەپێدراوی مانگ لەسەر هێڵەکانی نزمی پانی دەدات، بۆئەوەی ئەو ناوچانەی زۆرترین چڕی دانیشتوانی لێیە داپۆشێ، لەکاتێکدا داپۆشین و خزمەتگوزارییەکان لە سەرەوەی هێڵی پانی ٧٠ پلە، لە هەر نیوەیەکی گۆی زەوی بەهۆی لاوازی چڕی دانیشتوان لەو ناوچانە کەم دەبێتەوە. ئەم سیستەمە ٢,٦ بلیۆن دۆلاری تێچووە.

**٣- سیستەمی ئیکۆ** Ecco:

نوێنەرایەتی یەکێك لە سیستەمەکانی خولگە نزمەکان دەکات و، ٤٨ مانگی دەستکرد بەکاردەهێنێ و، بەم شێوەیە دابەشکراوە: ١١ مانگ لە خولگەی ئیستیوائی بازنەیی بە بەرزی دوو هەزار کیلۆمەتر دانراوە و، ئەوانیتر بۆ کۆمەڵەکان لەسەر ٧ خولگەی لار دابەشکراون، هەر کۆمەڵەیەك لە پێنج مانگی دەستکرد پێکدێ.

سیستەمی ئیکۆ ئامانجی دابینکردنی گەیاندنە تەلەفۆنی و فاکسەکان و خزمەتگوزارییەکانیترە و، سیستەمی ئیکۆ پشت بە خزمەتگوزاری ئامرازەکانی گەیاندن بەتایبەتی کەسییەکان دەبەستێ، لەسەر مانگگەلێك لە خولگەی بەرزتر لە خولگە نزمەکان دەخولێنەوە، بە بەراورد لەگەڵ هەریەك لە سیستەمی ئیریدیۆم و سیستەمی گلۆباڵ ستار.

**٤- سیستەمی ئیلیپسۆ** Ellipso:

سیستەمی ئیلیپسۆ بەوە لە سیستەمەکانیتر جیا دەکرێتەوە کە مانگگەلێکی دەستکرد بەکاردەهێنێ کە لە خولگەکان دەخولێنەوە، لە بنەڕەتدا بۆ خزمەتکردنی ئەو دانیشتوانە دروست کراوە کە لە نیوەی باکووری گۆی زەویدا دەژین. بە واتایەکیتر،

خولگەکەی وا دەستنیشان دەکرێ کە دوورترین خاڵەکانی لەسەر زەوی بێ، کاتێك پێگەی مانگ لە سەرەوەی نیوەی گۆی باکووری بێ، بەمەش مانگە دەستکردەکە زۆربەی کاتەکانی لە باکووری هێڵی ئیستیوا دەگوزەرێنێ.

تێچوونی ئەم سیستەمە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانیتر نزمە، واتە ٩١٠ ملیۆن تا یەك ملیار دۆلاری تێدەچێ. ئەم سیستەمە، هاوشێوەی ئەو مانگانە بەکاردەهێنێ کە لە سیستەمی گڵۆباڵ ستار پشتی پێ دەبەسترا، کە کێشەکەی لە ٧٠٠ کیلۆگرام زیاتر نییە و، تەمەنەکەی لەنێوان ٥-٧ ساڵدایە. ژمارەی ئەو مانگانەی کە ئەم سیستەمە پشتی پێ دەبەستێ بریتییە لە ١٤ مانگی دەستکرد. ئەو مانگانەی کە ئەم سیستەمە پشتی پێ دەبەستێ، ئامێری ناردن و وەرگرتن بەهێزکەری سادە لەخۆدەگرێ و، ئەرکەکەی تەنیا بریتی دەبێ لە سەرلەنوێ ناردنی ئاماژە هاتووەکان بەڵام بە دوودڵییەکی جیاوازەوە.

**٥- سیستەمی ئیکۆ Ico:**

تاکە سیستەمە لەنێو ئەو سیستەمانەی بۆشایی ئاسمان کە خولگەی مامناوەندی زەمینی بە بەرزایی ١٠٣٥٥ بەکاردەهێنێ و، ئەم سیستەمە بۆ بەکارهێنانی ١٠ مانگی دەستکرد و، ١٦٣ گورزەی تیشکی بابەتی بۆ هەر مانگێکی دەستکرد دروستکراوە و، ئەمە تاڕادەیەك ژمارەیەکی گەورەیە ئەگەر لەگەڵ سیستەمەکانیتر بەراورد بکرێت (بڕوانە خشتەی هاوپێچ). ئەم سیستەمە پشت بە تەکنیکی ژمارەیی ئاڵۆز دەبەستێ بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانیتر، کە مەترسی گەورەی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە، ئەم سیستەمە بڕی ٤,٦ تا ٥ بلیۆن دۆلاری تێچووە.

## ٣/٦: لیمفە بینینییەکان:

گەیشتن بە دروستکردنی لیمفە بینینی (تیشکی)ەکان پرسێکی تێپەڕبوو نەبووە، بەڵکو دەربڕی پێویستی زۆر بۆ تەواوکاری تەکنیکەکانی زانیاری و چالاکترکردنی لە ئاڵوگۆڕی داتاکان و گەیاندنەکان و، ئاسانکاری جموجوڵی



گواستنەوە بەشوێن و کاتدا بوو. بۆیە بەکارهێنانی تەلە نوێیەکان گۆڕانێکی جۆریی کردەیی بوو، ئەوەی کە بە لیمفە تیشکییە زۆر لاوازەکان و، بڕی زۆرەکەی دەناسرێ، بۆ گواستنەوەی زانیاری کە لە بڕی تەلی زیوی ئەستوورتر بە دەیان جار زیاترە، تەنانەت سەدان هەزار جار. ئێستا هەندێك پلان بۆ بونیاتنانی تۆڕە لیمفە تیشکییەکان دادەنێن، کە لەڕێگەیەوە خێرایی هەڵقوڵانی داتاکان دەگاتە یەك بلیۆن ترپە لە چرکەیەکدا، ئەو خێراییەیە کە ڕێگە بە گواستنەوەی ١٠٠ هەزار لاپەڕە بۆ ئینسکلۆپیدیای زانیاری -بۆ نموونە- لە چرکەیەکدا دەدات.

پرۆسەی دروستکردنی لیمفە بینینییەکان پشت بە ماددەیەکی سەرەکی و ماددەیتری سەرەتایی بە ڕێژەی جیاواز دەبەستێ، ماددەی سەرەکی لە ماددەی شوشەیی وەرگیراو لە ماددەی سیلیکا، کە بەڕێگەی زۆر ئاڵۆزی تەکنەلۆژی لە لمەوە وەرگیراوە، لەمیانەیەوە بونیاتی بلوورە سیلیکۆنییە نابەستراوەکان بەکارەباوە پێکدێ، سەرەڕای ماددەی سیلیکۆنی دەستەبەربوو لە لم، هەروەها ماددەی کاربۆن و جرمانیۆم کە پەیمانگەی فەرەنسی بۆ ئەلیکترۆنییە بنەڕەتییەکان IEF پێشی خست، لە جێبەجێکردنە ئەلیکترۆنییە تیشکییەکان بەشداربوو، سەرەڕای ئەو ماددانەیتر کە لە پێکهێنانی ماددەی شووشەیی (یان کە بە پلازمای پێویست ناسراوە بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی دروستکردن و ڕاکیشانی لیمفە بینینیەکان) یارمەتیدەرن.

پرۆسەی دروستکردن کە بە پرۆسەی بۆتەی تێکەڵ ناسراوە، بۆئەوەی لیمفەکان بە درێژایی بەردەوام و زۆر گەورە Multielement Glass بەرهەم بهێنێ و، لەو پرۆسانەیە کە لە دروستکردنی ماددەی شووشەیی زۆر پشتی پێ دەبەسترێ، کە دەکرێ بە یارمەتی توانەوە و تواندنەوە سەرلەنوێ دروست بکرێتەوە.

أ/ دڵ: مەبەست لێی دڵی بینینە خانەیە و، لە شووشە دروستکراوە، لەپاشان بە چینێکی ناسك لەهەمان ماددەی شووشەیی دادەپۆشرێ بەمەرجێك زۆر پوختەکراو بێ، بۆئەوەی لە هەر ژاوەژاو یان شێواندنێك لەسەر ناوەڕۆکی پەیامە گوازراوەکان لەڕێگەی لیمفەکانەوە دوور بکەوێتەوە.

ب/ چینی دەرەوە: ئەمیش هەمیشە لە شووشە دروست دەکرێ، بەڵام مەرجی دەستەبەربوونی پلەی پوختەکراوی بەرزی تێدا نییە، کە دەبێ لەو ماددەیەدا هەبێ کە دەوری دڵی داوە. سەرەڕای ئەمە پەراوێزێکی شکانی جیاوازی لە دڵی بینینە خانەدا هەیە. لە دیارترین خەسڵەتەکانی ئەم بەرگە ئەوەیە، کە ئەستوورییەکەی دە بەرامبەر ئەستووری دڵی بینینە خانەیە. زانایان توانییان پەرە بە لیمفە بینینییەکان بدەن و، توانای بۆ گواستنەوەی پەیام بەشێوەیەکی گەورەتر بەرز بکەنەوە، کە بە دەرکەوتنی نەوەی دووەم لە لیمفەکان دەردەکەوێ، کە ناوی لێ نراوە ریشاڵی فرەڕوو، بەڵام یەکەمیان ناوی لێ نراوە ریشاڵی یەکڕوو.

نەوەی دووەم -فرەڕوو- لە نەوەی یەکەم زۆر جیاواز نییە لەڕووی ئەو ماددەیەی کە لە دروستکردنی ریشاڵ یان لەڕێگەی خۆ بونیاتنان Optic Structure پشتی پێ دەبەستێ.

نەوەی دووەم (ریشاڵی بینینی فرەڕوو) بە گەورەیی قەبارەی بینینە خانە لە لیمفە بینینییەکان جیا دەکرێتەوە، کە ئەوەی پێشتریش لەخۆی دەگرێت و، بەهەمان شێوە پەراوێزێکی تێکشکانی لابەلای گەورەتری هەیە. بەشێوەیەکی زۆر گونجاو بۆ گواستنەوەی لەرەلەری گورزە پانەکان Broadband کە دەتوانێ لە یەك کاتدا چەند پەیامێك بگەیەنێ، هەر لە ئاماژەکانی تەلەفۆن، داتاکان Data، فاکسەکان، رادیۆ، تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، ڤیدیۆ تا دەگاتە هەموو ئاماژەکانی پەیامەکانی تەکنیکەکانیتر.

لیمفە بینینی (تیشکی)ەکان لەهەموو ناوەندەکانیتری گەیاندن هەر لە مانگە دەستکردەکان (کە ناتوانێ لە خێرایی گواستنەوەی لە سادەترین تەلی ریشاڵەبینین نزیك بێتەوە) و، هێڵە تێکەڵەکان زیوییەکان و تا دەگاتە کێبڵەکان، لە چەند رووییەکەوە لێك جیاوازن، لەپێشەوەیان، لیمفە بینینییەکان دەتوانێ داتاکان هەڵبگرێ و بەشوێن و کاتدا بیگوازێتەوە، زۆر زیاتر لە هەر ناوەندێکیتر کە دەگاتە ملیۆنەها میگا بایت Mibts لەچرکەیەکدا. یەك ریشاڵی تیشکی ئەگەر بەنموونەیی دروست بکرێ، دەتوانێ لەهەر ساتێکدا هەموو پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بگوازێتەوە.



تا ئێستاش تۆڕگەلی فراوان دروست کراوە کە هەزاران میل لە لیمفە بینینییەکان درێژ بۆتەوە لەسەر ئاستی هەموو جیهان. لەسەرەوەی ئەمەش، لیمفە بینینییەکان بە بڕبڕەی پشتی تۆڕەکانی تەلەفۆن و تەلەفزیۆنی کێبڵی لە سەرجەم وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان دادەنرێ، هەروەها لەو وڵاتانەش کە توانای بەکارهێنانی ئەو تەکنیکەیان هەیە.

لیمفە بینینییەکان بەمانە لە تەلە زیوییەکان جیا دەکرێنەوە:

١- باشترین تەلی دەستەبەربووە لەم رۆژانە بۆئەوەی ئاماژەکان - پەیامەکان بگوازێتەوە.

٢- بۆ دروستکردنی سیستەمە تازەکانی زانیاری، یان بەکارهێنانی ئەو سیستەمانەی کە هەن، زۆر گونجاوە.

٣- لەڕووی مەیدانییەوە دەکرێ یارمەتیدەر بێ بۆئەوەی خزمەتگوزاری جۆراوجۆر بە هاوبەشان لەسەر ئاستی خانوو یا نووسینگەکان پێشکەش بکات. لەکاتێکدا لە پێشکەشکردنی بەهەمان چڕی و خێرایی بەهۆی تەلە زیوییەکانەوە داوای لێبوردنی دەکرد.

٤- توانی شەپۆلە درێژی جیاوازەکان بەکاربهێنێ، وەك گورزەی پان Broadband (کە بەناوی چوارچێوە یان گرووپ دەناسرێ) بەهۆی تەکنیکی پێشکەوتووی لێزەر.

٥- پارێزگاری لە پلەی پوختیی پەیامە نێربەخشراوەکە پیایدا دەکات، تا پلەیەکی زۆر گەورە کە دەگاتە ٩٠٪ لەکاتێکدا کە نەیدەتوانی پلەیەکی پوختی بەرز بۆ پەیامەکە دەستبکەوێ و، رووبەڕووی ژاوەژاو و، لەوانەیە لەدەستدانی بەشێکی زۆریشی نەبێتەوە.

٦- هەروەها گورزە پانەکان بە توانای لەخۆگرتن جیا دەکرێتەوە، هەرچەندە توانای خێرایی ناردن یان ئاڵوگۆڕی پەیامەکانی ناو لیمفە بینینییەکان بڕی لەم لیمفانە زیاتر بێ. دەکرێ ئەمە بە ژماردنێکی سادەی بیرکارییانە شی بکەینەوە، هەرچەندە خێرایی

گواستنەوەی پەیامەکە زیاتر بێ کاتی بەکارهێنەر لە ناردنەکە کەمتر دەبێتەوە. ئەمەش لەلای خۆیەوە توانای زیادبوونی ژمارەی پەیامەکان دەستەبەر دەکات، لەگەڵ دەستەبەربوونی تەکنیکی توانامەند لە مامەڵەکردن لەگەڵ خێرایی گواستنەوەکە، بە بەراورد لەگەڵ ئەو وەرچەرخێنەرانەی Modium کە لە کۆمپیوتەرەکاندا هەن و، هێشتا پشت بە هێڵەکانی تەلەفۆن لە گەیاندندا دەبەستێ. ئەوەی کە تواناکەی لە گواستنەوە یان وەرگرتنی زیاتر لە ٥٦ کیلۆبایت لە چرکەیەکدا تێناپەڕێ، کەچی لیمفەکان دەتوانن ١٠٠ هێندەی تەلەفۆنی سادە بگوازنەوە.

٧- ئەم توانایەی کە لیمفە بینینییەکان پێی جیا دەکرێتەوە، لەبەرامبەردا وای لێدەکات بتوانێ پەیوەندییە تەلەفۆنی و کەناڵە بینراو و بیستراو، داتا و زانیارییەکان بگوازێتەوە، ئەمە وێڕای بەرنامە گشتی و تایبەتییەکانی ڤیدیۆ و، ئەو کاروبارانەیتر کە داوای دەکات و پێویستێتی، جا هەرچییەك بێ، کەس، کۆمپانیا، دامەزراوەیەکی زانستی یا بازرگانی یاخود خزمەتگوزاری بێت.

٨- لیمفە بینینییەکان بەتایبەتی تاکڕووخسارییەکان دەتوانێ بڕێك لە زانیاری کە دەگاتە GHZ27 لە چرکەیەکدا بگوازێتەوە، واتە بەرامبەر ٢٥٠٠ کتێب و بە قەبارەی ٤٠٠ لاپەڕە بۆ هەر کتێبێك، واتە بەرێژەی یەك ملیۆن لاپەڕەی کتێب لە چرکەیەکدا.

٩- لیمفە بینینییەکان بەوە لە تەلە زیوییەکان جیا دەکرێتەوە، کە توانای بەرەنگاربوونەوەی کاریگەرە بەهێزە دەرەکییەکان هەیەتی و، تێکەڵ بە بوارە موگناتیسییەکان یان شەپۆلەکانی رادیۆ نابێ، بۆیە رێژەی هەڵە لە پەیام یان کاریگەرییەکەی، یاخود ونکردنی هەر شتێك لێی تاڕادەیەکی زۆر دیاریکراوە.

١٠- لیمفی بینینی لە تەلی زیویی جیادەکرێتەوە بەوەی:
- بەرگەی هێزی راکێشان تا ٢٠٠ رەتڵ دەگرێ.
- بەکارهێنانی ئاسانە و ناشکێت.
- بەئاسانی چاك دەکرێتەوە و ژەنگ هەڵناهێنێ.



- دەکرێ لەکاتێکی پێوانەیی بکێشرێ و بۆ مەوداگەلی دوور بگەیەنرێ، بە بەراورد لەگەڵ تەلە زیوییەکان کاتێك هەمان مەودا دادەپۆشێ.

١١- لەگەڵ هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە لیمفی تاکڕووخساری هەیەتی، کەچی لە بنەڕەتدا بۆ داپۆشینی پەیامی مەودا دوورەکان لەگەڵ کەمیی بەهەدەرچووندا بەکاردەهێنرێ، ئەمە سەرەڕای توانای لە پشتگیریکردنی رێژەی پەیام ناردن و، وێڕای هەموو ئەم خەسڵەتانە کە لیمفی تاکڕووخساری هەیەتی، کەچی لیمفی بینینی جوت رووخسار لەڕووی مەیدانییەوە بەتوانامەندتر دەمێنێتەوە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ تواناکەی لە ناردن و وەرگرتنی زیاتر لە شەپۆلێکی تیشکی، بەواتایەکیتر دەکرێ لە سەرکەوتن و دابەزیندا بەکاربهێنرێ، بۆ گواستنەوەی:

١- پەیوەندییە تەلەیفۆنییەکان و، پۆستی وێنەگیراو (فاکس) و، ئامێرەکانی بروسکەناردن و، کۆمپیوتەرەکان بۆ ئاڵوگۆڕی داتا و زانیارییەکان و شتیتر.
٢- ناردن و وەرگرتنی بەرنامە بینراوەکانی ڤیدیۆ.
٣- وەرگرتنی کەناڵە بینراوەکان (تەلەفزیۆنی) و بیستنییەکان (رادیۆ).
٤- پەیوەندیکردن بە بانکەکان، کۆمپانیاکانی فڕۆکەوانی، ئامێرەکانی خزمەتگوزاری، پرۆسەکانی فرۆشتن و کڕین، بازاڕەکانی دراو (بۆڕسە) و هەموو جۆرە خزمەتگوزارییەکانیتر، بە زانکۆ و کتێبخانە و سەنتەرەکانی توێژینەوە و، کۆنگرە و سیمینارە زانستییەکانیش، سەرەڕای سەردانیکردنی هەر بەشێکی ژیانی وەك مۆزەخانە و پیشانگاکان بە بێ گواستنەوە بەشوێنێکی ئاماجدراردا.
٥- بەڵام لە کەموکوڕییەکانی لیمفی جووت رووخسار ئەوەیە، کە بۆ مەودای کورت و بەخێرایی تاڕادەیەك کەمتر بەکاردێ، هەروەها هەندێ ئاماژەی تێپەڕبوو پێی ون دەکات. ئەمەش وا دەکات پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هەندێ ئامێری ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو بۆ دوورکەوتنەوە لەو کێشانە.

لیمفە بینینییەکان (تیشکی و، شووشەیی وەك هەندێ کەس ناوی دەبەن) سەرکەوتوو بوو لەوەی جێگەی ئەو کێبڵە زیویی (کانزایی)انە بگرێتەوە کە لە تۆڕە

سەرەکییەکانی سەرجەم کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و گەیاندنەکانی ناوخۆیی یان نەتەوەیی، سەرەڕای تەلەفزیۆنی کێبڵی و کۆمپانیاکانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تۆڕەکانی داتا و زانیارییەکان بەکاردەهێنرێ.

ئەمەش وادەگەیەنێ کە دەکرێ لیمفێکی بینینی سەر بە تۆڕەکە، بۆ گواستنەوەی زیاتر لە ئاماژەیەك بە کەناڵە سەربەخۆکاندا بەکاربهێنرێ و، دواتر تێچوونەکان کەم دەکاتەوە و، دەکرێ بەسەر چەند کەناڵێکدا دابەش بکرێ، بۆنموونە، کۆمپانیاکانی تەلەفۆن و، تەلەفزیۆنی کێبڵی و پێگەکانی گواستنەوەی داتا و زانیارییەکان، یان خزمەتگوزارییەکانیتر دەکرێ سوود لە بڕ و توانای زۆری لیمفە بینینییەکان لەڕووی چەندێتی و ئەو خێراییەی کە تەلە کانزاییەکان هەیانە ببینن. کە توانای ئەو لیمفانە دەگاتە دە هێندەی توانای تەلە کانزایی و زیوییەکان، یاخود زۆر لەوە زیاتریش.

هێشتا تێچوونی راکێشانی هێڵی لیمفە بینینی و تەکنیکی سەر بە ئەو، سەبارەت بە بەکارهێنەری ئەو هێڵانە زۆر بەرزە و، بەتایبەتی ئەو سیستەمەی کە بە (لیمف بۆ هەر ماڵێك) ناسراوە. لەگەڵ ئەوەی نزمبوونەوەی ئەو تێچوونە گەیشتە رێژەیەکی بەرز، واتە لە ٥ هەزار دۆلاری ئەمەریکی لەساڵی ١٩٩٠ بۆ ١٥٠٠ دۆلار لەساڵی ٢٠٠٠ دابەزی، بەڵام هێشتا ئەوە تەنیا تێچوونی پێکهێنان لەسەر یەك قۆناغ ناگرێتەوە، بەڵکو تێچوونی سەرجەم ئامێرە ئەلیکترۆنییەکانی سەر بە سیستەمی خانووی نموونەیی لەخۆدەگرێ. خاوەنی ئەو کۆمپانیایانەی بەکارهێنانی تەکنیکی لیمفە بینینییەکان پەیوەندیدارن گرەو لەسەر دابەزینی تێچوونی ئەو رۆشنبیرییە لەگەڵ پێشکەوتنی و گەشەی بەکارهێنانی لەئایندەیەکی نزیکدا دەکەن، دوای ئەوەی ناوەڕۆکی خۆی چەسپاند لە خێرایی و قەبارەی ئەو زانیارییانەی کە دەیگوازێتەوە.



## ٤/٦: تۆڕەکانی زانیاری:

**دەستپێك**

لەساڵی ١٨٤٠ جیهان لە چاوەڕوانیدا بوو لەگەڵ پەیامی مورس کە بە تەلە کارەباییەکاندا پەخشیکرد بە وتە بەناوبانگەکەی (ئەمەش کە خوا کردی) دەنگدانەوەی ئەو وتانە بزر نەبوو، بەڵکو هێشتا دەنگدانەوەکەی رۆژ بە رۆژ لەوانەیە سات بە ساتیش دووبارە دەبێتەوە و هێزەکەی زیاد و فراوانتر دەبێ.

مورس دەبوایە ئەوکاتە خۆی بە ناوەرۆکی داهێنانەکەی و تواناکەی، لە پەخشکردنی پەیامەکانی بە هێماکان لەمیانەی تەلی کارەبایی رازی نەکردایە، کە رێگەی بۆ کردنەوەی دەروازەگەلی فراوان بۆ شارستانی هاوچەرخ خۆشکرد کە کات و شوێنی تیادا کەم دەبێتەوە و، سەرلەنوێ مرۆڤ لەسەر بنەما و رەهەندگەلی تازە بە ناوەرۆکی مەعریفی فراوان بونیات دەنرێتەوە، لەجیاتی ناوەرۆکی ماسولکەیی کە شارستانی کشتوکاڵی و شارستانی پیشەسازی پێشکەشیکرد، بەڵکو دەبوایە ئەوانیتری بە پەسەندکردنی ئەو داهێنانەی رازی بکردایە.

لەئەنجامی ئەو هەوڵە بەردەوامانەی، (مورس) توانی هەندێ رازی بکات، لەپاشان رەزامەندی وەرگرتنی کۆنگرێس لە دابینکردنی ٣٠ هەزار دۆلار بۆئەوەی هێڵێکی تەلیگرافی لەنێوان هەردوو شاری واشنتۆن و بالتیمۆر دروست بکات. بە کردنەوەی ئەو هێڵە، مور چەرخی گەیاندنەکانی هێنایە کایەوە و، بەردی بناغەی بۆ شۆڕشە هاوچەرخەکەی دانا.

بەمەش دەکرێ بیرۆکەی دامەزراندنی تۆڕەکان بۆ سەدەی نۆزدەیەم بگەڕێنرێتەوە، کاتێك مۆرس هەلی بونیاتنانی یەکەم تۆڕی بەخشی کە لە هەزاران میل لە هێڵە تێلێگرافییەکان پێکهاتووە و، سەرکەوتنی هەنگاوی مۆرس بووە هۆی دروستبوونی چەندین کۆمپانیا کە چوونە نێو رکابەری توندەوە، بۆ کۆنترۆڵکردنی پێکەوەبەستنی شارە گەورەکان و، کۆمپانیای وسترن یونیون توانی وایەرەکانی بە درێژایی هێڵە ئاسنینەکان رابکێشێ، لەپاشان ئەو کۆمپانیایانەی لەخۆی بچووکترن قوتدا.

لەماوەی ١١ ساڵ هێڵەکانی تێلێگراف هەموو ویلایەتە یەکگرتووەکانی گرتەوە، لەپاشان سەرمایەکەی لە نیو ملیۆن دۆلار بۆ ٤١ ملیۆن دۆلار بەرز بووەوە، کە ئەوکاتە ژمارەیەکی زۆر گەورەی دەنواند بە بەراورد لەگەڵ ژمارەکانی وەبەرهێنانی ئەمڕۆ. لەماوەی ساڵانی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی پێشوو ژمارەیەکی زۆر لە تۆڕە لۆکاڵییە جیهانییەکان و، تۆڕەکانی زانیاری تایبەت بە دامەزراوە گەورەکان دەرکەوتن، لەپاشان ئەو تۆڕانە تا پلەیەکی فراوان لەسەر ئاستی جیهانی گەشەیان کرد. نموونە لەمبارەیەوە، تۆڕی بانکی ستی بنك، کە تۆڕەکەی توانی کۆمپیوتەرەکانی لەسەر ئاستی باڵەخانە یان یەك کۆمەڵگەدا ببەستێتەوە و، لەپاشان بۆ تۆڕێك کە هەموو لقەکانی لەسەرانسەری جیهاندا پێکەوە ببەستێتەوە. کۆمپانیای هۆتێلەکانی هیلتۆنی جیهانیش بەهەمان شێوە. هەروەها کۆمپانیای ماکدوناڵدز کاری بۆ پێکەوەبەستنی لقەکانی بۆ ٩٤٠٠ لە ٤٦ تیرە بە تۆڕی زانیاری کرد، کە جوڵەی ئەو لقانە و سەرکەوتنی پێ دەبەخشرێ. هەروەها کۆمپانیای IBM بۆ پیشەسازی کۆمپیوتەرەکان تۆڕێکی تایبەت بە خۆی دروست کرد کە ٣٥٥ هەزار کۆمپیوتەری بچووك لە سەرانسەری جیهان بەهۆی سیستەمێك کە بە (Vent) ناسراوە، پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەو کۆمپانیایە توانی نزیکەی ٥ تریلیۆن هێما لە هێمای داتاکان لەساڵی ١٩٨٧ چارەسەر بکات و، ئەو تۆڕە پەیوەندیدارەی تایبەت بە کۆمپانیای IBM ٧,٥ ملیۆن زەرفی نامەی دەستەبەر کرد و، قەرەبووی بەکارهێنانی ٤٠ هەزار بەکارهێنەری زیادەی دا بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە تۆڕەکە رای دەپەڕێنێ. سەرجەم کۆمپانیا و دامەزراوە حکوومییەکان، زانستی و توێژینەوەیی و، بەتایبەت زانکۆ ئەکادیمییەکان لە دروستکردنی تۆڕەکانی تایبەت بە خۆی دەستپێشخەر بوون، هەروەها ژمارەیەك لە دامەزراوە زانستی و توێژینەوەیی و زانکۆکان تۆڕەکانی بەستەوە بۆئەوەی زانیاری و داتاکان لەنێوان خۆیاندا هاریکاری و ئاڵوگۆڕ بکەن. هەروەها ئەو تۆڕانە لە بازرگانی و، پیشەسازی و زیادبوونی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی کە پشت بە تۆڕە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستێ لە ئامادەکردنی



لیستەکانی و، داواکارییەکان و، بەدواداچوون و بازرگانیکردن و، ئاڵوگۆڕی نەخشەسازییەکان و وێنە ئەندازەییەکان و، خشتەکان و، کۆنترۆڵکردنی هێڵەکانی بەرهەمهێنان لەدوورەوە بەکاردەهێنران.

هەموو ئەمانە پەیوەندیدارانی لەبواری گەیاندن و زانیارییەکان هاندا، بۆ کارکردن بە هەوڵی زیاتر بۆئەوەی بەسەر رێگە ئەلیکترۆنی و سەرەکی و خێراکان زاڵبن، لەمیانەی کۆنترۆڵکردنی تۆڕە سەرەکییە زانیارییەکان کە لە ٥ هەزار تۆڕ زیاترە و، پاڵپشتی لە ملیۆنەها بەکارهێنەر لەسەر زیاتر لە ٣٠٠ هەزار کۆمپیوتەر دەکات، لە دامەزراوە هاوچەشن و جیاوازەکان لەڕووی قەبارە و، چالاکی و، شوێن و، ئەو رۆڵەی کە بەهۆیەوە بووە مایەی دەرکەوتنی ئینتەرنێت و، دەستی ژمارەیەك لە دامەزراوە و دەستەی والا کرد، بۆئەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و جاروبار بەشێوەیەکی راستەوخۆ سەرپەرشتی تۆڕی ئینتەرنێت بکات، وەك: ئاژانسی DARPA و، دامەزراوەی نیشتمانی بۆ زانستەکان و، بەڕێوەبردنی نیشتمانی بۆ کەشتیوانی ئاسمانی و بۆشایی ئاسمان NASA و، وەزارەتی وزە، سەرەڕای کۆمپانیایتر وەك مایکرۆسۆفت و هی دیکە و، هەموو ئەو دامەزراوانە دامەزراوگەلی ئەمریکین. ئەو کۆنترۆڵە لەپاش واژووکردن لەسەر ئەو بەڵگەنامەیەی بە پرۆتۆکۆڵی ئینتەرنێت ناسراوە خۆی بەرجەستە کرد، کە رێگەی بۆ تۆڕی وێب Web خۆشکرد تا بەشێوەیەکی زۆرتر جێگەی ئەو گەیاندنانەی بگرێتەوە، کە لەڕێگەی فاکس و تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێ.

بەمەش سەرجەم تۆڕە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەکان بەپێی ئەو پرۆتۆکۆڵە پێکەوە بەستراون، بۆئەوەی تۆڕێکی نوێ World Wide Web پێکبهێنرێ کە بە ئینتەرنێت ناسراوە و، لەپاشان ئەو پێکهێنانەی دەگۆڕێ بۆئەوەی لەشێوەی کۆئەندامی دەماریی بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ بێت.

## ئینتەرنێت:

لەسەرەتای دروستبونییەوە لەئاست مونتەدای زانستی بوو، بۆ پێکەوەبەستنی دامەزراوە ئەکادیمییەکان وەك زانکۆکان و سەنتەرەکانی توێژینەوە و، دامەزرێنەرە یەکەمەکانی هەڵوێستێکی یەکلاکەرەوەیان دژ بە هەر چالاکییەکی بازرگانی یان دزەکردنێکی ڕێکلامی یاخود میدیایی نواند. ئەم (پاکیزەییە زانیارییە) نەیتوانی بەردەوام بێت و، هێزە ئابوورییە کلاسیکییەکان خێرا چەندین خەسڵەتی ئەم تۆڕەیان بۆ دەرکەوت، بەتایبەتی توانا لەرادەبەدەرەکەی لە پێکەوەبەستنی سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان بە سەرچاوەکانی داواکاری، هەروەها ئامرازێکی کارایە بۆ گواستنەوەی کاڵاکانی پیشەسازی کلتوور، لەڕێگەی کەناڵە زانیارییە زۆر خێراکانیەوە. دواتر دامەزراوەکانی دارایی و بازرگانی و راگەیاندن پێی قورسیان خستە ناو ئەم (حەرەمە ئەکادیمییە)ەوە، کردییە مارکێتێکی ئەلیکترۆنی و، بلندگۆیەکی ڕێکلامی و، پەنجەرەگەلێك بۆ دابەشکردن و گۆڕەپانێك بۆ توێژینەوەکانی بازاڕکاری.

ئینتەرنێت ئێستا ڕۆڵی نێوەند دەبینێ لەنێوان مرۆڤ و ئەو جیهانەی کە تیایدا دەژی و، ئەو پەنجەرەیەی کە لێیەوە دەبینێ و، لەڕێگەیەوە هەموو چالاکییەکانی تاك و کۆمەڵە و دامەزراوەکان و بەرهەمە کلتووری و ناکلتوورییەکان، لەڕووی مەیدانییەوە چاودێری دەکات. توانای گەڕاندنەوەی زانیارییەکانی بۆ تاك دەستەبەر کرد، هەروەها فێر بکات و فێر ببێت، دانوستان بکات و پرۆسەکانی ئەنجام بدات، هەموو ئەمانە لە دوورەوە ئەنجام دەدرێ. سەرەڕای ئەوەی دەتوانێ گرێبەست مۆر بکات و هاوڕێیەتی ببەستێ و، ململانێیەکان چارەسەر بکات و هاوپەیمانییەکانی پێکهاتن و دوژمنایەتی ئاپۆڕا بکات. هەروەها لە توانای مرۆڤدا هەیە بەبێ گەشتکردن ئامادە بێت، یان چوون بۆ بەشداریکردن لەتوێژینەوە و کارەکانی ئەوانیتر و، ئازادبوون لە کۆتوبەندی شوێن و، داخوازییەکانی ئامادەیی ئاشکرا لەکاتێکی دیاریکراودا.

ئینتەرنێت بەبێ ڕکابەر بۆتە تۆڕی تۆڕەکان یاخود تۆڕی دایك، کە سەدان هەزار لە تۆڕەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری جا جیهانی بێت یا هەرێمی یاخود ناوخۆیی لەخۆگرت،



سەرەڕای ئەم هەموو گەورەیی و دەسەڵاتە، ناکرێ ئەو راستییە فەرامۆش بکەین کە تۆڕی ئینتەرنێت لەناوەڕۆکیدا کیانێکی مشەخۆرە، کە دەست بەسەر داهاتە ماددی و نامادییەکان لە تۆڕەکان و کەرەستە و بەرنامە و بنەمای داتاکان دەگرێ، کە هی ئەو نییە بەڵکو هی کەسانیترە.

تۆڕی ئینتەرنێت مەزنایەتی خۆی لەسەر سەرکەوتنی لە دانانی پەیماننامە (پرۆتۆکۆڵ)ێکی سادە و یەکگرتوو دروستکرد، کە هەموو ئەو تۆڕانەی دەیانەوێ بێنە ریزی ئەندامێتی تۆڕی دایکەوە پێوە پابەند بوون، وەك گرەنتییەك بۆئەوەی زانیارییەکان لەنیو خۆیدا هەڵبقوڵێ، سەرەڕای نوێکردنەوەی ئامرازە داهێنراوەکانی لەپێناو ئاسانکاری گواستنەوە لەنێوان سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری زانیاری و لەنێوان بەڵگەنامەکانی و، دزەکردنی تێپەڕبوونی داتاکان بە تۆڕەکاندا، بەوەی گرەنتی ئەوپەڕی قۆستنەوەی داهاتەکانی ئەم تۆڕانە بکات، کە پێشتر بەفیڕۆ دەچوو.

## تەکنیکەکانی کۆمپیوتەر:

هەردوو پیشەسازی کۆمپیوتەر بەتایبەتی و ئەلیکترۆنیات بەگشتی، یەکێکە لە بنەماکانی چوار پیشەسازییە پەیکەرییەکە لەم سەردەمەدا و، لەوانەیە لەم کاتەی ئێستا گرنگترینیان پێك بهێنێ، واتە پێش پیشەسازییەکانی پۆڵا و، ئۆتۆمبێل و کیمیاوی کەوتووە، کە تا ئەم نزیکانەش بە پیشەسازی سەرەکی دادەنران. ئامادەکردنی کۆمپیوتەر و گەیاندنەکان گەورەترین بەشی بەرکەوت، بۆ نموونە گەیشتە ٤٣٪ لە بودجەی سەرمایەی پیشەسازی ئەمەریکی لەساڵی ١٩٩٦دا. سەرەڕای تەمەنی کورتی پیشەسازی کۆمپیوتەر، کەچی پێشکەوتنە خێراکەی کە قەبارە و توانا و خێرایی گرتەوە، کاریگەری گەورەی لەسەر ئەمە هەبوو.

لەماوەی ٥٠ ساڵی رابردوو پێشکەوتنی کۆمپیوتەر بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕی، دەکرێ بۆ سێ قۆناغی سەرەکی پۆلێنی بکەین: یەکەم ئەوەیە کە لە گەیشتن بە بونیاتنانی بازنەی تەواوکاری کارەبایی پێشکەوت. لەپاشان ئەو قۆناغەی

که تەرکیزی لەسەر پێشخستنی پارچەی نەرمی ئەلیکترۆنی کۆمپیوتەری دەکردەوە، که لەلای خۆیەوە بووە هۆی ئەوەی کۆمپیوتەرەکان بچووك و خێرا ببنەوە و توانایان بۆ ئاسۆگەلی گەورە زیاد کرد. دوا قۆناغیش ئەوەیە کە پیشەسازی کۆمپیوتەر و گەیاندن پێکەوە بە شۆڕش کران. کۆمپیوتەر وای لێهاتووە لەهەموو کتێبخانەیەك، بازاڕ، ماڵ، تاقیگە، سەنتەرەکانی توێژینەوە، دامەزراوەکانی بەڵگەنامەکردن و زانیاری، زانکۆکان هەبێ. هەروەها پێگەی خۆی لە سەرجەم تەکنیکە بەکارهاتووەکان دیارە، کە ناکرێ مرۆڤ دەستبەرداری بێت، هەر لە ئوتۆمبێل و فڕۆکە، ئامێرەکانی چاپ، ئامێرەکانی وێنەگرتن و کاتژمێرەکان و ئامێرەکانی چێشتلێنان و فێنککەرەوە و، ژمێرەر، هەڵسەنگاندن، هەڵبژاردن، بڕیاروەرگرتنی قورس، تا دەگاتە شتە بینراوەکان و شتیتر لە تەکنیکی گەیاندنیی و، بەرهەمهێنانی و، خزمەتگوزاری. لەوەش زیاتر بۆتە بەکارهێنراوترین تەکنیك لەبواری تاقیکاری گریمانەیی لەبوارە زانستییەکانی (پزیشکی، کیمیایی، فیزیایی، بۆشایی ئاسمان، ... هتد) و، کۆمەڵایەتی (نموونەی پەیوەندییەکان و رەفتار و سروشتی سیستەمەکان ... هتد) و، بەرهەمهێنانی - ئابووری (لێکۆڵینەوەی ناوەرۆکی تەکنیك و بەرهەمە نوێیەکان) و، سیاسی (نموونەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان ... هتد) و، کلتووری بەگشتی و، میدیایی بەتایبەتی.

بەڵام کۆمپیوتەر لە چوارچێوەی هەڵسەنگاندنی تۆفلەر (مرۆڤێکی لەڕادەبەدەر نییە، هەروەها بەدڵنیاییەوە گێل یان شەیتانێك نییە لە دەوروبەرماندا. لەگەڵ ئەوەشدا بەهەموو شیاندنەکانیەوە بە مەزنترین دەستکەوتی مرۆڤایەتی و نیگەرانترینیان دادەنرێ، ئەو هێزی مێشکمان تواناتر دەکات، وەك چۆن تەکنەلۆژیای شەپۆلی دووەم توانا ماسولکەییەکانمانی بەهێز کرد و، نازانین دواجار مێشکەکانمان بەرەو کوێمان دەبات. هەموو ئەمانە وامان لێدەکات بپرسین، کۆمپیوتەر چییە؟ پێکهاتە سەرەکییەکانی چین؟ چۆن کۆمپیوتەرەکان بۆ پاڵپشتی لە چالاکی مرۆیی: بەرهەمهێنانی، کۆمەڵایەتی و کلتووری بەکاردەهێنرێن؟



کۆمپیوتەر لە دروستکردن و پەرەسەندنەکەی پشت بە بەشە ماددییەکان دەبەستێ، کە توخمی سەرەکی پێکهێنا لە پرۆسەی گواستنەوە بۆ قەبارەی بچووك و، کەمیی کێش، لەپاشان بونیاتنانی یادەوەری کۆمپیوتەری و، یەکەی چارەسەرکردنی ناوەندی، کە ئەرکی پرۆسە ژماردن و لۆژیکییەکان ئەنجام دەدا. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا پاڵپشتی لە داهێنانی ترانزستۆری کرد، لە سەرەتای شۆڕشێك کە پێشتر مرۆڤ و پەرەسەندنی تەکنیکەکانی بەخۆیانەوە نەبینیوە. کە لە پرۆسەکانی پێشکەوتن و گواستنەوە بۆ قۆناغێکی تازە بەرجەستە بوو، لە دەمەوانەی ئەلیکترۆنی گەورە تاڕادەیەك بۆ ترانزستۆر، دواتر گواستنەوە لە ترانزستۆر بۆ بازنە تەواوکارییە ئەلیکترۆنییەکان Integrated Circuits کە لە دروستکردنیدا پشت بە پارچەی تەنکی سلیکۆنی پوختەکراو لە لم دەبەستێ و، دەکرێ لە پاڵفتەی پێکهاتوو لە یەکەکانی ترانزستۆر پێکبهێنرێ، کە بەهۆی تەکنیکی زۆر پێشکەوتوو لەسەر پارچە ناسکەکەکانی سلیکۆن دەنەخشێنرێ، لەپاشان ئەرکەکانی ترانزستۆر لەمیانەی ئەو دوانەیە تەواو دەبێ کە وەك کلیلی کارەبایی کار دەکات، لەڕێگەی پرۆسەکانی گەیاندن و جیاکردنەوە لەنێوان توخمە ترانزستۆرییەکانی، دوای ئەوەی بە تەزووی کارەبایی لاواز دەورووژێنرێ.

تا ئەم ساتە، هەوڵە زانستییەکان نەوەستان، بەڵکو هێشتا بەخێراییەکی زۆر کار بەردەوامە بۆئەوەی توانای بازنە تەواوکارییەکان لە چڕی دیاریکراوەوە بۆ چڕی بەرز پێش بخەن، کە بریتییە لە دارستانێکی چڕ لە کلیلەکانی ترانزستۆر یاخود دەروازەکانی گەیاندن و لێکجیاکردنەوەیە بەپێی دەستەواژەی هونەری. ناوەرۆکی ناسکێتی ئەلیکترۆنی لەو بازنە ناوبراوانە لە ٢٣٠٠ بازنە (ترانزستۆر) لەساڵی ١٩٥٧ بۆ ٥,٥ ملیۆن بازنە لە کۆتایی ساڵانی هەشتاکان و بۆ ١٠ ملیۆن لەساڵی ١٩٩٦، لەپاشان ژمارەی بازنە تەواوکارییەکان بۆ ١٠٠ ملیۆن بازنە (ترانزستۆر) بازیدا.

ئەو گەشەسەندنە لە پێکهاتە ماددییەکان Hardware کە لەسەرووی چاوەڕوانی بوو، بووە هۆی کەمبوونەوەی قەبارەی کۆمپیوتەر بۆ نزمترین ئاستی و، هێز و توانای

کۆمپیوتەر گەیشتە قەبارەی لەپی دەست، کە سەدان جار هێندەی هێز و توانای گەورەترە لە کۆمپیوتەری کۆمەڵەی پنسلڤانیا کە لە ناوەڕاستی سەدەی رابردوو دروستکرا، هەروەها خێراییەکەشی لە هەزاران پرۆسەی ژمێریاری لە چرکەیەکدا بۆ خێرایی (نانۆ چرکە) یاخود بلیۆنەها پرۆسەی ژمێریاری لە چرکەیەکدا زیادی کرد. بیرۆکەی زێڕین کە شمەکی کۆمپیوتەریی پێی هەستا، بێگومان دوانەی گەیاندن و لێکدابڕانە، دوای ئەوەی بەتەواوی بۆ تەکنەلۆژیای بچووککردنەوەی کۆتایی دابەزی. ئەم دوانەیە بریتییە لەو بەرامبەرە فیزیاییەی کە لەڕێگەیەوە دەکرێ سیستەمی ئامادەکاریی دوانە بەرجەستە بکرێ کە لەسەر دوانەی (سفر، یەك) وەستاوە و بە سیستەمی ژمارەیی (بەژمارەکردن) Digitization ناوبراوە.

## ٥/٦ سیستەمی ژمارەیی (دیجیتاڵی):

لە گرنگترین دەستکەوتەکانی تەکنەلۆژیای زانیاری، رووخانی بەربەستە جیاکەرەوەکانی نێوان رێکخستنەکانی هێما جیاوازەکانە لە دەق و دەنگ و ئاواز و شێوە و وێنە چەسپاو و جوڵاوەکانە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تەکنەلۆژیای ژمارەیی کە سەرکەوتوو بوو لە گۆڕانی هەموو ئەو رێکخستنە هێماییانە بۆ زنجیرەگەلی ژمارەیی کە لە (سفر، یەك) پێکهاتوون تاکو لەگەڵ سیستەمی جووت ژمارەیی، بنەمای کاری کۆمپیوتەر بگونجێ.

کەواتە، بەژمارەکردن چییە و چۆن کار دەکات؟ گرنگی سیستەمی ژمارەیی لە پێشکەوتنی تەکنیکەکانی زانیاری چییە؟

بەژمارەکردن Digitalization نیشانەیەکی دیارە بۆ شۆڕشێکی راستەقینە، ئەوەی کە پێشبینی ئایندەیەکی چڕی تەکنیکی دەکات. بەژمارەکردن، تەواوکاری لە تۆڕەکانی پەخشی زانیاری لەگەڵ ئامێرە تەکنیکییەکانی وەرگرتن دروست کرد. لەلایەکیترەوە، لە بەهێزکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئامرازەکانی راگەیاندن Media و شێوازی گواستنەوە و، بەکاربردنی زانیاری یارمەتیدەر بوو. ئەم شۆڕشە لەبنەمادا لە



روودانی پێشکەوتنێکی زۆر تایبەت لە ئاماژە ئەلیکترۆنییەکان هەڵدەقوڵێ، واتە دەکرێ بەهۆی سیستەمی پاڵپشتی ماددی بگوازرێتەوە، نموونە لەمبارەیەوە، تەلەکان و، لیمفە بینینییەکان، یاخود لەشێوەی شەپۆلە ئەلیکترۆنییە موگناتیسییەکان بەیارمەتی تۆڕەکانی ئیزگەی زەمینی، یان بەیارمەتی مانگە دەستکردەکان لەگەڵ بەژمارەکردندا دەکرێ خودی ئاماژەکان لە چوارچێوەیەکی ژمارەیی بەهێما بکرێ، کە لەشێوەی دوانە binary لە چوارچێوەی یەك سفردا خۆی دەبینێتەوە، دواتر دۆسیەی چارەسەری داتاکان پێکدەهێنن، کە بۆ تەوەری پیشەسازییە ئەلیکترۆنییە ژمارەییەکان گۆڕا و، سیستەمی جووتە بریتییە لە ئەلفوبێی کۆمپیوتەر، ئەلیکترۆنییەکان و، ئەو بنەمایەشە کە لەڕێگەیەوە هەموو زانیارییەکان کۆ دەکرێتەوە و هەڵدەگیرێ و، سادەیە و ژیانییە بۆئەوەی لەشێوازی کاری کۆمپیوتەرەکان تێبگەین.

سیستەمی ژمارەیی لەسەر چەمکێکی سادە کار دەکات، کە ناوەرۆکەکەی لە توانامەندی گۆڕانی هەموو جۆرە زانیارییەك دیاری دەکرێ: پیتەکان، دەنگەکان، وێنەکان بۆ بەرامبەرێکی ژمارەیی، ئەوا بە هێمای ژمارەیی پیتەکان دەردەبڕێت کە هەر پیتێك ژمارەیەکی بۆ دادەنرێ. هەروەها ئاماژە دەنگییەکەش بۆ زنجیرەیەکی ژمارەیی دەگۆڕدرێ کە بە (بیتەکان — bits) داتا جووتەکان ناسراوە پێش ئەوەی بۆ وەرگر بنێردرێ. (بت) واتای ژمارەی جووتە Binary Digit دەگەیەنێ، کە بچووکترین تۆخمەکانی زانیاری نێربەخشراوە لە چەشنی ژمارە جووتەکاندا، بۆیە خێرایی پەخش لە تەکنیکی زانیارییەکان بە یەکەی (بت)ی گواستراوە لە جووتە بۆ یەکە، دەپێورێ.

هەر کۆمەڵەیەك لە (بتەکان) دەگاتە ٨ بت یا زیاتر یان کەمتر، کە پیتێك پێکدەهێنن پێی دەڵێن (بایت byte)، بۆ نموونە، دەکرێ ٨ بتەکە ئەمە پێکبهێنن ٠١١١٠٠٠١ کە لە هێڵکاریکدا خۆی لە یەك بایتدا دەبینێتەوە، لەجێگەی پیتی Q. بۆیە ئەندازیاران یان پەیوەندیداران بە (ژمارەیی) کار بۆ دەرهێنانی بایتەکان لە لێشاوی بتەکان دەکەن و، دواتر ئەو لێشاوە بۆ پێکهاتەکانی شی دەکەنەوە، کە

دەیانگەیەنێتە زانینی درێژی بایت یاخود درێژی پیت، یان بەشێکی پێکهاتوو لە دەنگ یان وێنە. بەواتایەکیتر، وێنە و شێوەکان بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی دەسڕێنەوە، لەپاشان بۆ بڕێکی زۆر گەورە لە خاڵی پێکهاتوو و لە بەدوای یەکدا دەگۆڕدرێن.

دەکرێ هەریەك لەو خاڵانە بەشێوەیەکی ژمارەیی بنوێنین، جا سەبارەت بە شوێنەکەی یان ڕەنگەکەی یاخود پلەی ئەو ڕەنگە بێت. سەبارەت بە بابەتەکە، بەهەردوو ئاماژەی داهێنان: سینی و صادی دەری دەبڕێ، هەروەك لە ئەندازەی شیکردنەوەییدا هەیە، دواتر بەشێوەی ژمارەیی بە بەهای ئەو دوو داهێنانە نوێنەرایەتی دەکات. بەڵام سەبارەت بە ڕەنگ، ئەوا بە کۆدی ژمارەیی دەری دەبڕێ، هەموو ڕەنگەکان شەبەنگی سێبەری و پلەی بریسکانەوەی بە (بتەکان)دادەپۆشێ. بەژمارەییکردنی شەبەنگی شەپۆلی بۆ دەنگەکان و قسە و موزیك -بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی باسکرا- لە ئاڵۆزترین کاروبارەکانی بەژمارەییکردنە، ئەم شەبەنگە شەپۆلییە کە هەڵگری ئەم ئاماژە بیستراوانەیە، پلەیەکی بەرز لە ناڕێکخراوەیی پێوە دیارە.

پرۆسەی بەژمارەییکردن لەڕێگەی وەرگرتنی نموونە لەم شەبەنگە لەکاتی جیاجیادا دەبێ، بەجۆرێك ئەم نموونانە ئەو چەشنە گۆڕانە دەنوێنێ کە لە شێوەی شەپۆلە هەڵگرەکانی ئەم دەنگانە ڕوودەدات. ئەم نموونانە ژمارەیەك بە بەهایەکی بڕیی بۆ بڕێکی بەراوردکاری بە کاتی هەڵبژاردنی دەنوێنێ، بەم جۆرە بەژمارەییکردن توانی کێشە سەختەکانی سیستەمەکانی زانیاری و ئاڵوگۆڕەکەی چارەسەر بکات، هەروەها توانی کاتی پێویست بۆ ناردنی بڕی هەڵقوولاوی زانیاری کەم بکاتەوە، لەپاشان تێچوونی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕی کەم بکاتەوە، بە بێ ئەوەی هیچ هەموارێك یان کاریگەرییەکی لێهاتوویی زانیارییە ئاماژە پێبەخشراوە گواستراوکان یاخود ناوەڕۆکیان بکرێت. بەمەش بەشداربوو لە زیادکردنی زانیارییە ئاڵوگۆڕەکان، واتە توانی پێداویستییەکانی گەشەسەندنی زانستی و پێویستی بۆ داتاکان دەستەبەر بکات و بەدەنگییەوە بچێت. هەروەها بەشێوازێك لە شێوازەکان لە تواناداركردنی زۆر لەوانەی کە پێویستیان بە زانیارییە بۆ گەیشتن پێی بەئاسانی یارمەتیدەر بوو و، بەتێچوونی



گونجاو کە لەگەڵ داهاتەکانیاندا بگونجێ. هەروەها هەلی گواستنەوەی تەکنیکی نوێی زانیارییەکانی بەخێراییەکی زۆر بۆ شوێنگەلێك دەستەبەر کرد، کە چاوەڕوان نەدەکرا بەو خێراییە پێی بگات.

سیستەمی ژمارەیی بۆ هەموو بوارەکانی تەکنیکی نوێ و بەتایبەتی تەکنیکی گەیاندن و زانیاری پەلی هاوێشت، هەموو وێستگەکانی رادیۆ بۆ بەکارهێنانی سیستەمی ژمارەیی گۆڕاون، هەروەها بووە بنەما لە پرۆسەکانی گواستنەوەی داتا و زانیارییەکان بەهۆی تەلەکان و، بەتایبەتی بینینییەکان و وێستگە زەمینییەکان و، مانگە دەستکردەکان.

هەروەها لەچەندین بواری خزمەتگوزاریدا بەکاردەهێنرێن، لەوانە: تەلەفزیۆن، رادیۆ، پەخشی داتاکان، گەیاندنەکان هەروەها لە پەخشی پرۆگرامەکانی ئیزگە و تەلەفزیۆنی کارلێککاری، (دەنگ و ڕەنگ) و ڤیدیۆی بەپێی خواست بەکاردەهێنرێ. لەمەش زیاتر بەژمارەییکردن بە بەراوردکاری، وایکرد ئەگەری دەستکەوتنی کەناڵی زیاتر و بەتێچوونی کەمتر پەسەندکراو بێت. هەروەها سیستەمی ژمارەیی بووە بنەما، کە تۆڕەکانی زانیاری و تۆڕەکانی ئیزگە بینراو و بیستراوەکان لە تێکەڵکردنی چالاکییەکانی و تەواوکارییەکەی ئەگەر نەڵێین یەکخستنی، لەسەر ئاستی کۆمپیوتەر، تەلەفۆن، رادیۆ، تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ بەپێی خواست پشتی پێ دەبەستن، سەرەڕای پرۆسەکانی ئاڵوگۆڕی داتا و زانیارییەکان لەچوارچێوەی تەکنیکی یەکگرتوودا، ئەوەی کە بە نێوەندە گشتگیرەکان Multimedia ناودەبرێ و، وەرگر — نێرەر Transceiver. دەرەنجامی هەموو ئەمانەش سەبارەت بە بینەران و بەرکارهێنەرانی تەکنیکی ژمارەیی بینراو، کاریگەرییەکەی مەزنتری لەسەریان دەبێ وەك لەوانەی کۆمپیوتەر یان تەکنیکەکانی گەیاندن بەکاردەهێنن. بەتایبەتی دوای ئەوەی تەلەفزیۆن بووە یەکێك لە پێکهاتەکانی بازاڕی بەکاربردن، یان پرۆسەکانی بازاڕکاری، لەگەڵ توانای بەرزی بەزاندنی و دزەکردنی بۆ ئەو بیرۆکەو وێنابینییانەی کە لەسەرووی گەیاندنەکانیترەوە بەرێژەی زۆر گەورە هەیە.

## ٦/٦ هاوشێوەکانی گەیەنەرەکان:

لەگەڵ سەرەتای سەدەی رابردوو، ترانزستۆرەکان جێگەی ئەو لوولەکە بەتاڵانەی گرتەوە، کە وەك کلیلی کارەبایی بەتاڵ کاریان دەکرد و ژمارەیان دەگەیشتە ١٧٠٠ لوولەك و، ئەگەر یەکێك لەو لوولەکانە سووتا ئەوا کاری ئامێری کۆمپیوتەرەکە تا ئەوکاتەی لوولەکە سووتاوەکە دەدۆزرێتەوە و گۆڕینی بە یەکێکی نوێ دەوەستا.

**ترانزستۆر:**

لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو ترانزستۆر دروست کرا، لەپاشان جێگەی لوولەکی بەتاڵی گرتەوە، بەمەش پیشەسازی کۆمپیوتەر چووە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتوو، وەك لەوەی لە قۆناغی کۆمپیوتەری کۆمەڵەی پنسیلڤانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانی تیایدا بوو. لەبەراوردێکدا کە (بۆب نویس) لەساڵی ١٩٧٧ لەنێوان چارەسەری بچووك و ئامێری پنسیلڤانیا ئەنجامیدا، دەریخست کە چارەسەری بچووك ٢٠ جار خێراترە و، بەهەزاران جار توانای گەورەتر و بەڵگەدارترە و، هێندەی گلۆپێك وزە خەرج دەکات و، ئەو بۆشاییەی کە پێویستی پێیەتی بەرامبەر ١-٣٠ هەزارەو، تێچوونەکەی بەرامبەر ١-١٠ هەزارە، سەرەڕای ئەوەی بۆ هەموان دەستەبەربووە و بەپێی خواستە.

بەمەش بونیاتنانی ترانزستۆر دەرگاکەی لەبەردەم پەیوەندیداران بە پیشەسازی و پێشخستنی کۆمپیوتەرەکان بە فراوانی والاکرد، هەروەها ترانزستۆر بەتەواوی جێگەی لوولەکە بەتاڵەکانی گرتەوە. واتە کەرتێکی بچووك لە سلیکۆن ئەوەی کە لە کارگەکانی (بل) دۆزرایەوە، هەمان ئەو شتە دەکات کە ئەو لوولەکانە دەیکەن، وەك کلیلە کارەباییەکان، دەکرێ بڵێین کۆمپیوتەرەکان لەگەڵ لەدایکبوونی ترانزستۆرەکان لەدایکبوو، هەروەها بەهۆی ئەو تواناییانە پێشکەوت کە خۆی لەو کەرتە سلیکۆنییە بچووکانە دەبینێتەوە.



## بازنە ئەلیکترۆنییە تەواوکارییە تێکەڵبووەکان:

هەوڵی پەیوەندیداران بە کۆمپیوتەرەوە لەئاست بونیاتنانی ترانزستۆردا نەوەستا، بەڵکو بۆ چالاککردنی وزە شاراوەکان لەخودی ترانزستۆردا هەنگاوێکی گرنگیان نا، کە کۆکرایەوە و بەیەکەوە بەستران لە پاڵفتە پێکهاتووەکان. داهێنانی ترانزستۆر لەساڵی ١٩٥٧ ئاگادارکردنەوەیەك بوو بە دەستپێکی قۆناغێکی ورووژاو بۆ بچووككردنەوەیەکی زۆر، کە ئەم توخمە قەبارە بچووکە دەمەوانەی ئەلیکترۆنی تاڕادەیەك گەورەی لەناوبرد. هەر زوو ترانزستۆر رووبەڕووی هەمان چارەنووس بووەوە، دوای ئەوەی ئەلیکترۆنییە تەواوکارییەکان بەسەریدا زاڵبوون.

کەواتە بازنە ئەلیکترۆنییە تەواوکارییە تێکەڵبووەکان چییە؟

بازنە تەواوکارییەکان بریتیە لە کەرتی دروستکراو لە پارچەی سلیکۆنی پوختەکراو لە لم، کە دەکرێ پاڵفتەی پێکهاتوو لە یەکەکانی ترانزستۆر بنوێنرێ. ئەم پاڵفتەیە لەسەر پارچەی ناسك Chips بەشێوازی تەکنەلۆژی ئاڵۆز دەنەخشێنرێ، لەڕێگەیەوە بونیاتی بلوورە سلیکۆنە نەگەیەنەرەکان بەکارەبا پێکدێ. لەناو ئەم بلوورانەدا بڕێکی ژمێردراو لە خلتەی کانزایی گەیەنەری کارەبایی دابەش دەکرێ، بەم جۆرە جووتەی هاوشێوەکانی گەیەنەری تەواو دەبێ، کە وەك کلیلی کارەبایی کار دەکات، کە توخمە ترانزستۆرەکانی بە ورووژاندنی بە تەزوویەکی کارەبایی لاواز بەیەك دەگەن و لێك جیا دەبنەوە. کاروانی بچووككردنەوەی کۆتایی لە هەنگاوی خێرادا بەردەوام دەبێ، لە بازنە تەواوکارییە چڕی دیاریکراوەکان بۆ ئەو بازنە تەواوکارییانەی کە چڕی زۆری هەیە و، دارستانێکی چڕە لە کلیلەکانی هاوشێوەی گەیەنەر یان دەروازەکانی گەیاندن و جیاکردنەوە بەپێی دەستەواژەی هونەری.

ئەلیکترۆنیی خاوەن چڕییەکی زۆر و، توانای زیاترە بۆئەوەی زۆرترین بڕ لە ترانزستۆرەکان لە یەك سەنتیمەتر چوارگۆشەدا لەخۆبگرێت. بەمەش پیشەسازی پارچەکان کار بۆ دروستکردنی پارچەکانی ترانزستۆر و بەیەکەوە گەیاندن دەکەن، بۆئەوەی سیستەمی ئەلیکترۆنی تاڕادەیەك ئاڵۆز لەسەر پارچە زیوییەکان لە سلیکۆن

پێك بهێنێ، هەروەها رێگەی بۆ بونیاتنانی بازنە تەواوكارییەكان خۆشكرد و، دواتر كۆكردنەوە لەسەر پارچەكانی سلیكۆن، بۆئەوەی كۆمپیوتەرە كەسییەكان و ئامێرە ئەلیكترۆنییەكان بەشێوەیەكی بازرگانی دروست بكرێت، سەرەڕای بەكارهێنانی لە سیستەمەكانی كۆنترۆڵكردن كە بزوێنەر و ئامێرەكانی وا لێكردووە بەشێوەیەكی پاكتر و شیاوتر كار بكات.

پێشكەوتنی توانای هاوشێوەكانی گەیەنەرەكان پرۆسەیەكی سادە نەبوو بەڵكو هەوڵی گەورە و خواستی فراوانی پەیوەندیدارانیشی لەگەڵ بوو. ئەندازیاران توانییان ژمارەی ترانزستۆرەكان لە ٢٣٠٠ ترانزستۆر زیاد بكەن لە یەكەم چارەسەری یەكەكانی ناوەندی Microprocessor لەساڵی ١٩٥٦ بۆ ٥،٥ ملیۆن ترانزستۆر لە پارچە چارەسەری ئەوەی یەكەم لە پنتیۆم. واتە ژمارەی ترانزستۆرەكان هێندەی ٢٤٠٠٪ زیاد بووە. لەكاتێكدا كۆمپانیای Intel توانی پنتیۆم٢ لەگەڵ ٧،٥ ملیۆن ترانزستۆر لەساڵی ١٩٩٧ بەرهەم بهێنێ، كە لەهەمان ساڵدا پێش كۆمپانیاكانیتر بەهێزی ٨،٨ ملیۆن ترانزستۆر كۆمپیوتەرێكی نوێی خستە بازاڕەوە، لەگەڵ ساڵی ٢٠٠٠ ژمارەی ترازستۆرەكان لە یەكەی بونیاتی بنەڕەتی واتە پارچە Cips گەیشتە ١٠٠ ملیۆن ترانزستۆر لە یەك سەنتیمەتر چوار گۆشەدا.

**ئەم خشتەیە پێشكەوتنی ژمارەی ترانزستۆرەكان لە یەك (شیبە) دەردەخات لەنێوان ساڵانی ١٩٥٠ و ٢٠٠٠دا:**

| ساڵ | ١٩٥٦ | ١٩٩٠ | ١٩٩٧ | ٢٠٠٠ |
|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ترانزستۆرەكان لە یەك پارچەدا | ٢٣٠٠ هەزار | ٥،٥ ملیۆن | ٨،٨ ملیۆن | ١٠٠ ملیۆن |
| ڕێژەی زیادە | | ٢٤٠٠٪ | ٣٥٠٠٪ | ٤٠٠٠٠٪ |



هەروەها هەوڵی زانیان بەئاراستەی گەڕان بەدوای تەكنیكەكانیتری دروستكردنی پارچەكان بوو. بۆیە هەوڵەكانیان بەئاراستەی نەخشەسازی پارچەكان دەستیپێكرد، كە پێویستی بە تەكنیكی نوێ لە بواری ژێرخان وەك پارچە دەكرد، كارپێكردنە وردەكان لەسەر بەشەكان پێوانەكەی لە ٢،٥ میكرۆن (بەشێك لە یەك ملیۆن لە مەترێكدا) زیاتر نییە، كە دەیخاتە چوارچێوەی ڤایرۆسە گەورەكان. لەوانەیە ئەم تەكنیكە پێشكەوتوانە ببێتە هۆی دابەزینی پێوەری ئامانجدار تاكو ببێتە ٠،١ میكرۆن، یان لەوە كەمتر. نرخی پارچەی یادەوەری نیمچە گەیەنەر كە بڕەكەی یەك میگابایتە لە ٥٥٠ دۆلار لەساڵی ١٩٧٠ بۆ تەنها ٣٨ دۆلار لەساڵی ١٩٩٦ دابەزی، بەڵام بەدرێژایی هەمان ئەو قۆناغەدا، تێچوونی بونیاتی كارگەی دروستكردنی ئەم پارچانەی یادەوەری لە چوار ملیۆن دۆلارەوە بۆ زیاتر لە ١،٢ بلیۆن دۆلار بەرز بووەوە، كە وا دەكات ئەم جۆرە لە پرۆژە ئابوورییەكان لە بندەستی كۆمپانیاكان جگە لە گەورەكەیان دوور بێت، واتە پێشكەوتنی تەكنیكی پیشەسازی نیمچە گەیەنەرەكان بە نەرێنی لەسەر تێچوونی بونیاتی كارگەكان رەنگیدایەوە، بەڵام زیادبوونی بەرهەم بە ئەرێنی لەسەر كەمبوونەوەی نرخەكەی شكایەوە.

# بەشی حەوتەم

## راگەیاندن: روانینێکی سۆسیۆلۆژییانە بۆ ئایندە

### ١/٧ دەستپێك:

لە دە ساڵی دوایی ئەو لێکۆڵینەوانە زیادبوون کە باسی لە ئایندە و پێشبینییەکانی دەکرد، کە وەکو درێژکراوەی لێکۆڵینەوەکانی پلاندانان بوو، کە ئامانجی پێشبینیکردن بە دەرەنجامەکانی داهاتوو بێ. لەپێشەوەیان لێکۆڵینەوەکانی ئەلفن تۆفلەر لەبارەی گۆڕانی دەسەڵات و شارستانێتی شەپۆلی سێیەم و، لێکۆڵینەوەی نووسەری ژاپۆنی کە روانینی ئایندەیی پێشکەشکرد.

سەرەڕای تعپر ی دەرەنجامەکانی ئەو پلانانەی کە لەبنەمادا بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتووی شتەکان و، بەتایبەتی مرۆڤ، بیرکردنەوەکانی و، شێوازەکانی رەفتاری دروستکراوە، بەڵام ئەو لێکۆڵینەوانە هەندێ دەرەنجامی ئەرێنی لە چەندین بواردا وەدی هێناوە، لەپێشەوەیان بواری زانستی و، تەکنیکی سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی هەندێ پێکهاتەی ئەو ژینگەیەی کە لە دەوروبەری مرۆڤدان، وەك کۆنترۆڵکردنی دەرهێنانی سامانە سروشتییەکان و بەکارهێنانەکانیان و، سەرچاوەکانی ئاو (بونیاتنانی بەنداو، وەرچەرخانی رێڕەوی هەندێ رووبار، یان دروستکردنی هەندێ رێڕەوی تازە) و بەکارهێنانی زەوی و ئاراستەکردنی کشتوکاڵ و، زاڵبوون بەسەر زۆر لە نەخۆشییە سەختەکان و نەخۆشیتر. هەروەها ئەو لێکۆڵینەوانە درێژەیان کێشا بۆ گەڕان بەدوای داهاتووی مرۆڤ، وەك پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و،



رێگەکانی پەروەردەکردن و، ئامادەکردنی بارودۆخی گونجاو بۆی لەسەر ئاستی کارکردن و، دابینکردنی دوارۆژی ژیانی و، مەرجە بنەڕەتییەکان بۆ دابینکردنی مرۆڤایەتییەکەی.

بەواتایەکیتر، دەستەواژەی داهاتوو Future بۆتە هاوواتای دەستەواژەی پلاندانان Planing، بەڵام نەك لە چوارچێوەی سنوور و فەلسەفەی ئەو پلاندانانەی کە لەناوەڕاستی سەدەی رابردوودا کێشرا. ئەمە ئاماژە بە دیاردە تایبەتەکان لە درککردنی کات و، ئەو دیاردانە دەکات کە لەوانەیە گۆڕانکاری و رووداوی ئەوتۆی لێ بکەوێتەوە کە بشێ لە روانگەی داتا و زانیارییە لێ دەرهاتووەکانی وێنا بکرێ. چەمکی دەستەواژەی داهاتوو لە یەك لایەنەوە کورت نابێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە کە دەکرێ جموجوڵی و گەشەسەندنی دیاری بکرێ و، داتا و زانیاری لەبارەیەوە کۆ بکرێتەوە، جا مەبەست لە پێشبینییەکە هەرچییەك بێت، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی، زانستی. یاخود تەکنیکی (هەروەك لەو پێشبینییەدا هەیە کە بە یاسای مۆرفی بواری تەکنیکی کۆمپیوتەریی) ناسراوە. یاخود پێشبینی لە زانستە سروشتییە پەتییەکان، وەك زانستی زەوی، بۆشایی ئاسمان، گۆڕانکارییە ئاسمانییەکان لە دەرەنجامی پەستانی گەرمی ...هتد.

### ٢/٧ ئایندە کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە:

کۆمەڵناسان رووبەڕووی (ئایندە) بوونەوە و وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، کە دەکرێ گۆڕانی تێدا بکرێ و، لەوانەیە پێشبینی تێدا بونیات بنرێ و، ئەو گریمانە تایبەتن بەو پێشبینییانە رەوانە بکەن. بەپێی بیروڕای گولڈن Peter Golding، زانای کۆمەڵناس هەمیشە مێژووی داهاتوو دەنووسێتەوە، بەڵام ئێستا رای دەگەیەنێ کە بۆ ئەو ئەرکە ئامادەباش نییە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکی هەیە، بەرێگەیەك بەوەی هێشتا لەسەرێتی

بەرەنگاری ئەم کارە بێتەوە. هەوڵی گەورە و فراوان درا بۆ بەدواداچوونی - بۆنموونە- بابەتی بیرۆکەکە و، جیاوازی چینایەتی و، پیسبوونی ژینگەیی و، گەشەی دانیشتوانی. سەرەڕای جیاوازی شارستانی و، رۆشنبیری و، هەژمونی زیادبوو لەلایەن هەندێ لەسەر هەندێکیتر و، دەرەنجامە رێکخراوەکانی بۆ هەژموون بەسەر کلتوورەکان و رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی بیروباوەڕ و بەها و شێوازە رەفتارییەکان.

هەروەها زانایانی بواری راگەیاندن وەك کێشەیەکی تەکنیکی و فەلسەفی رووبەرووی (ئاینده) بوونەوە و، لەیەك کاتدا مامەڵەیان لەگەڵدا کرد، شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری، ئەو تەکنیکانەی بەرهەم هێنا کە نەك واقیعی ژیان بەتەنیا، بەڵکو وێنابینی و خەیاڵی خودی مرۆڤیشی تێپەڕاند.

سەرەڕای هەموو ئەوانەی کە شۆڕشی هاوچەرخی تەکنیکی بەرهەمی هێنا، کەچی هێشتا لەسەرەتاکانیدایە و، هێشتا چاوەڕوانی زۆری لێدەکرێ، هەروەها کەس ناتوانێ پێشبینی رەهەند و پەلهاوێشتنی دەرهاوێشتەکانی شۆڕشی داهاتووی تەکنیکی بکات. ئەوەی زیاتر ئەم سەردەمەمان جیا دەکاتەوە، دەرکەوتنی تەکنەلۆژیای نوێی زانیارییە، کە لەلای خۆیەوە بووە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لەمێژووی تەکنەلۆژیای هاوڕێی شۆڕشی پیشەسازی، کە خۆی لە شۆڕشی پێشووی زانیاری (چاپ)دا دەبینێتەوە، ئەوەی زیاتر جێی گرنگییە ئەوەیە کە هێشتا شۆڕی تەکنەلۆژی لەسەرەتایدایە.

بەڵام دەرەنجامە فەلسەفییەکان، ئەمانەی گرتەوە: بونیاتی ئامێری میدیایی و، ئەرکەکانی راگەیاندن و، تێکەڵبوونی تەواو لەنێوان سێ سیستەمەکەی گەیاندن: (سیستەمی گەیاندن لەنێوان خاڵێك و خاڵێکیتر و، سیستەمی گەیاندن بەیارمەتی ئامرازەکانی گەیاندن و، سیستەمی گەیاندنی راستەوخۆ) و، ناوەرۆکی پرۆسە میدیاییەکان و، ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکە، سەرەڕای جیاوازی ئاراستە میدیاییە هاوچەرخەکان لە نەتەوەییەوە بۆ جیهانی و، لە بینینی گرووپییەوە بۆ بینینی



دەستەیی و، لە فرەییەوە بۆ قۆرخکاری و، لە دیاریکراوەییەوە بۆ گشتگری Inclusiveness و نەرمونیانی Flexibility.

**رێکخستنی میدیایی:**

بێگومان رێکخستنی راگەیاندنی جەماوەری، رێکخستنێکی بەشیی (جزئی) لەنێو رێکخستنێکی گشتگیر دەنوێنێ کە ئەو کۆمەڵگەیەیە کە تیایەتی و، ئەو ناوەرۆکانەی کە راگەیاندن دەیگوازێتەوە بە باش و خراپ کار لە رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. ئەمەش کاریگەرییەکی کارا لەدروستکردنی گۆڕانکاری کلتووری و مەعریفی بەجێ دەهێڵێ، بەتایبەتی ئەگەر ئەو ناوەرۆکانە را و بیرۆکە و زانیاری وەهای تێدا بێت، جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی بڵاو دەبێتەوە، یان ئەوەی کە خودی کۆمەڵگە مامەڵەی پێ دەکات.

بەدەربڕینێکیتر، شتیکی بەڵگە نەویستە راگەیاندن -گەیاندن- لە گەشەپێدانی چەشنەکانی بیرکردنەوە و پەیوەندییەکان و دواتر بونیاتی کۆمەڵایەتی نوێ بە بەردەوامی بەشدارە، لەمیانەی گەشەپێدانی خواستەکان و توانای تاکەکان، کۆمەڵەکان، سەرەڕای فێربوونی بەهرەیەکی تازە. واتە راگەیاندن یەکێك لەو بزوێنەرانە دەنوێنێ کە پاڵنەرە بە ئاراستەی دروستکردنی گۆڕانکاری. لەگەڵ ئەوەی راگەیاندن -گەیاندن- تەنیا رێکخستنی کۆمەڵایەتی نانوێنێ سەبارەت بە کۆمەڵگە، بەڵکو سیاسەت، ئابووری، ئایدۆلۆژیا و بەهاکان و رێکخستنیتر هەن، کەچی راگەیاندن -گەیاندن- دەتوانێ رۆڵی کاراتر لەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییانە بگێڕێ کە پەیوەندییان بە پرۆسەکانی گۆڕانکارییەوە هەیە. بەتایبەتی خودی ئەو رێکخستنانە لە ئاڵوگۆڕکردنی را و زانیارییەکان و راپۆرتەکان و، داتاکان کە رەنگدانەوەی ئاست و چالاکی کۆمەڵایەتییە بەشێوەیەك لە شێوەکان پشت بە راگەیاندن دەبەستێ. هەرچۆنێك بێت، بمانەوێ یا نا، لەروانگەی سۆسیۆلۆژییەوە، پرۆسەکانی میدیایی -گەیاندنی- بە پرۆسەی رووتی رەها یان پەراوێزیی دانانرێ، بەڵکو لە زۆرترین ئەو پرۆسانەن کە جێی بایەخی دامەزراوە پەیوەندیدارەکانن پێوەی، جا سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی یان کلتووری بێت.

چەندین ئەرکی هاوشێوە و جیاواز خرایە ئەستۆی راگەیاندن و پرۆسەکانی، لە چوارچێوەی ئەو ژینگەیەی لەسەر چەند ئاستێکی کاری تێدا دەکات، وەك جۆرایەتی پەیوەندییەکان لەنێوان تاك و گرووپەکاندا، یاخود پەخشکردنی بیرۆکە نوێیەکان، یان پاڵپشتی رێکخستنی کۆمەڵایەتی و، رێکخستنی میکانیزمەکانی، یان ئامادەکردنی پێشەکییەکانی پیادەکردنی مرۆڤ بۆ مافەکانی، یان بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی هەماهەنگیکردن لەنێوان رێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان (ئابووری، سیاسی، کلتووری ... هتد). تەنانەت لەوەش زیاتر راگەیاندن بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی پێشوو تەوەرێکی ناوەندیی پێکهێنا بۆ رێڕەوەی ئەو رێکخستنانە و بەشێوەیەکی تایبەتی سیاسی، ئابووری، کلتووری و، بووە سەرچاوەی سەرەکی زانیاری لەبارەی چالاکییەکانی. لەگەڵ تێپەڕبوونی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژی روانینی سۆسیۆلۆژی لەبارەی راگەیاندن گەڵاڵە و روونتر بووەوە و، بە دەرەنجامە رێکخراوەکان لەبارەی خودی پرۆسە میدیاییەکان بایەخدارتر بوو. ئەگەر زەوی سەبەتەی خۆراك بێت بۆ مرۆڤ کە شارەزایەتی و بە بەردەوامی ژیانی خۆراکی لێ بەرهەم دەهێنێ، ئەوا راگەیاندن سەبەتەی بیرکردنەوە و را و، روانین و، باوەڕهێنان و، ئاراستەکان، داتا و زانیاری و مەعریفەکانە، کە خۆراکپێدەری مێشکی مرۆڤە و توانا بێ سنوورەکانی گەشە پێ دەدات. واتە هاوتای بابەتییە بۆ زەوی و، لەمبارەیەوە گوڵدن بە سادەیی ئاماژەی پێداوە کە رێکلام لەبارەی ئوتۆمبێلەکان، مۆبایل، سیستەمی ژمارەیی و، مانگە دەستکردەکان بۆ بەکاربەرانی کاڵاکان، وەکو پرسیارگەلێکە ئاراستەی هەموومان دەکرێ، بۆئەوەی لە رەفتارماندا رەنگ بداتەوە و بەرجەستە بێت، چۆن تەکنیك لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵگە و ژینگەی کلتووری کورت نابێتەوە، بەڵکو بیرۆکە سەرەکییەکەشمان دەگۆڕێ لەبارەی ئەوەی هەریەك لە ئێمە چۆن مرۆڤێك بێت. ئەو پرسیارەی کە خۆی دەخاتەڕوو بریتییە لە: چی راگەیاندنی ئەمڕۆ – راگەیاندنی شۆڕشی پیشەسازی- لە روانگەی سۆسیۆلۆژی و، تەکنیك و لەرووی توانا و رۆڵ و ئەرکەکان جیا دەکاتەوە؟



### ٣/٧ شۆڕشی تەکنیکی:

پێشهاتە تەکنیکی و زانستییە یەك بەدوای یەکەکان، بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و، باڵاچوونی بەشێوەیەکی بنەمایی کەڵەکەبوو، بە شۆڕشێکی تەواو دادەنرێ، کە ئەلیکترۆنییە وردەکان و جێبەجێکردنەکانی، بەتایبەتی گەیاندنەکان و کۆمپیوتەر و پرۆگرامسازی، رۆڵی بزوێنەری سەرەکی تیایدا دەگێڕێ. ئەو تەکنیکانە کە دیارترینیان لە بەشی پێنجەم خرایەڕوو، ئەم خەسڵەتانە لەخۆدەگرێت:

١- زیادبوونی توانا هزرییەکانی مرۆڤ (زیادبوونی ئامرازە بەردەستبووەکان بۆ شیکردنەوە و نەخشەسازی و داهێنان).

٢- خێراکردنی رەوتی جێبەجێکردنی دەرەنجامەکانی داهێنان و ئەفراندنەکان، لە سەرجەم کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزارییەکان.

٣- هاتنە ناوەوەی تەکنیك وەك توخمێکی بنەڕەتی گرنگ لە توخمەکانی بەرهەمهێنان و بنەماکانی رکابەری ئابووری.

٤- پەیوەندی زیادبوونی نێوان پێشهاتەکان لە کەرتە جیاجیاکان و، پەیوەندی زیادبوو لەنێوان داهێنان و پێشخستن لەلایەك و، بەرهەمهێنان لەلایەکیترەوە. هەروەك تۆفلەر ئاماژەی پێ دەدا، تەکنیکەکانی شەپۆلی سێیەم، زیرەکیی پێوە دیارە. کە ئامێری هەستپێکردن لەخۆدەگرێ، کە زانیارییەکان لە دەوروبەر وەردەگرێ و، گۆڕانکارییەکان دەدۆزێتەوە و بەپێی ئەوە کارپێکردنی ئامێرەکە رێك دەخات، هەروەها خۆی خۆی رێك دەخات. جیاوازی تەکنەلۆژی لەنێوان تەکنەلۆژیا و ئەوەی پێشتر بەڕاستی جیاوازییەکی شۆڕشگێڕییە.

ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی ئەو ئەندامە هەستییە ئەلیکترۆنییانەی بەرهەمهێنا کە لەتوانایدایە بە وردییەکی گەورەتر ببیستێ و ببینێ و دەست پێوە بدات، وەك لە ئەندامانی بوونەوەری مرۆیی. ئامێرەکانی نەخشەسازی ئامێرگەلی نوێی بێ کۆتایی داهێنا و، ئامێرەکانی لە سیستەمێکی پێکەوەبەستوو لەژێر یەك چەتردا کۆکردەوە، بۆ پێکهێنانی کارگە و هێڵی

کۆکردنەوە لە چوارچێوەی کارگەدا، کە بە وەرچەرخان ناسرا بۆ ئەوەی بە بواری تەکنیکی ناونرا. لەوکاتەدا بواری تەکنیکی جێگەی بواری کشتوکاڵی گرتەوە، بەڵام ئێستا بواری تەکنیکی زانیاری وا خەریکە جێگەی بواری پیشەسازی دەگرێتەوە و، تەکنیکە جیاکەرەوە و، دامەزراوە کۆمەڵایەتی و، کەناڵە میدیایەکانی پێکهاتن، کە بەهێزێکی گەورە لەگەڵ یەك دەبەسترێنەوە و تەواو دەکرێن و، ئەمەش زیادی کرد لە تێکەڵکردنی تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ تەکنیکە ئەلیکترۆنییە نوێیەکان و بونیاتنانی سیستەمی گەیاندن لەسەر بنەمای پێکەوەبەستنی ئەم ئامرازانە کە لە دەرکەوتنی شۆڕشێکی میدیایی بەشدار و یارمەتیدەر بوو، کە توانایەکی گەورە بۆ پێشخستنی ژیانی مرۆڤایەتی یان بۆ کاریگەری کردنە سەری دەرکەوت. هەروەها چالاکی تەکنیکەکانی میدیایی بەتایبەتی و گەیاندنیی بەگشتی چالاك کرد، لەئاکامی بەیەکەوەنووسانی نێوان سیستەمی ژمارەیی و تەکنیکە ناوبراوەکان، کە تەکنیکە پەیوەندیدارەکان توانایان پەیداکرد بۆ هەڵگرتنی زانیارییەکان و، پرۆگرام و داتاکان، سەرەڕای وێنەکان، زانینەکان و، پرۆگرامەکانی کات بەسەربردن و شتیتر. هەروەها هەلی دووبارە دابەشکردنی هەڵگیراوی زانینی لەشێوەی وێنە یان هێما، نموونە، زاراوە زمانییەکان، یان هەر شێوەیەك لە شێوەکانی دەربڕینی دەستەبەر کرد.

لەمەش زیاتر، توانا و چالاکی ڕاگەیاندنی بینراو زیاتر بوو، لەگەڵ دەرکەوتنی تەکنیکە کارلێککارییەکان Ineractive Media و نێوەندە گشتگیرەکان Multimedia، کە ئاسۆگەلی تازەی لەبەردەم ڕاگەیاندن و تواناکانی هەڵقوولانی لەڕێگەی ئەلیکترۆنییەکانیترەوە کردەوە.



## ٤/٧ ڕۆڵی ڕاگەیاندن:

پێشکەوتنی ڕاگەیاندن و گەیاندن بە تەنها لە پێشکەوتنی هێزی پەخش و هێزی وەرگرتن کورت نەکرابووەوە، بەڵکو بووە هۆی ئەوەی شوێنەواری فراوان لەسەر بونیاتە کۆمەڵایەتی و ئابووری و کلتوورییەکان بەجێ بهێڵێ. پرسی ڕاگەیاندن و گەیاندن بۆ پرسی هەژموون گۆڕا، سەرەڕای گۆڕانی چەمکی خودی هەژموون و جیاوازی ڕەهەندەکانی.

بەمەبەستی هەڵوەستەکردن لەسەر ئەو گرفتانەی کە تەکنیکەکانی نوێی گەیاندن خولقاندی، پێویستە لەسەر ئەو ڕۆڵە هەڵوەستە بکەین کە لەوانەیە سێ تەکنیکە بنەڕەتییەکانی گەیاندن بیگێڕن:

**١- زانیاری: داتا، زانیاری، مەعریفە.**

**٢- تەکنیکەکانی ڕاگەیاندن: خوێنراو، بیستراو، بینراو.**

**٣- تەکنیکی گواستنەوە و گەیاندنە تەلدار و بێتەلەکان.**

هەروەها دەبێ ئاماژە بە ڕۆڵی سیاسەتی تەکنیکەکانی ئەو سێ کەرتە بکەین، تەنانەت لەوەش زیاتر، ئەو تەکنیکانە وایان لێهاتووە کە بنەمایەك بۆ پرۆسەی گەیاندنی کۆمەڵایەتی پێکبهێنێ، کە لەلای خۆیەوە ڕۆڵی گرەوی گرنگەکانی ئابووری دەگێڕن.

بێگومان تەکنیکەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن دەتوانێ زۆر ڕۆڵی گرنگ ببینێ لەهەر کۆمەڵگەیەك کە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و، بەکاری دەهێنێ. بەڵام ئەو ڕۆڵە لەسەر سروشتی بونیات و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییە باوەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا دەوەستێ. وەك چۆن ئاماژەمان پێدا کە گەیاندن ڕێکخستنێکی بەشییە، لەگەڵ ڕێکخستنەکانیتر تەواو دەبێ، لەڕێگەی کارلێککردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی لەوە گشتگیرتر کە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییە. هەروەها ئەو گۆڕانکارییانەی کە ڕاگەیاندن و گەیاندن بەهۆی تەکنیکە نوێیەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە، ڕۆڵەکەی گەشە پێدەدات و دەرەنجامی

کاریگەرییەکەی لەسەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر دەبێ. لە تێبینییە گرنگەکان ئەوەیە، گۆڕانکارییە سۆسیۆ- تەکنیکییەکان کە لەسەرەتای سەدەی رابردوو دەستیپێکرد، وردە وردە لەدەرەوەی چوارچێوە و هەژموونی دامەزراوە پیشەسازییە گەورەکان یان کارگوزارییە گەورەکان گەشەی دەکرد، کە بۆ گۆڕانکاری بارودۆخەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی رۆژانە لەماڵدا پەلی هاوێشت و، چالاکییەکان بەکاربردن و کاتبەسەربردن و، ئەم شەپۆلی زانیاری و میدیاییە بووە هۆی ئەوەی گواستنەوە جۆریی لە هەندێ بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریمان و، لەوانەیە مەعریفەشمان رووبدات. هەروەها گۆڕانکارییە سۆسیۆ - تەکنیکییەکان لە بەکارهێنانی دیاریکراو نەوەستا، واتە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگە زەحمەتە رۆڵی تەکنیکەکانی گەیاندن و راگەیاندن لە بونیاتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، کارلێکی کۆمەڵایەتی و، لە پێکگەیاندنی بونیاتی کلتوورێکی شارستانی کە پێشکەوتن و گەشەسەندنی شۆڕشگێڕی مرۆیی لەم سەردەمەدا لەخۆدەگرێ، لەبەرچاو نەگرێت. تەنانەت لەوەش زیاتر، راگەیاندن و گەیاندن (وەك لە بەشی سێیەم روونمان کردەوە) بۆتە هاوتایەکی بابەتی بۆ بەردەوامێتی بونیاتێکی شارستانی پێشکەوتوو بۆ مرۆڤ و، بە بێ ئەوە مەحاڵە ئەو پەیوەندییانە راست بکاتەوە کە بەدرێژایی مێژووە درێژەکەی وەدەستی هێناوە.

بەمانایەکی وردتر، راگەیاندن و پرۆسەکانی وایان لێهات رۆڵێکی ناوەندی بگێڕن لە سەرلەنوێ پێکهێنانەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و، شێوازەکانی رەفتار و، بونیاتی مەعریفی بۆ تاك و کۆمەڵەکان وەکو یەك. لەوەش زیاتر، بووە زۆرترین هۆکار (ئامراز)ی فشاربەر لەسەر کۆمەڵگەکان بۆ پاڵنانی بە ئاراستەی ئەوەی گۆڕانی مرۆڤ بە تاك بێ یان بە کۆمەڵ بەپێی نموونەی کۆمەڵایەتی ئامانجدار وەدی بهێنێ. ئەم نموونەیە زیاتر لەو پەیامانە رەنگ دەداتەوە کە سەرجەم تۆڕەکانی راگەیاندنی رۆژئاوا ئاراستەی دەکات، بەمەبەستی چاندنی چەمکەکانی هەڵبژاردنی کەسیی و رەچەی



تاکایەتی و، بزربوونی وەکیەکی کۆمەڵایەتی و، تەرکیزکردن لەسەر گرنگی و پێویستی فرەیی وەك پاساوێك بۆ دەرەنجامی پەیڕەوکردنەکەی.

رۆڵی راگەیاندن لەگەڵ گەشە و فراوانبوونی گەشەی میدیایی و، تەکنیکی گەیاندنەکان و، پیشەسازی کلتووری یان ئەوەی بونیاتی ژێرخانی راگەیاندنی گشتگیر ناسراوە، مەزن دەبێ. ئەم بونیاتە کە هەموو بوارەکانی چالاکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کلتووری دەبەزێنێ، سێ کەرتی سەرەکی لەخۆدەگرێ: گەیاندنەکان، ئامرازەکانی راگەیاندن، ژمێریارە ئەلیکترۆنییەکان.

**بەپێی ئامارەکانی ساڵی ١٩٩٧ لەجیهاندا ئەمانە هەیە:**

- ١,٢٨ ملیار ئامێری تەلەفزیۆن.
- ٦٩٠ ملیۆن هاوبەش لە تۆڕەکانی تەلەفۆن و، ٨٠ ملیۆن هاوبەش لە مۆبایل.
- ٢٠٠ ملیۆن کۆمپیوتەر، ٣٠ ملیۆن بەستراو بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.
- ٦٠٠ ملیۆن ژمارەی هاوبەشەکانی ئینتەرنێت لەساڵی ٢٠٠١.

**(بێگومان ئەم ژمارانە ئێستا زۆر زیادیان کردووە -وەرگێڕ-)**

## ٥/٧ ئەرکەکانی راگەیاندن:

ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر قەبارەی پرۆسەی گەیاندن و ئەو رۆڵەی پێی سپێربەخشراوە هات، راستەوخۆ بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕی بەرهەمهێنان و پەخش و وێنەگرتنەوە دەگەیەنرێت و، هەموویان پەیوەندییان بە بەکارهێنانی شێوازگەلی تازە بە پەیڕەوکردنی هەژموونە سیاسییەکەوە هەیە. لەبەرئەمە ئەرکەکانی راگەیاندن و ئامرازەکانی لەوانەی پێشوو جیاوازن و، بەشێوەیەکی سەرەکی تەرکیز لەسەر ئامادەباشکردنی کەشوهەوا و باوەڕهێنانەکان و گەڵاڵەکردنی هەستی بەکاربەرانی بابەتە میدیاییەکە دەکەن، بەوەی ئەوان سەر

بە یەك ژینگەی سیاسی نێودەوڵەتین. ئەمەش لەبەرامبەردا پاساوەکانی ئاراستەکانی راگەیاندنی وڵاتان، یان ژینگە وەبەرکەوتووەکان بۆ ئەو جۆرە هەڵمەتانە لێك دەداتەوە، لە بەرەنگاربوونەوەی دەسەڵاتخوازی و بەرگری لە مافەکانی مرۆڤی تێکشکاو: لە تەبەنیکردنی کلتوورەکەی لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە و، لە دابینکردنی مافەکانی لەڕووی سیاسییەوە و، لە دابینکردنی سەربەخۆییەکەی لەڕووی نیشتمانییەوە.

واتە فراوانبوونی هەژموونی میدیایی، واقیعێکی نوێی هێنایە کایەوە کە پێویست بە بایەخدانی وڵاتان و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بکات، هەروەها چەندین کێشە بورووژێنێ و بابەتگەلی زۆر و پرسیارگەل لەم بوارانەدا بخاتەڕوو:

أ- بابەتی کۆنترۆڵکردن: ئەو هێزەی کە کۆنترۆڵکەر هەیەتی چیتر مەرجی بنەڕەتی نییە بۆ بابەتی کۆنترۆڵکردن، بەڵکو بۆ یەکێك لە ئاڵۆزترین و سەختترین گرفتەکان گۆڕاوە. بابەتی کۆنترۆڵکردن، پێویست بە هەبوونی توانای کۆنترۆڵکردنی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی هەیە و، لە زۆرێی هەڵقووڵانی پەشێوانەی کەرەستە و پرۆگرامسازییەکان لەچوارچێوەی زانیاری و گەیاندندا، بەتایبەتی گەیاندنی بینراو و بیستراو. هەروەها سیاسەت و بنەماکانی کۆنترۆڵکردن. چیتر ئاسان نییە -بۆنموونە- راستکردنەوەی پرۆگرام و پلانە گەشەپێدانە رێکخراو و بە کەڵکەکان، ئەگەر هەڵوێستی نێودەوڵەتی و، دەستوەردانی بەزۆر بەیارمەتی دامەزراوەکان وەك بانکی نێودەوڵەتی و، رێکخراوی بازرگانی جیهانی ... هتد رەچاو نەکرێت.

**ب-** فراوانبوونی تۆڕەکانی زانیاری و گەیاندن، دوای ئاخنینی بەکارهێنانی لیمفە بینینیەکان و شەپۆلی پان، کە توانایەکی گەورەیان هەیە بۆ بەزاندنی بوارەکانی گەیاندن و خنکاندنی بە وێنە و، هێما و داتاکان، ئەوەی کە بەهۆیەوە فشۆڵیی سیستەمە نیشتمانی و ناوخۆییەکان زیاد دەبێ و، پەشێوی لەنێو ریزەکانیدا دروست دەبێ. بۆیە هەر کەموکوڕییەك، لەهەر ئاستێك لە ئاستەکانی پرۆسەی میدیایی رووبدات، مەترسییەکی گەورە و رەنگدانەوەی خراپی یەك لەدوای یەکی دەبێ لە



ئیفلیجکردن و لەکارخستنی -لەڕێگەی کۆنترۆڵی لەدوورەوە- سیستەمە گەیاندنی و زانیارییەکانی هەرێمیی و نیشتمانیی، نموونەی ئەمە وەك کۆنترۆڵکردنی تۆڕی ئاسمانی یان تەکنیکی لیمفە بینینییەکان و هاوشێوە گواستنەوەییەکان.

**ج-** گەشەسەندنی تۆڕەکانی زانیاری و تۆڕەکانی گەیاندن و پێکەوەبەستنی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە بەزاندنی سنووری جوگرافی، سیاسی، کلتووری و تێپەڕاندنی بەئاسانی توانامەندی کرد و، بونیاتی تەکنیکی پێشکەوتوو (مانگە دەستکردەکان، لیمفە بینینیەکان، تۆڕەکانی زانیاری) توانایەکی فراوانی ئامادەباش کرد بۆ رووداني هەر بەزاندنێك و، ئاسۆگەلی نوێی بێ سنووری بۆ گەیاندن بەگشتی و راگەیاندن بەتایبەت والا کرد. ئەمەش وای خواست کە چاوخشاندنەوە بە چەمکی سەروەریتی نیشتمانی و نەتەوەییدا بکرێ، کە لەهەر کاتێکدا ئەگەری چوونە ژێر کاریگەری فراوانبوونی بازنەی راگەیاندن بەجیهانیدا هەیە. بەمەبەستی هەڵوەستەکردن لەسەر دروستی رێڕەو و ئاراستەکانی پرۆسەی میدیایی وەك لە نەبوونی، پێویستە گریمانە سەرەکییەکان تاقی بکەینەوە کە دەکرێ لەروانگەی ئاراستە سەرەکییەکانی تەکنەلۆژیای گەیاندن تازە بکرێتەوە، لەچوارچێوەی ئەو گۆڕانانەی کە لەمەیدانی راگەیاندن و شۆڕشی هاوچەرخی زانیاریدا روودەدات بەئاراستەی گۆڕانی:

**١- لە راگەیاندنەوە بۆ گەیاندن.**
**٢- لە پەناگیرییەوە بۆ پێکەوەنووسان.**
**٣- لە پێکەوەبەستن بۆ لێکهەڵوەشانی رێکخراوەیی.**
**٤- لە کۆنترۆڵی نێرەرەوە بۆ سەرپشکیی وەرگر.**
**٥- لەشێوەیەك لە بەرنامەگەلی گشتی، بۆ پسپۆڕیتی زیاتر.**
**٦- لە جێگرتنی گشتی بۆ پێکەوەنووسان بەرەو ماڵ.**
**٧- بەرەو لە ئامێرە گواستراوەکانی زانیاری زیاتر.**
**٨- بەرەو بەکارهێنانی ئینتەرنێت وەك نێوەندێکی میدیایی.**

ئەگەر دوا خاڵ ڕەچاو بکەین، واتە ئینتەرنێت، ئەوا بێگومان تەنیا تۆڕێکی زانیاری نییە، بەڵکو بۆتە نێوەندێکی گشتی و ناوەندیی بۆ پرۆسەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن و، ناوەڕۆکی هەموو ئەو خاڵانە بەشێوەیەکی یەکسان دەردەبڕێ. واتە توانی هەموو سەرچاوەی نێوەندەکان لە ڕۆژنامەگەری و، ئیزگە و تەلەفزیۆن و، گەیاندن و، فاکسەکان و، ئاڵوگۆڕی داتا و زانیارییەکان لەخۆبگرێ، ئەمە سەرەڕای خزمەتگوزارییە تاکی و کۆمەڵییەکانی گەیاندن، لە کۆنگرە و سیمینار و پێشانگەکان ... هتد. تەنانەت لەوەش زیاتر، هەموو ئەو نێوەندانە لەباری ڕکابەرییەکی گەرمدان بۆئەوەی لەسەر ئینتەرنێت پێگەیەك بۆ خۆیان بگرن. لەکاتێکدا کە تەلەفزیۆن جێی چاوتێبڕینی پەیوەندیداران بە ڕاگەیاندن بوو لە ئیحتیواکردنی بۆ ئیزگەی بیستراو (ڕادیۆ)، ئەوا مەزنێتی و بەهای ئینتەرنێت ئێستا خۆی لە ئیحتیواکردنی بۆ سەرجەم نێوەندەکانی ڕاگەیاندن و گەیاندن و ڕێگەکانی گەڕان بەدوای داتا و زانیارییەکاندا دەبینێتەوە. ئەمەش بەشێوەیەکیتر، بونیاتی سەرەکی بۆ جیهانگیرێتی میدیا و گەیاندنی جیهانیی و تەکنیکە ئەلیکترۆنییەکان پێکدەهێنێ.

بەدواداچوونی ڕاگەیاندن و پرۆسەکانی بە ڕوونییەوە دووپاتی دەکاتەوە، کە ڕاگەیاندن لە چوارچێوەی مێژوویی پێ سپێردراودا دەرنەچووە، وەك ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتیتر لەچوارچێوەی جموجۆڵی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵایەتی و مەرجە بابەتییەکان کە کۆنترۆڵی ئەو جموجۆڵە دەکات و، بەشێوەیەکی تایبەتی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و فۆرمەکانی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی واتە بەروونییەکی زیاتر، وەك گوێڕایەڵی ڕاگەیاندن و پرۆسەکانی بۆ داواکارییەکانی مەرجی کۆمەڵایەتی لە: ١- کارلێککردن. ٢- دەربڕین لەبارەی ئاراستەکان. ٣- داڕشتنی ناوەڕۆکی مەعریفی و کلتووری. ٤- ڕێکخستنی پەیوەندییەکان بۆ پاڵپشتی شێوەکانی دەربڕین لەبارەی بونیاتی کۆمەڵایەتی و، شێوەکانی ڕێکخستنی لەسەر سەرجەم ئاستەکاندا.



لەبەرئەوە توێژەری میدیایی بە ناسینی میکانیزمی کاری میدیایی پەیوەندیدارەو ئەرکەکانی، لەڕێگەی قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵایەتی و، ئەو ئەرکانەی کە ڕایدەپەڕێنێ، هەروەك ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانیتر و، وەك دەربڕینێك لەبارەی سروشتی بونیاتی کۆمەڵایەتی لەلایەکەوە و، ئەرکەکانی ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکانیتر لەلایەکیترەوە، (نموونە لەمبارەیەوە: ناوەڕۆکی کلتووری و، ناوەڕۆکی ئایدۆلۆژی)ە و، بە وردییەکی زیاتر، شیکردنەوەی میکانیزمەکانی کاری میدیایی لە هەردوو قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی زانیاری هاوچەرخ، سروشتی ئەو یاسایە دەردەخات کە کۆنترۆڵی پرۆسە میدیاییەکە دەکات و ئەرکە ئایندەییەکانی دیاری دەکات، لەپاشان فۆرمەکانی کاری میدیایی و، ناوەڕۆکی ئەرکە پێ سپێربەخشراوە قۆناغەییەکانی دیاری دەکات.

بەواتایەکیتر، شیکردنەوەی میکانیزمی کاری میدیایی، پێویستی زۆری بە زانینی ئەو مەرجە مێژوویانەمان پیشان دەدات، کە سیماکانی ڕەوتی گەشەسەندنی ڕاگەیاندنی لەمیانەی سێ سەدەی ڕابردوودا کێشاوە، کاری میدیایی لەوە دەرچوو کە کاری کلاسیکی یان دووبارەبوو بێ، بەڵام شوێنکەوتوویی بونیاتیی لەنێوان ڕاگەیاندن و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان، تەنیا لەسەر چالاکییە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگە کاریگەر نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەو ڕێگەیەی کە کۆمەڵگە بەگشتی و ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی کلتوور کاریگەریش بوو، کە ڕاگەیاندنی لەژیانی ڕۆژانەماندا تەوزیفکرد. ڕاگەیاندن لەگەڵ ناوەڕۆکی گرنگترین ئەو پێکهاتە حەتمییانەی بونیاتی کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەبێ، کە مەحاڵە بۆ کۆمەڵگەی هاوچەرخ بەبێ ئەو یان بەزاندنی بەردەوام بێ. لەپاشان پەیڕەوکردنی ڕاگەیاندن و چالاکییەکانی لەچوارچێوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکەی کارلێکی نێوان تاکەکان، کۆمەڵەکان، یاخود بەردەوامی پەیوەندی نێوان ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجام نەدەدرا.

## میکانیزمی کاری میدیایی و شۆڕشی پیشەسازی:

بەداڕشتنێکیتر، وردبوونەوە لەو ماوە مێژووییانەی کە لەدایکبوونی راگەیاندن و پەرەسەندنەکەی بەخۆوەی بینی، دەبینین راگەیاندن لەڕووی ناوەرۆك و، پرۆسە و، تەکنیکەوە دەچێتە ژێر باری چوارچێوەیەکی یاسایی گشتییەوە، کە لەگەڵ مەرج و چوارچێوەی شێوازی سیستەمی سەرمایەداری دەگونجێ، بەوپێیەی یەکێکە لە گرنگترین بەرهەمی خودی سیستەمەکە، لە رووبەڕووبوونەوەی هێزە کۆمەڵایەتییە بەرهەڵستکارەکانی و، پاڵپشتی دامەزراوەکانی، هەروەها پاساوهێنانەوە بۆ رەوایەتی قۆستنەوەی و بەردەوامێتییەکەی. بەپێی ئەم چوارچێوە مێژووییە دەکرێ یاسای گشتی (گریمانەکان)ی کاری میدیایی، بەدرێژایی سێ سەدەی رابردوو لە تەمەنی شۆڕشی پیشەسازی، بەم پێیەی خوارەوە دابڕێژینەوە:



نموونەی ١: ئەم شێوەیە گریمانەی چوارچێوەی کاری میدیایی مێژوویی لە شۆڕشی پیشەسازی دەردەخات:

بونیاتی میدیایی ← چینایەتی – هۆزایەتی → تەرکیزی سیستەم و ئایدۆلۆژییەتەکەی

ئەرکەکانی راگەیاندن ← ەماوەری مرۆڤ و کۆمەڵگە → پاڵپشتی سیستەم و پرۆگرامەکەی

یاسای پەیوەندیدار بەدەنگ ئەم داواکارییانەوە دێ:

١- پەرەپێدانی مرۆیی کە خۆی لە هێزە بەرهەمهاتووەکان دەبەستێ، بۆ بەڕێوەبردنی کارگە سەرمایەدارییەکان.

٢- پەرەپێدانی هێزە هزری و کلتوورییەکان وەك پایەکانی سیستەمی سەرمایەداری لە رووبەڕووبوونەوە و پالاوتنی هێزە بەرهەڵستکارەکانی.

٣- هاندانی هێزە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پەسەندکردنی تێزەکانی سیستەمی سەرمایەداری سیاسی و ئابووری و، ئایدۆلۆژییەتەکەی لەچوارچێوە گشتییەکەیدا.

سیستەم (دەوڵەت)ی سەرمایەداری توانی دەسەلاتی بەسەر ئامرازەکانی راگەیاندن و پرۆسەکانیدا توند بکات، بەشێوەیەکی راستەوخۆ بەیارمەتی خاوەندارێتی تایبەتی، یان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی یاسادانان و یاسا و ئامێرەکانی چاودێرییەوە Cencerships کە کۆنترۆڵی دەکات و، سەرەڕای ئەو هەولانەی کە بۆ پەرەپێدانی راگەیاندن لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر و ئاراستەکردنی دران، کەچی سیستەمی سەرمایەداری توانی راگەیاندن بەکاربێنێ لە خولقاندنی مرۆڤی مارکوسی شێواوی تاك رەهەندو، گونجانی لەگەڵ شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بەدرێژایی مێژوو کە پێش شۆڕشی زانیاری هاوچەرخ کەوت، وەك چۆن مرۆڤ بە شوێن و کاتەوە مەحکوم بوو، راگەیاندنیش بەهەمان مەرجەوە مەحکوم بوو.

رۆژنامەوانی نەیتوانی سنوور ببەزێنێ مەگەر بە پرس پێکردن نەبێ و، پەخشی بینراو مەحکوم بوو بەو توانا تەکنیکییەی کە پشت بە پەخشی هاوتایی دەبەستێ و،

ئیزگەی بیستراو مەحکومە بە بواری شەپۆل کە یەکێتی نێودەوڵەتی بۆ گەیاندنەکان دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە. سەرەڕای تەکنیکەکانی وژەوژ (تشویش) و شتیتر بۆ قەدەغەکردنی ئاڵوگۆڕی پەیامی میدیایی. هەروەها خاوەنداریێتی راگەیاندن، یان بۆ دەوڵەتی ئۆتۆکراتی و چینایەتی یاخود بۆ کەرتی تایبەت دەبێ. لەپاشان راگەیاندن هەر بە جێکردنی هێزایەتی دەوڵەت و چینایەتی سەرمایەداری مایەوە، لەبەرئەوە سەرجەم حکوومەتەکان، راگەیاندن بۆ مەبەستی پڕوپاگەندە، هەروەها بۆ هەرمێنکردنی سیاسەتەکانیان و، توندوتۆڵکردنی هەژموونەکەیان بەکاردەهێنن، وەکچۆن سەرمایە کار بۆ سوودوەرگرتن لە تەکنیکی رێکلامی دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی بەکاربەرانی نوێ لەرێگەی دروستکردنی کلتوورێکی یەکگرتوو، چەشنکراو، هەموو شتێك ئەگەری فرۆشتنی هەیە.

بەواتایەکیتر، ئەو کلتوورەی کە راگەیاندن خولقاندی، بەپێی دەربڕینی مارکوز کلتووری مرۆڤی تاك رەهەندییە، نائامادەیە، هەستی رەخنەگرانەی نییە، پێویستییە راستی و درۆیینەکان تێکەڵ دەکات، هەموو شتێك لەلایدا ئەگەری بە (شت) کردنی هەیە. بەم جۆرە رەهەندی گەیاندنیی بووە رەهەندی نوێ، هەروەك بە نوێگەری ناوبرا، کە مەبەست لێی هۆشیارییەکی تازە بۆ سەرمایەداری هەیە کە لەسەر سێ پایە وەستاوە: کەڵەکەبوون، بەکاربردن و مۆدە، لەپێناو بەڕێوەبردنی ئارەزوو و پێویستییەکانی مرۆڤ. کێشەکە وەك زانراوە لە کۆمەڵگە سەرمایەدارییەکان هەمیشە لەبارەی چۆنێتی خێراکردنی بەکاربردن تەرکیز دەکرێت، کە پێویستی پێی نییە، یاخود بڵێین تێرە. بۆیە دەبێ کار بکرێ بۆ تێکدانی ئەو شتانەی کە کربەخشراوە و ئەم پرۆسەی تێکدانە دەبێ لە هزر و هۆشیاری مرۆڤەوە دەست پێ بکات (لە مانابەخشینی شتەکاندا) و، نامۆ نییە ئەگەر ئەم ئەرکە بە راگەیاندن بسپێردرێ، چونکە توانامەندترە بۆ گەیشتن بە گرۆکار (کتلە)ەکانی جەماوەرێکی یەکگرتوو و چەشنکراو کە سیستەمی سەرمایەداری بەیارمەتی بەرهەمە کلتووری و زانیارییەکانی توانی دای بڕێژێتەوە.



پێویستە دان بەوەدا بنێین، ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژین بمانەوێ یان نا -لە سەرەتای سەدەی شانزەیەمەوە- وردە وردە لەناوەرۆکدا مۆرکی سەرمایەداری وەرگرتووە. دواتر پێویستە شیکردنەوە زانستییەکەی لە ئەم زانینەوە سەرچاوە بگرێ. گومانی تێدا نییە کە راگەیاندن پێشتر و ئێستا، بۆ بەستنەوەی جەماوەر بە دامەزراوەکانی خودی سیستەمی سەرمایەداری و بەتایبەتی کلتووری و میدیایی گرنگترین پردن، تا ئاستێك کە راگەیاندن بۆتە سەرچاوەیەکی نیمچە تەنها بۆ زانیاری و بیرۆکە و، دواتر پەیوەندییەکان.

بەهەرحاڵ، لۆژیك و رێڕەوی گەشەسەندنی مێژوویی بۆ میدیا و ئەرکەکانی روونترین رێڕەوەکان سەبارەت بە توێژەران دەنوێنن، وەك لەو رێڕەوە سەرەکییانەی کە شارستانی شەپۆلی دووەم وەك پیشەسازی و ئابووری پێی دەناسرا. لەکاتێکدا کارگە و پرۆسە ئابوورییەکان لەچەندین شوێن لەجیهاندا کەوتنە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی بیرۆکراتی، لەئاکامی سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لەساڵی ١٩١٧ و، سەرکەوتنی هاوپەیمانان لە شەڕی دووەمی جیهانی لەساڵی ١٩٤٥. راگەیاندن و ئامرازەکانی، بە تەنیا دامەزراوەی دوور لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵایەتی مایەوە، تەنانەت لەوەش زیاتر لەژێر دەسەڵاتی ئایدۆلۆژی راستەوخۆ مایەوە. وەك چۆن راگەیاندن لە رۆژئاوادا لەژێر کۆنترۆڵی سەرمایەدا دەناڵێنێ، هەروەها لە ولاتانی سۆسیالیتی پێشوو لەژێر کۆنترۆڵی بەڕێوەبردنی بیرۆکراتی ناوەندی دەیناڵاند، زۆرجار لەژێر کۆنترۆڵی تاکڕەوانەدا بوو وەك لە قۆناغی ستالینیدا.

بەدەربڕینێکیتر، یاسای (هێزایەتی - چینایەتی)ی راگەیاندن بەرامبەر جەماوەرێکی لاساییکەرەوە و ئامادەکراو بۆ خزمەتی ئامانجی دەستەیی دیاریکراو هەر بە باوی مایەوە، کە هێشتا شوێنەوارەکەی لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا تا دەرکەوتنی پێشەکییەکانی شۆڕشی هاوچەرخی زانستی باوە. لەگەڵ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، لەتوانای راگەیاندندا نەبوو لۆژیکی سیستەمی سەرمایەداری ببەزێنێ، لە چۆنێتی بەکارهێنانی خودی راگەیاندن بۆ خزمەتی

ئامانجەکانی و، سەرەڕای هەندێ باری ئیستیسنایی و، دیمەنی پەشێوی و ناسیستەمی کە وا دیارە فۆرمێکی پێوە گرێدراو بۆ سروشتی دامەزراوە میدیاییەکان و چالاکییەکانیان بێ. ئەوا راگەیاندنی شۆڕشی پیشەسازی -وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا- توانی بەخێرایی لەرووی مەیدانییەوە لەگەڵ شێوازی بەکۆمەڵ وەبەرهانینی بەرفراوان خۆی بگونجێنێ.



## میکانیزمی کاری میدیایی و شۆڕشی هاوچەرخی زانیاری:

وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێدا، راگەیاندنی شۆڕشی پیشەسازی توانی بەخێرایی لەگەڵ بەرهەمهێنانی بەکۆمەڵیی فراوان Mass Priduction خۆی بگونجێنێ. سەرەڕای مەرج و پێداویستییەکانی ئامادەباشکردنی ئەو رێکخستنە کۆمەڵایەتییانەی کە ئەو شۆڕشە لە پەرەپێدانی کۆمەڵیی و جەماوەری بۆ کۆکردنەوەیان لە کارگە گەورەکان خولقاندی و، بەشداریکردن لە کۆکردنەوەی هێزی کار لە شارە گەورەکاندا و، ئامادەکردنی بۆ خزمەتکردنی پرۆسەکانی کۆمەڵیی سەرمایەداری، هەروەها راگەیاندن خزمەتگوزاری فراوانی پێشکەش کرد بۆ هەرمێنکردن بەیارمەتی رێکلامکردن بۆ نموونەکانی بەکاربردن و بازرگانیکردن بە شتەکان و، دابەشکردنی بەرهەمە نوێیەکان و، بازاڕ بۆ پەیداکردن بۆ نموونەی سەرمایەداری و تەکنیکەکانی، بەوپێیەی هەرسکراوی راستەقینەیە بۆ داهاتووی کۆمەڵگە مرۆییەکان. لەگەڵ زیرەککردنی پاڵنەرە داگیرکارییەکان لە داگیرکردنی ناوچەی نوێ و قۆستنەوەی داهات و سامانەکەی، بەوپێیەی راگەیاندن یەکێکە لە پێکهێنەرەکانی زانین، هەر بە پایەیەکی گرنگی سێگۆشەی دەسەڵاتی داگیرکاری لەپاڵ هێز و ساماندا مایەوە. کەناڵەکانی گەیاندن کە خۆی لە کێبڵ لەژێر دەریاکاندا دەبینێتەوە، لەگەڵ درێژبوونەوەی جموجوڵی سوپاکان و هێڵی رێڕۆیشتنیان پەلی دەهاوێشت و، ئیزگەی بیستراوی بەکارهێنا لەکاتی دەرکەوتنی لە پرۆسەکانی پڕوپاگەندە و ئاراستەکردندا و، هاندان بۆ خزمەتی ئیمپریالی سەرمایەداری کە ناوچەیەکی جوگرافی نەهێشتۆتەوە رووی تێ نەکردبێ و، سەرچاوەیەکی سروشتی جێ نەهێشتووە و بەکاری نەهێنابێ لە بەرژەوەندی خۆی و پیشەسازییەکەی، هەر لە سامانە سروشتییەکانەوە تا دەگاتە مرۆڤ.

بەڵام ئەو ئەرك و رۆڵانەی کە ئەو راگەیاندنە نواندی، چیتر لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکان لە بونیاتی ناوەرۆکی مەعریفی هەروەها بونیاتی تەکنیکیدا نەدەگونجا. لەبەرئەوە لەگەڵ دەستپێکی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ناوەرۆکی ئەو یاسا گشتییە و لۆژیکەکەی کە چوارچێوەی پرۆسەی میدیایی و بونیاتەکەی بەدرێژایی سێ سەدەی رابردوو، بەپێی مەرجە پێویستییەکانی بونیاتی سیستەمی جیهانگیری و ئایدۆلۆژییەتەکەی رێڕەوێکیتری گرتەبەر، ئەم قۆناغە خۆی لەمەدا بینییەوە:

١- هەڵوەشاندنەوە و دارِزاندنی دامەزراوە نەتەوەییەکان لەسەر ئاستی بەرهەمهێنان.

٢- سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی دامەزراوە بەرهەمهێنانە پەیوەندیدارەکان، لەسەر بنەماگەلی نوێ بەپێی مەرجەکانی سیستەمی جیهانگیری و بونیاتەکەی، کە خۆی لە نەهێشتنی دەسەڵات و هەژموونی تۆڕەکانی راگەیاندنی نەتەوەیی، لە بەرژەوەندی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەبینێتەوە.

بەدەربڕینێکی دیاریکراوتر، گەورەکردنی رۆڵی پرۆسە میدیاییە ناوەندییەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی، بۆ بەرژەوەندی ئاڵوگۆڕی ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکە و، پرۆسە میدیاییەکان، لەرێگەی پێکەوەنووسانی دامەزراوەکان و تۆڕە پەیوەندیدارەکان یاخود بە رێگەی هەژموونی تەکنیکی هاوچەرخ، وەك ئەوەی لە تۆڕی لیمفە بینینییەکان یان تۆڕی مانگە دەستکردەکان بۆ گەیاندن یان تۆڕەکانی زانیاری جیهانی لەپێشەوەیان تۆڕی وێب Web خۆی دەبینێتەوە. بە بێ دەستلێدان لە سروشتی خاوەندارێتی یان بەڕێوەبردنی دامەزراوە لاوەکییەکان، لە چوارچێوەی هەژموونی نوێی سەرجەم پرۆسە میدیاییەکان و، گرەنتی ئەوەی لەگەڵ پێداویستییە نوێیەکانی سیستەمی جیهانگیری و مەرجەکانی بگونجێ.



نموونەی ٢:

بونیاتی میدیایی ← ناوەندێتی قۆرخکاری ← پەرەپێدانی بنەمای سیستەم و ئیحتیواکردنی جیهانگیری

ئەرکەکانی راگەیاندن ← دەستەیی جەماوەر و کۆمەڵگە ← نەهێشتنی جوگرافیا و ئاڵوگۆڕی پەیامی میدیایی

لەو ماوەیەدا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لەپاڵ تۆڕە سەرەکییەکانی NBA, ABC, CBS کە پرۆسەی میدیایان قۆرخ کردووە، ٧٢ تۆڕی نەتەوەیی جیاواز لەڕووی جۆرەوە پەیدابوون، لەپاشان ئەم ژمارەیە چەندین جار چەند هێندە دووبارە بووەوە. تەلەفزیۆنی کێبڵی لە پەیدابوونی کۆمەڵەیەك لە تۆڕەکان بۆ خزمەتی بازاڕە بچووکەکان لەوکاتەدا یارمەتیدەر یان رێخۆشکەر بوو، وەك تۆڕێك بۆ کۆمیدیا و یەکێکیتر بۆ هەواڵەکانی کاری بازرگانی و بەکاربەران و، تۆڕێك بۆ رۆمانە خەیاڵییە زانستییەکان و، تۆڕێك بۆ پەخشی پرۆگرامەکان بۆ وەرزەکانی خوێندن، سەرەڕای تۆڕی هەمەکی تەلەفزیۆنی نەتەوەیی، کە مانگی دەستکرد بەکاردەهێنێ. دیاردەی گەشەسەندنی تەکنیکی و، بڵاوبوونەوەی تۆڕە میدیاییەکان و، جۆراوجۆربوونی پرۆسە میدیاییەکان، تەنیا لەسەر بونیاتی راگەیاندنی ئەمەریکی کورت نەبووەوە، بەڵکو ئەو دیاردەیە راگەیاندنی ئەورووپی و دواتر راگەیاندنی ولاتانیتریشی گرتەوە. لەساڵانی هەشتاکاندا زیاتر لە ٥٠ وێستگە بۆ پەخشی تەلەفزیۆنی بە یارمەتی مانگە دەستکردەکان لە ئەورووپا پەیدابوون، هەروەها سەرجەم تۆڕە ئەورووپییەکان دەستیان بە پلاندانان کرد بۆئەوەی تواناکانی خۆیان پێشبخەن و کەناڵەکانی زۆرتر بکەن.

بەم جۆرە تۆڕی BBC بەریتانی دەستی بە رکابەری کات کرد بۆ گەیشتن بە پێشکەوتنی تەکنیکی لەلایەکەوە و، رووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی کەناڵە تایبەتییەکان کە لەو کاتە لە بەریتانیا دەستیان بە کارکردن کرد، وەك Sky Television کە لەوکاتەدا شەش خزمەتگوزاری پێشکەشکرد لەلایەکیترەوە و، لەتوانای

بەریتانییەکاندا هەبوو کە خۆیان لە قۆرخی BBC و پەخشی بینراو رزگار بکەن، کە تەنیا لەسەر سێ کەناڵ کورت بووەوە و، لەساڵی ١٩٨٢ بوونە خاوەن کەناڵی چوارەم و، هەڵبژاردن لەنێوان دەیان ئەگەر نەڵێین سەدان کەناڵی ئاسمانی کە لەچەندین پێگەی ئەوروپییەوە راستەوخۆ پەخش دەکرێن، یان بەرێگەی کێبڵەوە، کە لەئاکامی فراوانبوونی بەکارهێنانی لیمفە بینینییەکان زۆر باش بوو.

هەروەها حکومەتی فەرەنسا ناچار بوو قۆرخکردنی پرۆسە میدیاییەکان کۆتایی پێ بێنێ و بەتایبەتی بینراو، ئەم هەنگاوە بووە مایەی دروستبوونی کەناڵی پێنجەم لەساڵی ١٩٨٦دا و، هەر زوو فەرەنسا بووە دارستانێکی پڕ لە کەناڵی بینراو. لەوکاتەدا ژمارەی تۆڕەکان لە ٣ بۆ ٦ تۆڕ زیادی کرد، چواریان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوە دەبرا. لەپاشان هەڵقوولانی پەخشی بینراو وایکرد ئاسمانی فەرەنسا بەو کەناڵانە داپۆشێ کە لەناوەوەو دەرەوەی فەرەنسا پەخشی دەکرد، لۆکسمبۆرگ، سویسرا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، نەمسا ... هتد.

هەروەها دەستەکانی راگەیاندنی حکوومی لە ئیتاڵیا رووبەرووی هەمان کێشە بوونەوەو، دەستەی تەلەفزیۆنی RAI ئیتاڵی بە چوار تۆڕی میدیایی لەو کاتەدا خۆی بە گەمارۆدراو بینی. هەر زوو ژمارەی کەناڵە بینراوەکان لەساڵی ١٩٩٠ بۆ زیاتر لە ٣٠ کەناڵ زیادی کرد، لەپاشان لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم بۆ ٢٥٠ کەناڵی تەلەفزیۆنی و، ئەو ژمارانە زۆر ئاسایی بوونەوە، بە بەراورد لەگەڵ ژمارەکانی ئێستا لەڕووی ژمارەی کەناڵە بینراوەکان، کە لە ئەوروپا یان جیهاندا پەخش دەکرێن.

هەروەها ئەڵمانیا ناچار بوو بەهەمان ئاراستەدا بڕوات. لەوکاتەدا دوو کەناڵی بازرگانی دامەزراند، هەروەها رێگەی دا بە تۆڕەکانی پەخشکردن بە یارمەتی کێبڵ کار بکەن، لەساڵی ١٩٨٥ەوە کاتێك یەکەم کەناڵی کێبڵی لەسەر ئاوازی سیمفۆنیای جیهانی تازە پەخشی دەستپێکرد. لەپاشان تۆڕە ئەوروپی و جیهانییەکان دەستیان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ هاووڵاتی ئەڵمانی، وەکو هاووڵاتی ئەوروپی، راستتر بڵێین هاووڵاتی جیهانی کرد. وڵاتانیتر لە ئاسایشدا



نەبوون لەسایەی ئەو پێشکەوتنانەی کە پایەکانی ئەو بونیاتە میدیاییەی لەرزاند کە شۆڕشی پیشەسازی دۆزیبووەوە. بەڵکو ئەویش رووبەڕووی ئەو گەردەلوولە میدیایی و زانیارییە بێ بنەمایە بووەوە کە جیهانی پێشکەوتوو و دواکەوتووی لە یەك کاتدا گرتەوە. بەجۆرێك کاریگەرییەکانی گەیشتە ولاتانی رۆژهەڵات و ژاپۆن و، هیندستان و چین و، هەموو وڵاتانی باشوور و رۆژئاوای ئاسیا، تا دەگاتە ئوسترالیا و ناوچە دوورە دەستەکان. دەکرێ بڵێین و بەوپەڕی دڵنیاییەوە، کە تەکنیکە تازەکانی گەیاندن وەکو زەوی لەرزەیەك بوو کە پایە سەرەکییەکانی بونیاتی میدیایی کۆنی بەشێوەیەکی گشتگیر لەراندەوە، هەر لە تەکنیکە بەکارهاتووەکان و شێوازەکانی پرۆسە میدیاییەکان و رێگە بەکارهاتووەکان، تا دەگاتە خودی ئەرکەکانی میدیا.

بەدەربڕینێکیتر، پەخشی بینراو تەلدار (کێبڵی) یەکەم درزی لە دیواری یەکگرتوویی بینەر دروست کرد، کە جەماوەری فراوانی بینەر و تاڕادەیەك یەکگرتووی هەڵوەشاندەوە، بەهۆی یەکگرتوویی تۆڕە نەتەوەییە زاڵەکان بەسەر پەیامی میدیایی لەڕووی بەرهەمهێنان و دابەشکردن و ناوەرۆکەوە، هەروەها ڤیدیۆ و پەخشی راستەوخۆ لەرێگەی مانگە گەیاندنە دەستکردەکانەوە، نەك تەنیا بۆ وێستگەکان بەڵکو راستەوخۆ بۆ ماڵەکان، لەقبوونی زیادی لە بونیاتی کۆمەڵیی بینین دروستکرد. کاسێتە ڤیدیۆییەکان و فرەیی کەناڵەکان لەپاڵ پەخشی تەلدار (کێبل) رێژەی هەڵبژاردنی لای بینەر گەشە پێکرد. کە لەتوانایدا هەبوو بگاتە زیاتر لە ٥٠٠ کەناڵی بینراو بەشێوەیەکی راستەوخۆ و، ئەگەر بینەر بتوانێ تەکنیکی یارمەتیدەری پێشکەوتووی دەست بکەوێ، لەوانەیە ژمارەی ئەو کەناڵە بینراوانە زیاتر بێت کە دەتوانێ دەستی پێیان بگات.

ئەگەر هەندێ ژمارە لەبارەی گەشەی فرۆشتەنی کاسێتە ڤیدیۆییەکان لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەبەرچاو بگرین، ئەو رۆڵەی کە ئەوکاتە ڤیدیۆ بینیویەتی بۆ شکاندنی بینینی کۆمەڵیی بۆ روون دەبێتەوە. نموونە لەمبارەیەوە وەك بیل گێتس ئاماژەی پێداوە، رێژەی فرۆشتەنی کاسێتەکانی VHS لەساڵی ١٩٨٣ تەنیا ٩,٥

ملیۆن کاسێت بوو کە بەرێژەی ٥٠٪ لەساڵی پێشتر زیاتر بوو. لەساڵی ١٩٨٤دا رێژەی فرۆشتنی گەیشتە ٢٢ ملیۆن، لەپاشان لەساڵەکانی دواتر لەدوای یەك گەیشتە ٥٢ ملیۆن، ئینجا ٨٤ ملیۆن دواتر ١١٠ ملیۆن لەساڵی ١٩٨٧، کە بە کرێ گرتنی فیلمەکان بووە بەرهەمهێنترین شێوەکانی کاتبەسەربردنی ماڵیی و، ئامێری VHS لە هەموو شوێنێك دەبینرا. وەك تۆفلەر ئاماژەی پێ دەدا لەوانەیە ئەمە هۆکارەکانی هەرەسهێنانی رای کۆمەڵیی لە شێوەی شتێك لێك بداتەوە، لە مۆسیقای پۆپەوە تا کاروبارە سیاسییەکان، کۆڕایی رێکوپێك شکا و بڵاوەی کرد.

دابەشکردنی جەماوەری ئامێری بینراو بۆ گرووپ گرووپ، لەوانەیە زۆر بچووك یان تاڕادەیەك مامناوەند بێ، بۆتە ئامانجێکی ناوەندی بۆ ئامرازەکانی راگەیاندن و، لێرەوە جۆرایەتی وردە وردە لەلای خۆیەوە لە پەرتەوازەبوونی کلتووری زیاد کرد، واتە بونیاتنانی کلتوورە جیاوازەکان، یان راستتر چەقدابەستوو لەبارەی بابەتگەلی دیاریکراو.

بەواتایەکیتر، لەدەستدانی ویەکچوونی کلتووری کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگە نەتەوەییەکانی بەدرێژایی مێژووە کۆن و تازەکەی جیا کردۆتەوە و، شتێك نەما ناوی راگەیاندنی جەماوەری بێ، بەڵکو وێنەی راگەیاندنی دەستەیی روونتر دەرکەوت، لەئاکامی پەخشی راستەوخۆ لەرێگەی شەلە ئاسمانییەکانەوە و، تواناکانی هەڵبژاردن لەبەردەم بینەردا زۆر بووە، بەهۆی ئامێری کارلێکی و بەهۆی کەناڵە تایبەتمەندەکان لە چوارچێوەی وێستگە ناوەندییەکان وەك کەناڵە وەرزشییەکان، یان فیلمەکان، یاخود مۆزیك و گۆرانی، یان زانستەکان ... هتد. لێرەوە زەحمەتە ئێستا گریمانەی تیۆرەکانی گەیاندن تەبەنی بکەین، ئەوەی کە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردە تازە میدیاییەکاندا هەلی بۆ نەڕەخساوە.

بەدەربڕینێکی وردتر، راگەیاندن لەنێوان بەجێگەیاندنی پەیامەکەی و لەنێوان فشارەکانی رێکلام و خۆ لێ دوورگرتنی لێکترازاوە. هەروەها لەنێوان جێبەجێکردنی خواستەکانی دەسەڵات و، لەنێوان تەبەنیکردنی داخوازییە خۆسەپێنەکان لەسەریان سەری سوڕماوە، هەروەها لەنێوان پێویستی بەشداریکردنەکانی لە پرۆگرامەکانی



گەشەپێدان و پێشخستندا و لەنێوان ئارەزووی زاڵبووەکانی سەری بە پاڵنانی بەرەو کاتبەسەربردن بەبێ ئاراستەکردن یان گەشەپێدانی گفتوگۆ سەری سوڕماوە. هەروەها راگەیاندن دوای ئەوەی ئامرازی یەکگرتوویی نیشتمانی و نەتەوەیی و گرەنتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە هاریکارییەکان بوو، ئەوا ئێستا وەك ئامرازی دەمارگیری و، هۆزایەتی و چالاککردنی رەچە تەسکە ناوخۆییەکان، هەروەها گەرموگوڕکردنی ململانێ رەگەزپەرستییەکان و، گەشەپێدانی ئاراستەکانی رقلێبوونەوە لای زۆر لە دەستە بەرهەڵستکارەکانی دەستەکانیتر بەکاردێ. ئەم خەسڵەتانەش ئامادەیی هەمیشەییان هەیە لە سیستەمی راگەیاندن و ئامرازەکانی لە چوارچێوەی پێشکەوتنەکانی تەکنیکە هاوچەرخەکانی زانیاری. بۆ هەر توێژەرێك زەحمەت نییە کە بۆشایی جیاکەرەوەی نێوان راستی راگەیاندن و لەنێوان خواستەکانی دامەزرێنەرانی بدۆزێتەوە و، راگەیاندن وای لێهاتووە کە پێویستی زۆری بەوە هەیە سەرلەنوێ ناوەرۆکی و، ئامرازەکانی و، پرۆسەکانی بەشێوەیەکی گشتگیر هەڵبسەنگێنرێتەوە.

راگەیاندن و تەکنیکەکانی لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانە بەشێوەیەکی ناشیرین بەکاردەهێنرێ، کە ئیمپریالییەتی نوێ ئامانجیەتی، لەبەرامبەر هەڵقوولانی فراوان لە دروشم و رووداوەکان کە بۆ کۆمەڵگە ئامانجدارەکان پەخش دەکرێن و، بەردەوام تەرکیز دەکرێتە سەری لەرێگەی بیرۆکە و، زانیارییەکان و، وێنەکان و، شێوازە تازەکانی بەهاکان کە لە دەرەوە دێن و، کۆمەڵگەکان رۆڵیان لە بەرهەمهێنان و دارشتنەوەیدا نەبووە، ئەمەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەر بوو بۆئەوەی تەنگژەی شوناس لای ئەو کۆمەڵگایانە بخولقێت. هەروەها بووە هۆی دەمارگیرییەکی توندی هۆزایەتی لە ئەفریکا و، تایفی لە هیندستان و، مەزهەبی لە پاکستان و ئەفغانستان و، نەتەوەیی تەسك لە بەلکان و، پاکتاوی نەژادیی و، رەگەزپەرستی ئیسرائیلی لە فەڵەستین.

ئەم هێزە لیبراڵی - ئیمپریالییانە تا ئاستێکی زۆر لە خولقاندنی بارودۆخێکی لەبار سەرکەوتن، بۆ کارکردنی دامەزراوە نا نەتەوەیی یاخود نا نێودەوڵەتییەکانی، بۆ بەڕێوەبردنی پرۆژە نوێیەکە کە بە جیهانگیری ناسراوە. سەرەڕای ئەوەش، هێزەکانی

سیستەمی سەرمایەداری ئەرکی تازەیان بە راگەیاندن سپارد، لەپێشەوەیان لادانی هێزی دەوڵەت و پایەکانی و تێکدانی بونیاتەکەی، لە بەرژەوەندی ئاراستە سەرمایەدارییە هاوچەرخەکان بۆئەوەی بەناوی جیهانگیرییەوە بە تەواوی زاڵبن.

بەواتایەکیتر، راگەیاندن بووە یەکێك لە گرنگترین ئامرازەکان لە رووبەڕوبوونەوەی نەتەوایەتیدا بەیارمەتی زیرەککردن و دەرخستنی داخوازییە نەژادی و، ئایینی و زمانییەکانی کۆمەڵە جیاجیاکان (لەژێر ناوی جیاجیا، مافەکانی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین)، لەگەڵ تەرکیز کردنە سەر شێوازە لێکچووەکانی ئینتیما جیاجیاکان، کە لەسەرەوەی بەهەندوەرگیراوەکانی ئینتیما بۆ دەوڵەتی نەتەوەییە. ئەم شێوازە بەم دواییە لە ئەفریکا، هەروەها لە یەکێتی سۆڤێتی پێشووش تاقی کرایەوە.

زۆربەی وڵاتانی نەتەوەیی ئەرکە سەرەکییەکەیان لەژێر پەردەی سەندووقی بانکی نێودەوڵەتیدا داوە بە دەست هێزگەلێکەوە، کە بڕیار لەسەر سیاسەتە پلان بۆ دانراوەکان و، پرۆگرامە پێشتر ئامادەکراوەکان بۆ وێنە و پێکهاتەی ئەو وڵاتانە دەدا. هێزە سەرمایەدارەکان بەکردەیی توانییان حکوومەتی وڵاتە نەتەوەییەکان لە ئەمریکای لاتینی، ئەفریکا، ئاسیا، ناوچەی عەرەبی، بۆ بەڕێوەبردنی گشتی بۆ پەیوەندییەکان بیانگۆڕن، کە لەلای خۆیەوە بووە هۆی بێ دەسەڵاتیی و لاوازیی ئەو وڵاتانە و، بەڕێوەبردنی راستەوخۆی لەلایەن ناوەندەکانی بەڕێوەبردنی سەرمایە و، پرۆسەکانی جیهانگیری لەسەر ئاستی جیهان و، حکوومەتی ئەو وڵاتانە هیچ ئارەزوویەکیان نەما جگە لە وەدەستهێنانی متمانەی ناوەندەکانی سەرمایە و بازاڕە نێودەوڵەتییەکان نەبێ و، ئەو رێکخراوانەی کە لەسەر سەرجەم ئاستەکاندا سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی رێڕەوەکانی جیهانگیری دەکەن. ئەوەی کە بۆ فریودانی خەڵك لەڕێگەی راگەیاندنەوە کار دەکات بەوەی جیهان یەکە، لەڕێگەی یەکبوونی بە گەیاندنەوە، لەکاتێکدا لەو یەکبوونانە دوور دەکەوێتەوە کە بە نەتەوە - دەوڵەت ناونرابوو، بە ئاراستەی گرووپە ئیتنی و مەزهەبییە بەشەڕهاتووەکان هەنگاو دەنێت. جیهانگیری سەبارەت بەم جیاوازییە، واتای جیهانێکی یەکگرتوو وەکو گەیاندن و ئالوویرە



داراییەکان دەگەیەنێ، لەکاتێکدا لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بەشێوەیەکی خراپتر دابەش بووە وەك لەوەی مارکسییەت لە کۆتایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم وەسفی کردبوو، کە جیهانێکە دەکرێ بە سەرمایەداری جیهانی ناو ببرێ، جیهانێك کە هەژاری و پەراوێزخستن تیایدا بۆ زۆرینەی دانیشتوانی زەوی لەزیادبووندایە، هێندەی ئەوەی کۆبوونەوەی سامان لە چەند دەستێکی کەم لە وڵاتان و، بەشێکی کەم لە تاکەکان لەو وڵاتانە لەزیادبووندایە. هێزە سەرمایەدارییەکان درکیان بەوە کرد کە رووبەڕووبوونەوەی وڵاتە نەتەوەییەکان لەوانەیە زۆر تێچوو بۆی و، پرۆژەی بەجیهانیکردن تاڕادەیەك پەك بخات، بەڵام رەچە ئیتنی و هۆزییەکان و، گردبوونەوەکانیتر، لە دوو ئاراستەوە یارمەتی ئەو هێزانە دەدات:

**یەکەم:** هێزی دەوڵەت و نەتەوایەتی لە ناوەوە بزواند و، بۆ بەڕێوەبردنی پەیوەندییە گشتییەکانی گۆڕی، نە زیاد و نە کەم.

**دووەم:** ئەو کۆمەڵە جێگرەوانەی دەوڵەتی نەتەوەیی، دەکرێ پاروویەکی بەتام بێ و لەڕووی کلتووری و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بەئاسانی قووت بدرێ.

لەگەڵ سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو، بونیاتی نوێی میدیایی بەخێراییەکی گەورە دەستی بە پێکهاتن کرد و، لە هەردوو بواری کۆمپیوتەر و ئەلیکترۆنیات یارمەتی پێشکەوتنە تەکنیکییەکانی دا، بۆئەوەی کەشێکی لەبار بۆ دامەزراندن ئامادە بکرێ و دامەزراوەگەلی نوێی میدیایی بونیات بنرێت، کە بە زۆر پێوەر لەوانەی پێشووی جیاوازە، بەڵام لەبەرامبەردا، سەرەڕای هەموو نوێکارییەك کە تەکنیکەکان، شێوازەکان، بەڕێوەبردن، پارەدان و، ئەرکەکانی گرتەوە، کەچی نەیتوانی لەژێر دەسەلات و کۆنترۆڵی سەرمایەی تایبەت و دەستەکان دەرباز بێت، ئەگەر نەڵێین ئەو کەسانەی دامەزراوە و پرۆسە میدیاییەکان بەشێوەیەکی تەواو و راستەوخۆ هەژموونی کردووە، وەك تید تیرنەر خاوەنی تۆڕی CNN و لق و پۆپەکانی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و، مەردۆخ بە رەگەز ئوسترالی کە ئیمپراتۆریەتێکی میدیایی هەیە، رەگ و ریشەکەی لە ئوسترالیایە و لقەکانی گەیشتۆتە بەریتانیاو، ئەوروپا و ئەمریکا و، ژاپۆن و چین. هەروەها سیلڤیۆ

بیرلسکۆنی ئیتالّی، کە چالاکییەکانی گۆڕەپانی ئیتالّی داپۆشیوە، سەرەڕای دامەزراوەکانی لە فەڕەنسا و ئەڵمانیاو مۆسکۆ و، وڵاتانیتری ئەوروپای ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات. لەپاڵ ئەمانە زۆر کەس و دامەزراوە و، دەستەیتر هەن کە هێشتا بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ زۆربەی دامەزراوە و پرۆسە میدیاییەکانیان کۆنترۆڵ کردووە، هەر لە بەرهەمهێنانەوە تا دەگاتە دابەشکردن.

## ئەرکەکانی ڕاگەیاندنی جیهانگیری:

لەبەر ئەمە، ڕاگەیاندن چیتر تەکنیك، پرۆسەکان و ناوەڕۆکی نەما، ئەوەی بەر لە ١٠-٢٠ ساڵ لێی دەڕوانرا، ئەو سنوورەش کە شرام و لازویل و، شارەزایانی یونسکۆ بۆ ئەرکەکانی ڕاگەیاندن کێشایان، ئەویش چیتر مایەی جێبەجێکردن نەبوو. ڕاستە ئەرکەکانی ئێستا لە ئەرکەکانی پێشتر زۆر دوور نییە، بەڵام لە هزری بیرمەندان، یان جەماوەر، یاخود هەڵسوڕێنەرانی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی دیاریکراوتر و ڕوونتر بووە وەك لەوەی پێشوو، هەنگاوەکانی تیرنەر و مەردۆخ و بیرلسکۆنی و ئەوانیتر، بۆ شکاندنی کۆتوبەندە ناوەندییەکانی پرۆسەی میدیایی هەنگاوی هەڵەشەیی نەبوون، بەڵکو بەدەنگەوەهاتنێك بوو بۆ داخوازی و مەرجەکانی ئەم قۆناغەی ئێستا و، هەوڵدان بۆ گونجاندنی ئەو دامەزراوانە، لەگەڵ ئەرکە نوێیەکانی ڕاگەیاندن کە CNN بۆتە ناونیشان بۆی.

وەك تۆفلەر ئاماژەی پێ دەدات ئەوەی زیاتر بایەخدارە لە کاروباری لۆردەکانی ڕاگەیاندن ئەوانەن کە خۆی لەوەدا نابینێتەوە کە کامە چەپە و کامە ڕاستە لە سیاسەتوانان، بەڵکو لە پاڵپشتیکردنیانە بۆ کردە زیاتر وەك لە وتە بۆ ئایدۆلۆژیای ئالۆگۆڕ. ڕەچەی نێودەوڵەتی Globalism یان بەلای کەمەوە ڕەچەی سەروو نیشتمانی Supernationalism کە دەربڕینێکی سروشتییە بۆ ئابووری نوێ کە پێویستە لەسنووری نیشتمانیدا کار بکات و، لە بەرژەوەندی خودیی ئیمپراتۆرە تازەکانی ڕاگەیاندنە بایەخ بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدۆلۆژییە بدەن.



لەبەر ئەمە، ئەو چوار ئەرکەی کە لازویل دیاری کردووە، یان ئەرکەکانیتر کە شارەزایانی ڕاگەیاندن لە یونسکۆ بۆیان زیاد کردووە، چیتر لەگەڵ داخوازییەکانی جیهانگیری ناگونجێ، یان گوێڕایەڵی نییە. هەروەها تێزەکانی شرام لەبارەی چواردە ئەرکەکەی ڕاگەیاندن چیتر توانای وەدیهێنانی خواستەکانی ڕاگەیاندنی جیهانگیری نییە و، لەوانەیە بەرهەڵستیشی بکات. بەبازاڕکردنی لۆژیکی جیهانگیری و ئامانجەکانی پێویستی بە ئەرکگەلی نوێ هەیە، دەکرێ تەنیا لەم سێ خاڵەدا دیاری بکرێن، کە تەوەر و پایەی ئەرکە میدیاییەکان لەروانگەی جیهانگیری و ئاراستەکانی پێکدەهێنێ:

١- بڵاوکردنەوەی زانیاری و وای لێبکرێ بەبێ بەرامبەر لەبەردەستی هەمواندا بێ، بەجۆرێك هەر تاك، کۆمەڵە یان دەستەیەك بتوانێ دەستی بکەوێ. بەواتایەکیتر، خولقاندن و بونیاتنانی بنەمای زانیارییەکی یەکگرتوو، کە هەموان بەکاری دەهێنن و، وەك سەرچاوەیەکی سەرەکی مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، بۆئەوەی بەرهەمی کلتووری و مەعریفی و زانستی هەڵبسەنگێنن. بەمەش ڕاگەیاندن دەتوانێ پاڵپشتی دیاردەی جیهانگیری بکات و، لۆژیکەکەی قووڵ بکاتەوە و، وای لێ بکات پەسەندکراوتر بێ و بە بنەمایەکی زانیاری بەربڵاو و، بە تەکنیکێکی پێشکەوتووی زانیاری پاڵپشت بێ.

٢- تواندنەوەی کلتوورە نیشتمانی و نەتەوەییەکان و، کەمکردنەوە سنوورە جیاکەرەوەکان، لەنێوان ئەو پێکهاتانە و، پێکهاتەکانی جیهانگیری کە سەر بە یەك سەرچاوە و، یەك زمانی ناوەندی و، بونیاتێکی هاوبەشی کلتوورییە. ڕاگەیاندن توانی سەرکەوتوو بێ لە بەرجەستەکردنی ئەو ئەرکە و، چالاککردنی و وێکچوونی بۆ لۆژیکی جیهانگیری و ناوەڕۆکەکەی. بەهۆی تەکنیکی ژمارەیی و مانگە دەستکردەکان کە توانای پەخشی ڕاستەوخۆی بەبێ یارمەتیدەر بۆ جەماوەری مەبەستدار، یان هەر بەشێکی جوگرافی لەسەر گۆی زەوی هەیە.

٣- گەشەپێدانی وێکچوون لەنێوان کۆمەڵە و کۆمەڵگە و دامەزراوەکاندا. ڕاگەیاندن تاڕادەیەك توانی پێکهاتە سەرەتاییەکانی وێکچوون لە چەندین بواردا

بونیات بنێ، وەك بەیەكەوەنووسان و بەرهەمهێنان و یەكگرتن و، ئەم پێكهاتانە بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێش پەلیان هاوێشت بۆ پڕۆگرامی كاتبەسەربردن و، تەكنیكی و، زانستی و، نموونەكانی بڵاوكردنەوە و پەخشی ژمارەیی و، بونیاتنانی چەمكە هاوبەشەكان لەبارەی جیهانگیری و سیماكانی كە خۆی لە تۆڕەكانی زانیاری و، تۆڕەكانی گەیاندن و، داپۆشینی میدیایی بۆ رووداوە جیهانییەكان بە هەر سێ رەهەندەكەی ناوەڕۆك، شوێن و كات دەبینێتەوە. جۆراوجۆرێتی كلتووری بە قۆستنەوەی شۆڕش و تۆڕی گەیاندنی جیهانی و پەیكەرە ئابوورییە بەرهەمهێنانەكەی دەبێ، كە خۆی لە تۆڕەكانی گواستنەوەی زانیاری و كاڵاكان و جوڵاندنی سەرمایە دەبینێتەوە، هەروەها جۆراوجۆرێتی یەكخستنی كلتووریی، ئاوێنەی گەشەسەندنی ئابوورییە بۆ جیهانگیری. ئاساییە كە بونیاتنانی كلتووری مرۆڤایەتی لەگەڵ بونیاتی ئابووری زانیاریدا تەواوكار بن، لێرەوە چەمكی كلتووری بۆ جیهانگیری رەهەندێكی ئابووری و میدیایی وەرگرت، بەوەی راگەیاندن ئامرازی گەیاندن و كاریگەرییە بەو بیرۆكە كلتوورییانەی كە داوای لێدەكرێ بڵاو بێتەوە.

لەچوارچێوەی تواندنەوەی سنوورەكاندا، راگەیاندنی جیهانگیری بریتییە لە راگەیاندنی نیشتمان، ئاسمانی بێ سنوور بۆ نموونە نیشتمانی تازەی جیهانگیرییە، ئەویش نیشتمانێكە بۆ راگەیاندنەكەی. ئەو نیشتمانەیە كە تۆڕەكانی گەیاندنی ئەلیكترۆنی تەبەنی دەكات و، لیمفە بینینییەكان بەرهەمی دەهێنێ و شەپۆلە كارۆموگناتیسیەكان دەیگوازێتەوە.

راگەیاندن لە سەردەمی جیهانگیریدا بەو ئامرازانەی كە سنوورەكان دەبەزێنێ توانی كار بۆ گۆڕانی كۆمەڵگە و ژینگە ناوخۆییەكانی وڵاتان بۆ كۆمەڵگە و ژینگەی جیهانی بكات، ئەمەش كاری لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەكان و دروستكەرانی لە وڵاتە جیاوازەكاندا كرد و، چیتر بڕیار و هەڵوێست و لێدوانەكانیان لەچاوی راگەیاندن شاراوە نەبوون و، تەنانەت كاتێك تەنگژە و كێشە ناوخۆییەكان سەرهەڵدەدەن، خەڵك روو لە راگەیاندن دەكەن بۆئەوەی ئاگاداربن چی لە وڵاتەكەیان روودەدات.



بەمەش راگەیاندن بووە یەكێك لە گرنگترین ئامرازەكانی جیهانگیری، لە ئامادەباشكردنی بونیاتی كۆمەڵایەتی و رێكخستنە جیاوازەكانی: ئابووری، كلتووری، سیاسی و مەعریفی، بۆئەوەی لەگەڵ مەرج و پێداویستییەكانی بونیاتی بنەماكانی كۆمەڵگەی نوێی جیهانگیری كارلێك بكات. بەڵام دەكرێ بپرسین: شێوەی كۆمەڵگەی ئامانجدار چۆنە؟ ئایدۆلۆژییەكەی چییە؟ ئەی روانینە كۆمەڵایەتییەكانی بۆ ئایندە چییە؟ ئەو وەرچەرخانە كۆمەڵایەتییانە چین كە تەكنیكی نوێ دروستی دەكات؟

بەپێی بیروڕای JOE R. ئێمە پێویستمان بە پرسیاری لەم جۆرە هەیە، پرسیاری سەرەكی و گەورە لەبارەی ئاراستە كۆمەڵایەتییەكانی ئایندە و، پرۆسەكانی وەرچەرخان كە پیایدا گوزەر دەكات، بۆ گواستنەوە لە كۆمەڵگە هەژارەكانەوە بۆ كۆمەڵگە دەوڵەمەندەكان و، ئەو گرفتانەی كە پێویستە لەسەری بەرەنگاری ببێتەوە، وەك كاریگەری تەنگژە ژینگەییەكان، جیهانگیری سەرمایەداری و كاریگەری لەسەر كۆمەڵگە ناوخۆییەكان، ئاراستە رەگەزپەرستییەكان، جیاكاری رەگەزیی و، دیمەنەكانی دیكەی ستەم.

JOE پێیوایە یەكێك لە گرنگترین پرسیارەكانی گەڕان كە بۆ ئەم بوارە بەسوود بێت، پێویست بە ئاراستەكردنی بایەخەكان دەكات بۆ كاریگەری جیهانی بۆ سیستەمی سەرمایەداری گشتگیر و بازاڕە ئازادەكەی. ئێمە زۆر لەبارەی جیهانگیری سیستەمی ئابووری سەرمایەداری دەبیستین، بەڵام ئەو توێژینەوە كۆمەڵایەتییانەی كە رێژەی ئەم سیستەمە نوێیە و، كاریگەرە فراوانەكانی لەسەر كۆمەڵگە مرۆڤایەتییەكان تاقی دەكاتەوە هێشتا زۆر كەم و دیاریكراوە. بۆیە كۆمەڵناسان داواكراون بۆئەوەی لە داهاتووی دادپەروەری و یەكسانی كۆمەڵایەتی لەنێوان كۆمەڵگەكان بكۆڵنەوە.

پێویستە زانایانی كۆمەڵناسیی زیاتر هان بدرێن بۆئەوەی لە ئەگەر و تواناكان بكۆڵنەوە و، دواتر هەڵیبسەنگێنن و بۆ خەڵك بەگشتی یاخود رای گشتی پێشكەشی

بکەن. واتە لە توانای زانای کۆمەڵناسییە کە لەمیانەی درککردنی بەو ئاراستە و توانا‌کیانەی کە دەردەکەون، یان ئەوەی کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکان هەیە بگەنە دەرەنجام، هەروەها لە درککردنی بۆ ئەگەرەکانی دۆزینەوەی جێگرەوەی کۆمەڵایەتی، لەچوارچێوەی وێنابینینییەکانی ڕێگەکانی توێژینەوە کە پشتی پێ دەبەستڕێ.

لەبەر ئەمە، ئەرکی کۆمەڵناسیی تەنیا دەستنیشانکردنی دیاردەکان نییە، بەڵکو داوا لێکراوە دەرەنجامی ڕوانینە ئایندەییەکانی بونیات و پەیوەندییەکان و، شێوازەکانی کارلێکی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکان و، لەنێوان کۆمەڵگەکان بخاتەڕوو.

هەروەکو ڕوونە، شۆڕشی هاوچەرخ لە جموجوڵی نموونە زۆرەکان و، لێشاوی تیۆر و گوتارەکان، لەبارەی ئاڵوگۆڕی سیاسی، لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕی کردەیی بۆ فۆرمە کۆمەڵایەتییە بە هەژموونەکان زیادبوون بەخۆوە دەبینێ. دروشمی پڕوپاگەندەیی زۆر بڵاو بووەوە لەگەڵ لێشاوی بەرهەمهێنانە پیشەسازییەکان، کە لەپاڵ لێشاوی شێوازە ژیانییەکان ڕوویدا، گەشەسەندنێکی بەرچاو لە وێنە میدیاییەکان بوو. کە ئاسانکاری بۆ ڕاگەیاندنی جیهانگیری کرد، لەمیانەی ساڵانی نەوەدەکان شوێنەواری فراوان لەسەر ڕێکخستنە کۆمەڵایەتییەکان بەجێ بهێڵێ و، بەتایبەتی لەسەر شێوازەکانی بیرکردنەوە و، ڕەفتار و، پەیوەندییەکان و، ڕێگەکانی مامەڵە و، هاریکاری کۆمەڵایەتی و، یەکگرتوویی کلتووری سەرەڕای دیاریکراویی کەناڵەکانی گەیاندن و کەمییەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی ئێستا هەیە. ئازادیی هەڵبژاردن لەبەردەم بیسەر و بینەردا فراوان نەبوو، لەگەڵ وێکچوونی پەیامی میدیایی و تاڕادەیەکی زۆر ڕەگەزیی، بەڵام ئەمڕۆ پێچەوانەکەی ڕاستە، ئازادیی هەڵبژاردنی کەناڵ یان بەرنامە هەیە و، فرەییەکی زۆر لە کەناڵەکان لەپاڵ فرەیی ئامرازەکان و لە پێشەوەیان ئامرازە کارلێککارییەکان هەیە.

جۆرایەتی لە پەیامە میدیاییەکاندا هەیە، باش بێ یان خراپ، گرنگترین ئەوەی کە ناوەڕۆکی پەیامەکان جیا دەکاتەوە جۆرایەتییە، هەروەها وەرچەرخان لە هەلی



هەڵبژاردنی کەمەوە بۆ هەلی فراوانتر تەنیا لەسەر ئاماژەی تەکنیکی کورت نابێتەوە، بەڵکو بۆ قووڵایی بونیاتی کلتووری و سیاسی خودی کۆمەڵگەکە پەل دەهاوێ.

لەبەر ئەمە، لە گەورەترین ئەو گرفتانەی ئێستا کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکان دەبێتەوە -جا کۆمەڵگە تەکنیکییەکان هەرچۆنێك بێت، پێشکەوتوو یان دواکەوتوو- بریتییە لە گرفتی دوارۆژی شپرزە و شڵەژاو، بەهۆی هەڵقووڵانی پەیامە (بەرهەڵستکارە) فرە و هاوچەشنەکان، کلتووری و سیاسی، لەجیاتی پەیامێکی تاك ڕووخساری کە کەناڵە فەرمی یان تایبەتییە دیاریکراوەکان بیڵێنەوە. لەپاشان پلاندانەرانی ڕاگەیاندن ناچارن کە چاو بە داڕشتنەکانی گەشەپێدان و ئاراستەکردن و هاندانی یەکگرتوودا بخشێننەوە.

ئەوەی کە ئەمڕۆ لەوەی پێشتر زەحمەتتر بووە، لەچوارچێوەی ڕاگەیاندن و ئامرازەکانی و، تەکنیکە نوێیەکانی زانیاری.

ئەگەر شۆڕشی پیشەسازی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کارای دۆزیبێتەوە، کە تەکنیکی جیاکەرەوە و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی و، کەناڵە میدیاییەکانی کە بەتوندی بەیەکەوە بەستراون هەبێ، ئەوا ئەو شێوازە ژیانەی کە شۆڕشی زانیاری و تەکنیکی هاوچەرخ بە مەرجی دادەنێ و، کە تۆفلەر ناوی شارستانێتی شەپۆلی سێیەمی لێنا، شۆڕشی پیشەسازی پشت بە بنەماکان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی وزە و شیاوی نوێکردنەوە دەبەستێ و، لەسەر پەیڕەوێکی بەرهەمهێنان کە سەرجەم هێڵەکانی کۆکردنەوە لە کارگەدا ناهێڵێ و، لەسەر بنەماگەلی نوێ نەك دەستبەجێ و، لەسەر دامەزراوەی نوێ دەکرێ ناوی (کوخی ئەلیکترۆنی) لێ بنرێ و لەسەر ئەو قوتابخانانەی کە لە ڕەگەوە بونیاتێکی جیاوازیان هەیە. شارستانێتی تازەش هێمای تازەی ڕەفتاری هەیە کە هاوپێوەریی و هاوسەردەمیی و ناوەندێتی تێدەپەڕێنێ، یاخود بەسەر تەرکیزکردنە سەر وزە و پارە و دەسەڵات بازدەدات کە خۆی لەمانەدا دەبینێتەوە:

**یەکەم**- پێکهێنانەوەی بونیاتی کۆمەڵایەتی Formation of Social Structure.

**دووەم**- دووبارە دانانی پەیکەری بنەما و بونیاتەکانی هۆشیاری مرۆیی.

**سێیەم**- پێکهێنانەوەی بونیاتی ڕێکخراوەیی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان.

**چوارەم**- داڕشتنەوەی مەرجدارێتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی - مرۆیی لەنێوان تاکەکان، کۆمەڵەکان، نەتەوەکان، ئایینەکان، دەستە پیشەییەکان، خێزان، تەمەنە جیاوازەکان، ڕەگەز Gender، دیارترین ئامادەبووش شێوازی پەیوەندییە کلتوورییەکانە Mode of Cultural Relation Ship لەنێوان گەل و نەتەوەکاندا.

لەبەر ئەمە، لەسەر کۆمەڵناسانی Sociologists ئەمڕۆ پێویستە هەموو دەرەنجامەکانی پێشکەوتنەکان یان دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی گەشەسەندنی زانستی و تەکنیکی شۆڕشی هاوچەرخ بۆ پەیوەندیداران و خەڵك وەکیەك بخەنەڕوو و، بەتایبەتی لەبواری پزیشکی ژیانی Biomedicine، کە بایەخمەندە بە لێکۆڵینەوە لە توانای مرۆڤ لەسەر ژیان لە کەشتییە ئاسمانییەکان و ئەوەی پەیوەندی پێوە هەیە. زیرەکیی دەستکرد Aritficial Intelligence و زانستی جینەکان Genetics و، گەیاندنەکان Telecommunications. ڕوانینی ناوەندێتی بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان، بریتییە لە توانای کۆکردنەوە Collect و، لەسەر یەك دانان Amass و، شیکردنەوەی زانیاری Analyze.

ئەمڕۆ پرسی پەرەپێدانی زانیاری و هەڵگرتنی یان جێبەجێکردنی پرسێکی نائامادە نییە، بەڵکو بەپێوەرێکی گرنگ بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دادەنرێ. لە دەیە نزیکەکانی داهاتوودا، شۆڕش لە پزیشکی ژیانی یارمەتی درێژکردنەوەی تەمەنی مرۆڤ دەدات و، توانا مێشکی و جەستەییەکانی بەشێوەیەکی سەیر زیاد دەکات Augment. ژمارەیەك لە زانایانی کۆمپیوتەر پێشبینی دەکەن، لە نزیکەی ساڵی ٢٠٣٠ کۆمپیوتەر لە مرۆڤ نزیکتر دەبێتەوە وەك لە کاتەکانی پێشتر و، لەوانەیە هەندێ هەست و هۆشیاری و زیرەکی لەخۆبگرێ کە مرۆڤ هەیەتی.



ئەوان پێشبینی دەکەن لەداهاتووی نزیکدا توانای کۆمپیوتەر ملیۆنەها جار لە توانای مرۆڤ زیاتر بێ و، لەوانەیە ڕۆبۆت لە مرۆڤ نەرم و نیانتر بێت. قسەکردن لەمبارەیەوە چیتر لە خەیاڵ ناچێت، بەڵکو پرسیارێکی گرنگ دەورووژێنێ لەبارەی ئەوەی شێوەی کۆمەڵگەی دواڕۆژ چۆنە؟! لەوانەیە پرسیارێکی سەختیتر کە پێویستە کۆمەڵناس بەدوایدا بگەڕێ، لەبارەی هۆکاری نشوستی کۆمەڵناسان و، دروستکەرانی سیاسەت و خاوەن بڕیاران و هاووڵاتیانی سادەیە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی ناوەندی یان سەرەکییە لەگەڵ دەرەنجامە کۆمەڵایەتییەکانی شۆڕشی تەکنیکی.